ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێری‌و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
ژماره‌ی تایبه‌تی به‌بۆنه‌ی رۆژی سوپای دلێرمان‌و یادی ١٦ ساله‌ی دمرچوونی (هاوکاری)یه‌وه

پێنج شه‌مه‌ ١٩٨٦/١/٩ ژماره‌ ٨٢٢ | ١٦ لاپه‌ڕه | به‌ ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٦/١/٩ العدد ٨٢٢

سه‌رکرده: بازووه‌کان ئاماده‌یه

سه‌رکرده‌ی فه‌رمانده‌ی هاوکاری‌یان ده‌بێته کاره‌ساتێکی گه‌وره

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌صدام حسین سه‌رکرده‌ی گشتی‌ی هێزه چه‌کداره‌کان‌نه‌وه‌ی دووپات‌کرده‌وه که سووربوونی حوکمڕانانی‌تاران له‌سه‌ر درێژه‌پێدانی شه‌ڕ هیچیان ناهێنێته‌دەستزیانی زۆرترو ویرانه‌ی‌ی زیاتر نه‌بێ‌و .. ئه‌گه‌ر کەسێ‌هه‌بێ وا بخاته مێشکیانه‌وه که به‌هۆی ئه‌م که‌للەڕه‌قی‌یه‌بێهوده‌یه‌وه شتێکیان دەستگیر ده‌بێ ئه‌وه یا ئه‌فامه وه‌کوخۆیانۆ .. یا گومانلێکراوه‌یکه که به دەستی ئه‌نقه‌ستبۆ سوودی تایبه‌تی‌ی خۆی به‌کاریان دێنێ ..

له وتاره ئه‌تموایه‌تی‌یه فراوانه‌یه‌دا که سه‌ره‌کی فه‌رمانده له نێسه‌نگه‌و ته‌له‌فزیۆنه‌وه خوێندیه‌وه به‌بۆنه‌ی جه‌ژنی پیرۆزی سوپامانه‌وه که ئاهه‌نگی بیره‌وه‌ری‌ی شه‌ستوپێنج ساله‌ی دامه‌زراندنی ده‌گێڕێ ،فه‌رمووی توانای سوپایی‌ی عیراق هه‌ر به‌رز دەبێته‌وه‌و باوه‌ڕی ڕۆله‌کانی به‌وه‌ی که دوای ڕۆژ له‌ئه‌ل به‌ردەوامی‌ی شه‌ڕداو .. ئێران هه‌رچی بکا بۆی ناگات‌و .. نابوودی‌ی عیراق پته‌وتره‌و جێگیرتر دەبێ له‌سه‌ر بناغه‌یه‌کی ڕاست‌و ئه‌خشه‌ی ئه‌ستوونما به‌ره‌و پێش دەڕوا له کاتێکدا که ئێران له‌سه‌ر نابووری‌ی شه‌ڕ دەژی به کوله‌مه‌رگی‌و گیروگرفتی نابووری‌و کۆمه‌لایه‌تی تیایا ڕۆژ به ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێ .

ئه‌نجا سه‌ره‌کی فه‌رمانده وتی .. به‌م جۆره دەبینین پاش شه‌ش ساڵ شه‌ڕ له هه‌موو بواریکدا ، عیراق له هه‌موو به‌ره‌یه‌کدا پێش‌ده‌که‌وێ‌و بارودۆخی ئێران به‌ره‌و خراپتر دەڕوا له‌ولاوه .. که‌وابوو ئه‌و ئه‌فامانه گه‌ره‌و له‌سه‌ر چی ده‌که‌ن .. ئایا گره‌و له‌سه‌ر کات ده‌که‌ن که‌ی تاقیکردنه‌وه‌ی شه‌ش ساڵی ڕابوردوو ئه‌وه‌ی پیشان‌داوه که کات له قازانجی ئه‌وانایه .

سه‌ره‌کی فه‌رمانده ئه‌وه‌ی دەسنیشان کرد که ئه‌و کینه‌یه‌ی ئاراسته‌ی سوپای عیراقی مه‌زن‌و دەستکه‌وته‌کانی تر کراوه که عیراقی‌یه‌کان هێناویانه‌ته دی ئه‌وه دەرده‌خا که چه‌نده ئه‌م دەستکه‌وتانه مه‌زن‌و ئه‌م سوپایه چه‌نده مه‌زنه .. چونکه ئه‌و ته‌ماعکارو پیلانگێڕو کینه له‌دڵو تێکشکاو ترسنۆکانه‌ی که چه‌نده‌ها ساڵ به جادووگه‌ری‌و ته‌له‌که‌بازی ژیاون‌و توانای سوپاو وڵاتانی خۆیانیان به‌فێڕۆ داوه‌و نه‌توه‌یان دووچاری به‌زین کردووه ، به‌هۆی ئه‌م دەستکه‌وته گه‌ورانه‌وه که سوپای فادسیه‌ی تازه‌و عیراقی‌یه‌کان به دڵسۆزی‌و سه‌بڕو توانایان هێناویانه‌ته‌دی ، خه‌ویان له چاو براوه .

له کۆتایی وتاره گرنگه‌که‌یا سه‌ره‌کی فه‌رمانده ستایشی هه‌ڵوێستی ئه‌و عه‌ره‌به به‌شه‌ره‌فانه‌ی کرد که له به‌شداری‌یان کردووه له یارمه‌تیدانی عیراق به هۆکاری زیاده بۆ به‌رگری‌و ڕووبه‌ڕووبوونی دەستدرێژی‌ی ئه‌وانه‌ی ڕاسته‌وخۆ به‌شدار ی‌یان‌کردووه له شه‌ره‌فی هه‌ڵگرتنی ئاڵای فادسیه‌ی دووهه‌مداو ، ئه‌وانه‌ی ناسانکاری هۆکاری ماددی جیاجیایان پێشکه‌ش‌کردووه، یا ئه‌وانه‌ی که به دڵێکی پڕباوه‌ڕه‌وه ڕوویان‌کردوه‌ته خوای گه‌وره‌و بۆ به‌رگری‌و سه‌رکه‌وتنمان پاڕاوته‌وه‌و .. ئه‌وانه‌ی که قه‌یه‌کی پیرۆز یا کارێکی پیرۆزیان کردوه.

ئه‌نجا فه‌رمووی سڵاو له هه‌موو دۆستانمان ده‌که‌ین له‌و دەوڵه‌ت‌و جووڵانه‌وه‌و ڕێکخراوو پارت‌و شه‌خسیه‌تانه‌ی که له هه‌ڵوێستی ناشێتیخوازانه‌ی ڕه‌وامان ڕه‌وامان گه‌یشتوونۆ له بواره جیهانی‌یه‌کانا پشتی نارمزووی ناشتی‌یان گرتووه به دەستپێشخه‌ری‌ی تایبه‌تی‌یانه‌ی خۆیان .

ده‌قی وتاره‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده له ل٣،٤ دایه .

له یادی شانزه‌مه‌مین هاوکاری‌دا

سه‌ره‌کی به‌ڕێز چه‌ند گوڵێکی پێشکه‌ش به ڕۆژنامه‌که‌مان کرد

وته‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین

ده‌قی وته‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین له‌کاتی به‌خشینی مێدالیه‌ی ئازایه‌تی‌به فه‌رمانده‌ی هێزی ئاسمانی و ده‌سته‌یه‌ك له هه‌ڵوێزدلێره‌کانمان له‌ڕۆژی شه‌مه ڕێکه‌وتی ٤-١-١٩٨٥ له‌ل٥ دایه .

له یادی ڕۆژی پاڵه‌وانی و سه‌ربه‌رزی دا

له‌م ڕۆژه نه‌مرانه‌دا یادێکی تازه‌مان کرده‌وه‌و به‌ره‌ودوا گه‌ڕاینه‌وه بۆ ساڵانی ڕابوردوو بۆ یادی مه‌زنترین ڕۆژ له مێژووی عیراقی تازه‌دا بۆ بیره‌وه‌ری‌ی له دایکبوونی سوپای خۆشه‌ویستمان له ٦ی کانوونی دووهه‌می ساڵی ١٩٢١ دا . ئه‌م بیره‌وه‌ری‌یه یادده‌که‌ینه‌وه له کاتێکدا که سه‌ربازانی عیراق داستانی سه‌ربه‌رزی دروست ده‌که‌ن له قادسیه‌ی صدامی پیرۆزدا که موعجیزه‌ی مه‌زنه‌و به‌توندی‌و به هه‌له‌مه‌تی دڵێرانه‌و به‌جه‌رگیان ده‌کوتن به‌سه‌ر که‌لله بۆگه‌نه‌کانی حوکمڕانانی تاراندا تاوو باوه‌ڕپێشیان له‌و بیروباوه‌ڕانه‌وه ومرده‌گرن که سه‌رکرده‌ی پاڵه‌وان صدام حسین ئیمانی پێهێناوه .

سوپای عێراق له دامه‌زراندنیه‌وه به‌رگری کردووه له یه‌کێتی‌ی نیشتمانی‌و به هه‌موو دڵنیایی‌و شانازی‌یه‌که‌وه له‌ئه‌ل گه‌ڵدا بووه له هه‌موو ڕابه‌ڕینه ئه‌ته‌وایه‌تی‌و نیشتمانی‌یه‌کانیاو ئه‌و ده‌وره‌ی ئاشکرایه که له شۆڕشی مایسی ١٩٤١ و شۆڕشی ١٩٥٨ و شۆڕشی ١٤ی ره‌مه‌زانی ١٩٦٣ و له شۆڕشی ١٧ - ٣٠ ته‌موزی مه‌زندا گێڕاویه که خاڵی وه‌رچه‌رخاندنی مێژوویی بوو له ژیانی عیراقداو سوپای عیراق گۆڕانێکی فراوانی به خۆیه‌وه دی تیایا له باره‌ی ئامادەکردن‌و بنیاتنان‌و چه‌که‌وه له هه‌موو سنفه‌کاناو لێره‌دا به ئاشکرا سه‌رکه‌وتنی سوپای عیراق دەرکه‌وت له گۆڕه‌بانه‌کانی شه‌ڕداو ئه‌وه‌ی سه‌له‌ماند که نیشتمانپه‌روه‌ریکی ڕه‌سه‌نه له جه‌نگی شه‌ره‌ف‌و سه‌ربه‌رزیدا دژی دوژمنێکی کینه له دڵی چاوبرسی که وبستی خاکی عیراقی به‌رز پیس‌بکا . سوپای عیراق گه‌وره‌ترین سه‌رکه‌وتنی وه‌ده‌ست هێنا له دریژترین جه‌نگی سوپاییدا که ڕووی دابێ ئه‌ك هه‌ر له مێژووی عیراقدا به‌ته‌نیا به‌ڵکو له مێژووی هه‌موو سوپا عه‌ره‌به تازه‌کانا .

بڕوانه ل ١٥

● هاوکاری ●

هێزه پاڵه‌وانه‌کانمان زیانی زیاتر به‌دوژمنی گومڕا ده‌گه‌یه‌نن

هێزه چه‌کداره پاڵه‌وانه‌کانمان له‌م ڕۆژانه‌دا که یادی ڕۆژی سوپای ئه‌مه‌ردی‌عیراقه خۆشه‌ویستی‌و دڵسۆزی‌و وه‌فاداری خۆیان‌بۆ سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین خوا بیپارێزێ که‌ئه‌ندازیارو بنیاتنه‌ری گشت سه‌رکه‌وتنه‌کانمانه له جه‌نگی‌ڕه‌وا‌ماندا جه‌نگی فادسیه‌ی صدامی پیرۆز دژی تاقمه‌دەستدرێژکه‌ره‌که‌ی ئێرانی دوژمن دووپات کرده‌وه .

هه‌ر به‌م بۆنه پیرۆزه هێزه تازاکانمان له‌م ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا دەستی توندو جه‌رگ بڕیان ئاراسته‌ی دەسته ئه‌فامه‌که‌ی ئێران وه‌شاندوه‌و له‌به‌ره‌کانی سه‌رو و ناوه‌ڕاست‌و ڕۆژهه‌ڵاتی دیجله‌و خوارووی جه‌نگدا زه‌ره‌رو زیانی گه‌وره‌یان به‌سه‌نگه‌رو مۆڵگانی دوژمن گه‌یاندوه .

هه‌روه‌ها هه‌ڵۆ دلێره‌کانمان به‌ردەوام بوون له هه‌له‌مه‌ت هێزه چه‌کداره‌کان رایگه‌یاند که‌وا هێزه‌کانی فه‌به‌له‌قی سێی پاڵه‌وان هێرشێکی‌یان بردۆته سه‌ر دوژمنی گومڕا له کێڵگه‌ی خوارووی مه‌جنون و سه‌دان کۆڕاو بریندارو چه‌ندین به‌دیلیان لێگرتن‌و هێزه‌که‌مان له‌و شوێنانه‌ی نه‌خشه‌ی بۆ کێشرا بوو جێگیر بوو بێ‌ئه‌وه‌ی هیچ زیانێك به‌هێزه‌که‌مان بگات .

هه‌روه‌ها هه‌ڵۆ دلێره‌کانمان بردنداو سه‌دان جار هه‌له‌مه‌تیان بردۆته سه‌ر بنکه‌و مۆڵگانی دوژمن‌و دوورگه‌ی وێرانه‌ی خه‌رج‌و هه‌ر له‌م هه‌فته‌یه‌دا دوو پایۆڕی ئه‌وتبه‌ر که‌وتنه به‌ر ساروخی فڕۆکه عیراقیه‌کان ، تاوه‌کو حوکمڕا کومڕاکانی ئێران بزانن که ناتوانن بستێك له خاکی عیراق داگیر بکه‌ن‌و سه‌رکه‌وتن هه‌ر بۆ ئێمه‌یه به‌یارمه‌تی خواو بیری ئێمانه‌وه‌یی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین خوا بیپارێزێ.

هه‌ر له‌م هه‌فته‌یه‌داو بۆ ڕۆژگاربوون له جه‌ره‌وو ستەمێکی خومه‌ینی‌و دەست‌و تاقمه‌که‌ی چه‌ند سه‌ربازێکی ئێرانی به‌نایان هێناوه‌ته ڕیزی هێزه‌کانی پێشه‌وه‌مان‌و به‌سه‌لامه‌تی گه‌یه‌نراونه‌ته بنی به‌ره به سه‌لامه‌تی .

سه‌رکرده‌ی فه‌رمانده صدام حسین دوو بروسکه‌ی پیرۆزبایی بۆ به‌رز ده‌گێڕێته‌وه

به‌ڕێز احمد عبدالقادر ئه‌قشبه‌ندی‌ی سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی کوردستان به ناوی ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌ن‌و جه‌ماوه‌ری ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستانه‌وه پیرۆزبایی له سه‌ره‌کی فه‌رمانده و سه‌رباز‌ه پیرۆزه‌کانی کرد که به‌رگری له سه‌ربه‌خۆیی‌و سه‌ربه‌رزی ده‌که‌ن .

له‌و بروسکه‌یه‌دا که بۆ سه‌ره‌کی به‌ڕێزی به‌رزکرده‌وه وتی له‌م ڕۆژه ئه‌مرانه‌ی مێژووماندا که به جوانترین داستانی پاڵه‌وانی‌و سه‌ربه‌رزی ڕازێنراونه‌ته‌وه که‌ل‌ه‌ماتوویی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین خوا بیپارێزێ.

هه‌ر له‌م هه‌فته‌یه‌داو بۆ ڕۆژگاربوون له جه‌ره‌وو ستەمێکی خومه‌ینی‌و دەست‌و تاقمه‌که‌ی چه‌ند سه‌ربازێکی ئێرانی به‌نایان هێناوه‌ته ڕیزی هێزه‌کانی پێشه‌وه‌مان‌و به‌سه‌لامه‌تی گه‌یه‌نراونه‌ته بنی به‌ره به سه‌لامه‌تی .

سه‌ربه‌رزمان ده‌یدا .

به‌ڕێز بحی محمد رشید سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌ڕاندنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان به‌لێنی به سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین‌دا که هه‌میشه سه‌رباز‌ی دڵسۆزو به‌وه‌فا بن بۆ پاراستنی بیروباوه‌ڕو

بڕوانه ل ١٥

چه‌که گوڵی بۆ هاوکاری

له بیره‌وه‌ری دەرچوونی ڕۆژنامه‌ی هاوکاری‌و مۆمی ته‌مه‌نی شانزه ساله‌ی ،به‌ڕێز احمد عبدالقادر ئه‌قشبه‌ندی سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی کوردستانۆ سه‌رنووسه‌ری گۆڤاری «ئۆتۆنۆمی» ، چه‌که گوڵێکی پیرۆزبایی گه‌یشته‌دەزگاکه‌مان له‌گه‌ڵ ناوانه‌خوازی به‌ڕێزی به به‌ردەوام‌بوونی ڕۆژنامه‌که‌و ئاسۆی پێشکه‌وتنی .

له یادی شانزه ساڵه‌ی ته‌مه‌نی هاوکاری‌دا

ئه‌مڕۆ ڕۆژنامه‌ی هاوکاری بۆی ئایه ساڵێکی نوێی ته‌مه‌نیه‌وه ... شانزه ساڵی پڕ به‌ره‌هه‌و شکۆمه‌ندی‌و سه‌ربه‌رزی .. شانزه ساڵ له خزمه‌تی وشه‌ی کوردیدا. ئه‌توانین بڵێین تاکه ڕۆژنامه‌یه هه‌ر له سه‌ره‌تای ڕۆژنامه‌گه‌ری کوردی‌یه‌وه تاوه‌کو ئیستا توانیوه‌تی ئه‌م ماوه‌یه به‌بێ وه‌ستان دەرب‌چێنێ له پاره‌ی ژماره‌ی لاپه‌ڕه‌کانی له هه‌شته‌وه بکاته دوانزه دیاره ئه‌مه‌ش هه‌مووی بۆ دڵسۆزی و به‌ته‌نگه‌وه هاتن‌و چاودێری کارگێڕانۆ لێپرسراوانی ڕۆژنامه‌که ده‌که‌ڕێته‌وه ، سه‌رمای به‌ته‌نگه‌وه‌هاتن‌و دڵسۆزی سه‌رکردایه‌تی حزب و شۆڕش‌و له‌سه‌رو هه‌مووی‌انه‌وه سه‌ره‌کی فه‌رمانده موهیب روکن صدام حسین خوا بیپارێزێ .

بڕوانه ل ١٥

● هاوکاری ●

Institut Kurde de Paris

بەپێی ئامۆژگاری سەرکردەی سەرکەوتن

خاکمان رزگارکرد

دوژمنمان لە مەجنوندا تێکشکاند

پالەوانانی فەیلەقی سێ هەلیان کوتایە سەر هێزەکانی دوژمنی نانومێد لە ناوچەی مەجنوونی خوارووداو سەدەهایان لێ کوشتن و چەندەها نەوەندەی تریشیان لێ بریندارکردن و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بە دیل گرتن و هەلویست سەقامگیر بوو بۆ هێزەکانمان بێ ئەوەی هیچ زیانێ بدەن لە گیان و شت و مەکدا .

لەم بارەیەوە بەیاننامەی ژمارە ٢٠٧٥ی سەرکردایەتی ی کشتی هێزە چەکدارەکان بڵاوی کردەوە کە لە ڕۆژی جەژنی پیرۆزی سوپای دلێرماندا و بەبێی فەرمان و ئامۆژگاری سەرەکی فەرماندە ، کە باشترین سەرکردەو گەورەترین پالەوانە کە ئەئەوە بووبێتی و ،بە نەخشەی بارەگای فەیلەقی سێی پالەوان بەپێشەوایەتی لیوا ڕوکن ماهر عبدالرشید فەرماندەی فەیلەق و بارەگای هێزی حسین بە پێشەوایەتی عەمید ڕوکن یالچین عمر عادل کە عەقید ڕوکن طاهر عبدالرشید یارمەتیدەریەتی ، هێزەکانی لیوای چلوێزی پالەوان کە عەقید ڕوکن سامی عباس مجول الراوی فەرماندەیەتی و ، لیوای بیست و هەشتی پالەوان کە مقدم ڕکن ابراهیم عدوان پێشەوایەتی لەمەدا مقدم ڕکن عبدالعفیف شیاع محمدو مقدم عدنان خضیر سلمان و رائد غانم عباس ابراهیم و نەقیب سعد لطیف قدوری یارمەتیریان دان ، هەلیان کوتایە سەر دوژمن و بەشێوەیەکی تەواو وردو خاشیان کردن و رایان مالین و لە ئەنجامی نەخشەکێشانێکی ئایابدا توانیان بگەنە ئامانجە دەستنیشانکراوەکانیان و ڕزگاربان کەن و تا قوولایی چەند کیلۆمەترێك خاکی مەجنوونی خوارو لە دوژمن پاك بکەنەوە و دوژمن لێ دەرکەن و هێزەکانمان لە نەخشەی بارەگای فەیلەقی سێی پالەوان بەپێشەوایەتی لیوا ڕوکن ماهر عبدالرشید فەرماندەی فەرماندە ، کە باشترین سەرکردەو گەورەترین پالەوانە کە ئەئەوە بووبێتی و ،بە جێگا ڕزگارکراوە تازەکانیانا جێگیربوون و دوژمنیش سەدەها کوژراوو چەند باری ئەوەیش بریندارو ژمارەیەکی زۆر دیلی داو هێزەکانمان چەك و جبەخانەیەکی زۆری دەستکەوت .

سلێمانی لە ڕۆژی سوپادا

بەریز مامۆستا انور عارف حکمت جێگری پارێزگاری سلێمانی ، لەلیدوانێکا بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری باسی نمو چالاکیانەی کرد ، کە دەستەی ڕاوێژکاری و ڕاگەیاندنی پارێزگای سلێمانی بۆ یادی ٦٥ی دامەزراندنی سوپای دلێر و فارەمان کردوە ..

بەریز پێشەکی باسی ئازایەتی و فارەمانێتی نەو سوپا دلێرەی کرد ، کەچۆن بەنەبەردی هەر بەدرێژایی تەمەنی بر لەشانازی دەوری مەردانەی بینیوە لە پارێزگاری کردنی وولاتدا ، ئەمڕۆش جێگای ڕێزە کە هەموو گەلی عیراقمان لەیادی ڕۆژی نەو پالەوانانەو دامەزراندنی سوپاکەیان ناهەنگ بگێڕین ، نەو بەهێزانەی کە بەخوێن پارێزگاری لە سنورمان نەکەن ، نەو هەلز نازایانەی کە لەگشت شوێنێکی عیراق وەك سوپەرێکی بۆلایەن بەرامبەر دوژمن وەستاون لە ئاسمان و ناوو زەوی و بەرزی شاخ و دەشتایی و هزرەکان ، بەرگری نەکەن ، بەلێ نەو بەچکە شێرانەی عیراقی نەبەزمان کە بەسەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە هەڤالی ئێکۆشەر صدام حسین «خوابیپارێزێ» ئەمڕۆ پارێزگاری ئاپرۆی گەلی عیراق نەکەن و بەهەموو گیان و دلەوە نایەلن ، دەست درێژگەران خاکمان داگیر کەن ، هەر بۆیە ڕۆلەکانی پارێزگای سلێمانی بە شانازی و ڕێزەوە یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە ئەکەنەوە بۆ ئەو مەبەستە .

هەموو شاری سلێمانی ئەڕازێنرێتەوە بە جوانترین ئاڵ و والای ڕەنگاو ڕەنگ و دروشمی تایبەت بەو یادە پیرۆزە ، وێنەی سەرەکی فەرماندە هەڤال صدام حسین «خوابیپارێزێ» لەسەر ڕووی هەموو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیەکان هەلئەواسرێت و ئیزگەکانی ناوخۆ سرودی نیشتمانی بڵاو ئەکەنەوە ، جگە لەو بۆستەرانەی بەو بۆنەوە هەلئەواسرێت ، کات ژمێری یەکەمی دەوامی ڕۆژی یەك شەممە ٥-١-١٩٨٦ لە هەموو فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتی و قوتابخانەیەك تەرخان نەکرێت بۆ لێدوان لەسەر جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆز .

جگەلەوی ڕۆژی ٦ی کانوون ، هەموو دەستەو دایرەکانی سلێمانی ، بێرۆژبابی پێش کەش بەدامودەزگا سەربازیەکان نەکەن ، لەگەل بەریز پارێزگای سلێمانیدا ، ئەچنە دیدەنی سەرکردایەتی لقی سەربازی و سەرکردایەتی هێزی خندق ، هەروەها بەیارمەتی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی عیراق لقی سلێمانی ،ئاهەنگ گێران دەست پێ ئەکات لەگشت قوتابخانەکاندا لە ڕۆژی ٢-١وە تا ٦-١-١٩٨٦ جگە لەریز لێنانی خێزانی شەهیدان و دیل و وونبوەکانی جەنگی ڕەوامان جەنگی

بروانە ل ١٥

ئەوەی دەیەوێت خاکی عیراق داگیر بکات هێشتا لە دایك نەبووە

ئازاد شوان

ماوەی چەند ڕۆژێکە دەنگو باسی نیزگە پێگانەکان و ڕۆژنامەکانی جیهان باسی ئەوە دەکەن کە ئێران بەئەمای هێرشێکی گەورەیە بۆ سەر خاکی عیراق .

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەم هەواڵانە شتێکی نوێ و شاردراوە نین لە لای عیراقیەکان چونکە گەلی عیراق و سوپا پالەوانەکەی هیچ کاتێك خافل نین لە نیەتی پیسی ڕژێمی ئێران و لە هەموو کەسێك باشتر دەزانن کە خومەینی و مەلا ڕیش بۆزەکانی دەورو پشتی هیچ شتێك لە مێشکیاندا نیە لەوە زیاتر نەبێت کە بەردەوام بن لە شەڕ فرۆشتن و پیلان دانان دژی خاکی عیراق و میللەتە سەربەستەکەی کەلی نەیەزی عیراق و سوپا ئازاو بەجەرگەکەی هەموو کاتێك جاو کراوەن و باش تێ کەیشتوون لە جمو جۆلی مەلا کەلحوکانی قم و تاران . زۆر بە باشیش دەزانین و لە هەموو کەسێك چاکتر کە ڕژێمی چەپەلی ئێران بە تەمای چین، بەڵام یا پیاو کوژانی ئێران چاك بزانن کە ئەمجارەش هەر ودکو جارەکانی پێشو بە سەر شۆڕیو مل کەچی دەکەڕێنەوە . با باش تێ بگەن کە ئەمجارە وەکو جارەکانی تر نابێت بەلکو خراپتریان بەسەر دێت و بریارمان داوە بە پشتیوانی یەزدانی گەورە کە ئەمجارە هیجیان نەکەڕێنەوە ،هیچیش ڕەحمیان پێ ناکەین و گوناهی خۆیان لە مل خۆیان چونکو وا دیارە خومەینی و دارودەستە بێ میشکەکانی دەورو پشتی هیچ عیبرەت و کوشش وەرناگرن لە ئەنجامی هێرشەکانی پێشوویان و لە بیریان چۆتەوە کە چیان بەسەر هات لە ڕۆژهەلاتی بەسرەو میسان و پینجوین و مەندەلی و خانەقین و چیا بەرزەکانی کوردستانی خۆشەویست و بەرەکانی تری جەنگ مەگەر لە بیریان نیە چیان بەسەر هات لە (هور الحویزە) چۆن ڕسوا بوون و مەیدانی جەنگیان لێ بوە دۆزەخ ئاگریان تێ بەر بوو لە ژێر گورزی بۆلایینی عیراقیەکان ئەیان نالاند تا ئێستاش لاشەی سەربازو پاسدارەکانیان ماسی و درندەکان لێی دەخۆن و ئەو ناوەیان بۆگەتی کردوە .

ئەگەر بێتو ڕژێمی تاوانبار هەندێك بیر بکاتەوە لە ئەنجامی هێرشەکانی پێشوی و ئەنجامی چی بوو بە چی کەیشتن ئەوا خۆیان لە بەسەر هاتێکی زۆر ترس هێنەرو گەورە لا دەبەن گەر چەندەش دوا ڕۆژێکی ڕەشیان هەر لە پێشە بەڵام لەوانەیە کە هەندێك زیاتر تەمەنیان درێژ تر بێت بەڵام بە پێچەوانەوە وا دەر دەکەوێت کە میشکیان هەر بووچەو کەللەیان هەر ڕەقەو عیبرەت لە ڕابوردو وەرناگرن و هیچ ڕەحمیشیان بە کەلانی ئێراندا نایەت . دەیانەوێ جارێکی تریش لە دۆزەخی جەنگدا بیان سووتێنن بۆیە ماوەیەکە دەستیان کردۆتەوە بە هەڕەشەو گوڕەشەی بڕو بڕج قسەی بێ مانا کە گوایە دەیانەوێ هێرشێکی گەورە بکەنە سەر خاکی عیراق و بە ووتەی بەر سێبەری ئەوان

بروانە ل ١٥

ب بیرهاتنا جەژنا سوپایێ قارەمان

کۆرەکی ئەدەبی لقەزا زاخو هاتە گریدان

ب بیرهاتنا سەرێ ساڵا نوێ و ٦ کانونا دووی جەژنا لەشکەرێ عیراقێ بێ فارەمان کوڕەکێ ئەدەبێ هاتە گریدان لقەزا زاخو .

سەعەت سێی ئێڤاری ڕوژا ١-١-١٩٨٦ لزێر ئاف و ئیشانیت ئەبوەندی دناڤبەرا هوران و سترانا) و مامۆستا خالد حسین یعقوب ڕێڤەبەری ڕوشنبیرنا جەماوەری لدهوکێ بوو .

وێی کوڕی ڤەکێشا پتر ژ دوو سەعەتاو تێدا ب بەرهەمەکی بەحسی هوزانێ و سترانێ هاتە کرن و بەوندیا دناڤبەرا وان داو جەماوەرەکی کەلەك نامادە بوو ژ خاندەڤا و نفیسەڤان و روشەنبیرێت کورد لدەڤەری و ئەڤی کوری ئەکێشا هەتا کاتژمێر پێنج ی ئێڤاری و لدیماهی مامۆستا خالد حسینی ی دەرکەهێ کەنکەشێن ڤەکرو کەنکەشەکا بەرفرە لسەر هاتە کرن و مامۆستا خالدی بەرسڤێت هەمی بسیارێت جەماوەری دا

جسیم دوسکی
لقێ دهوکێ

Institut Kurde de Paris

سەرەکی فەرماندە صدام حسین وتارێکی نەتەوایەتی فراوانی بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی سوپامانەوە ئاراستە دەکات

جیهان واسەیری عیراق دەکا کە هێزێکی سەقامگیر و حاڵەتێکی گەشەداری دوا پرۆژەی

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

ئەی عیراقی‌یە جوامێرەکان
ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە هەموو شوێنێکدا

ئەی جەنگاوەرە خۆشەویستەکان لە هەموو مەیدانەکانی جەنگدا

ئەی پیاوە ئازاکان لە کشت بەشە هێزە چەکدارەکاندا .

لەم ڕۆژە مێژوویی‌یە مەزنەدا ڕۆژی یادکردنەوەی دامەزراندنی سوپای دلێری عیراق .. سڵاوتان لێ دەکەم سڵاوی سەربەزی‌و شەرافەتمەندی‌و سەرکەوتن .. ئەم یادە مەزنە لە مێژووی گەلەکەمان‌و وڵاتەکەماندا سال بە دوای سال زیاتر ئەدرەوشێتەوەو بەتایبەتی لەم ساڵە پیرۆزانەدا .. ساڵانی جەنگی سەربەرز کەرەوە لە پێناو بەرگری‌کردن لە نیشمان‌و پاراستنی عیراقی خۆشەویست لەو هێرشە شەڕاوی‌و فیناوی‌یە پیسانە کە لە ئێرانەوە دێت‌و .. پاراستنی نەتەوەی عەرەبیش لە بەڵای ئەو فیتنەیەی کە وای لێ دەخوازرا کە نەتەوە بەش بەش بکاو بیکاتە بارمتە بە دەست تەماعکارە فیناوی‌یە زایۆنی‌و خومێنیەکانەوە .

سوپای عیراق کە بە درێژایی ڕۆژگار بە هۆی پاڵەوانێتی‌یە جوامێرەکانی‌و فوربانی‌یە بێ‌درێغی‌یەکانی لە جەنگە شەرافەتمەندەکاندا دژی دەستدرێژیکەرە زایۆنی‌یەکان‌و ڕۆڵە مەزنەکانی نیشتمانەکەمان لەهەموو شوێنێک‌و ڕابەرینەکانی گەلدا کە ڕەوتی مێژوویان گۆڕی .. مایەی شانازی‌و پێخۆشحالی نەتەوەی گەل بووە .. ئێمڕۆ پایەیەکی پیرۆزتر‌و بەرزتر لە بەرچاوی عەرەب دەنوێنێ‌و بۆتە جێی ڕێزلێنانی هەموو ئەو شەرافەتمەندانەی کە هەست بە شانازی دەکەن بەرامبەر هەموو دەسکەوتێک کە نەتەوە لە ڕێبازی ڕابەرین‌و پێشکەوتن‌و ... تواناداری‌و نەبەردیدا بەدی دێنێ .. ئێوە ئەی جەنگاوەرە ئازاکان‌و .. ئەی عیراقی‌یە جوامێرەکان ئەو هەستە پڕ خۆشەویستی‌و پێخۆشحالی‌یە بەدی دەکەن کە ئەو بڕایانەتان دەری دەبڕن کە سەر لە عیراق نەدەن ، یاخود ئەوانەی کە لە هەموو شوێنێکدا لە جەنگە پیرۆزەکەی ئەدوێن ..

ئەو پایەی ئێمڕۆ کە سوپای عیراق پێی گەیشتووە. جاران خەونی ئەو پیاوە دڵسۆزانە بو وکە شەست‌و پێنج ساڵ لەمەوبێش لە دروستکردنی ئەم سوپایەدا بەشداری‌یان کردووەو لەم ساڵە دورو درێژانەدا تیایدا خزمەتیان کردووە .. ئەم خەونە گەورە کە زۆر لە ڕۆڵەکانی نەتەوە لە بیستەکانەوە تا ئێمڕۆ هاوبەشی‌یان تیدا کردووە .. بۆتە ڕاستی‌یەکی ئاشکراو بە هۆی بە توانایی‌و ئازابەتی‌و ئارام‌گرتن‌و فوربانی‌و درێغی‌نەکردنتانەوە ئێوە ئەی ئەو پیاوانەی لە سەنگەرەکانی سەربەزی‌و شەرەفداربدا سنگتان داکوتیوەو بەرگری لە عیراقی مەزن‌و بیروباوەڕەکانی نەتەوەی عەرەب‌و ئاسایش‌و شەرەفی نەتەوە ئەکەن ؛ ئەم ڕاستی‌یە دڵنیایی دەنوێنێ‌و هیوایەکی گەورە دەبەخشێ .

ئەوەی ئرخی بەرزی ئەم دەسکەوتە زیاتر زیاد دەکا بنیاتنانی ئەم سوپایەو ئەو ڕادە بەرزەی پێی‌گەیشتووە کە پاڵەوانێتی‌و بە توانایی دەنوێنێ ، لە چوارچێوەی بیاتنانێکی فیکری‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەکی وەك یەك لە عیراقدا بەجێ هێنراوە .. کە ئەمەش هەر خەونی ئەو ئێکۆشەرانە بووە کە خواستیان پێشکەوتن‌و دابینکردنی پێداویستەکانی ژیان بووە لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی بەرەنگاربوونەکانی چەرخی نوێ‌و ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەو پیلان‌و مەترسی‌یانەدا کە دەوری عیراق‌و نەتەوەی عەرەب ئەدەن .. ئەو فیتنەی ئاراستەی ئەو سوپا مەزن‌و ئەو دەسکەوتانەی تر دەکرێ کە عیراقیەکان بەدی‌یان هێناوە ، لە واقیعدا بارستایی کرنگی‌ی ئەم دەسکەوتانەو مەزنیەتی ئەم سوپایە دەنوێنێ ..

ئەو تەماعکارو پێلانگێڕو فین لەبەرو ترسنۆکانەی کە ساڵانێکی درێژ لەسەر جادوگەریەتی ژیان‌و توانای سوپاو وڵاتەکەیان لە دەست داوەتەوەیان بە بەزاندن دا .. چاویان بەو دەسکەوتە گەشەدارانە هەڵنایە کە سوپای قادسیەی نوێ‌و عیراقیەکان بەدڵسۆزیەتی‌و بە ئارامی‌و بە بەتوانایی خۆیان بەدیی‌یان هێناوە .

بەرامبەر ئەم ڕاستی‌یە ئاشکرایە دەستەی جادوگەرو فین لەبەری چۆك دادراو لە تاران زیاتر بەرەو نشوستی دەخلیسکێ‌و .. کەچی لەگەڵ ئەم نشوستی‌یەشدا زیاتر بڕ لە خەیاڵە پووچەکانی دەکاتەوە .. ئەمان لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاستیەکانی ئەو زۆرانبازی‌یە دەزانن کە لە نێوان ئێمەو ئەواندایە لە سەرەتای ئەو جەنگەوە کە بۆ فین‌ڕشتن‌و بەرفراوانی‌و دەستدرێژی‌کردن بەسەر ئێمەبانداندا سەپاندووە ، بەڵام بۆ ئەوە نە دەچوون کە هەوڵ‌وتەقەلایان تێکڕا بە فیڕۆ بڕواو هێرشەکانیان یەك لە دوای یەك تێك‌و پێك بشکێ .. لەگەڵ دووبات‌بوونەوەی بەزینەکانماندا وایان لێ‌هاتوە زیاتر قسەی بۆش‌و داوای پڕوپووچ بەرز بکەنەوە ، ئەمە نەك بەڵگەی هێزێکی ڕاستەقینە یاخود توانایەکی دیاریان بێ ، بەڵکو وەك بەڵگەیەك .

بۆ ئەو حاڵەتە نشوستیدارەی سەرنەکەوتن‌و مایە پووچەی ساڵ بە دوای ساڵ‌و بەزین دوای بەزین لێ‌ی کەوتوون .. ئەمە ئەنجامی ئەو سەرنەکەوتنە تاڵیە لە بەردەم ئەم کێوە بەرزەدا کە قادسیە دروستی کردووە .. سوپای عیراقی مەزن‌و .. دەسکەوتە مەزنەکانی گەلی پیرۆزی عیراق ..

ئەی ڕابیان

هەر لەم ڕۆژەدا ساڵی ڕابوردوو کە بەم بۆنەیەوە قسەم دەکرد بە هەستی دڵسۆزیەتی‌و جاکەوە دەستە جادوگەرەکەی تاڕانم سەبارەت بە بەردەوام‌بوون لەسەر سووربوون‌و ئووت بەرزی وریا کردەوەو ... ئەم کارەساتانەم بیر خستەوە کە لە شەڕەکانی شوباتی ساڵی ١٩٨٤دا یەسەربدا هات‌و پێم وتن کە دووبات بوونەوەی دەستدرێژی‌کردن لە کارەسات‌و ماڵ‌ویرانی بەو لاوە هیچی تری دەست ناخا .. بەڵام ئەم دەستە شەڕانی‌یە کە کەللەی بۆشی بە خەیاڵ پڕ کردووە گوێی بۆ ئامۆژگاری‌یەکە نەگرت‌و ملی بەرەو ئەو ئاشتی‌یە عادیلانەی شەرافەتمەندە نەنا کە بۆ خوێن کوژاندنەوەو پاراستنی بەرژەوندی‌یەکانی هەردوو وڵاتی دراوسێ‌و ئاسایش‌و سەقامگیری ناوچەکە خستمانە ڕوو ، هەروەك لە ساڵەکانی پێشوودا خۆی تێوەگلاند ، خۆی لەسەرکێشی دەستدرێژکردنێکی بەرفراوان بۆ سەر عیراق گلاند .. کە ئەمەش لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٥دا بوو .. لەم سەرکێشی‌یەدا کە هەرچی چەکێکیان هەبوو بۆ تەرخان کردو هەر شێوەیەکی فێڵبازی‌و ساختەکاری‌یەتی هەبوو بەکاریان هێنا بەر ئەو شاخە ئاگربنەکەونی کە عیراقی‌یەکان پێکیان هێنا بوو و کە هێرشەکەیانی لەت‌و پەت کردو کردیە کارەساتێکی تۆقێنەر بەسەر سەری دەستدرێژیکەرەکاندا ..

دوای ئەوەی ئەو دەرسەمان دانێ کە شایستەیانە جارێکی تر دەستی ئاشتبەکی عادیلانەو شەرافەتمەندمان بۆ ڕاکێشان .. بەڵام دەستەی نقوم‌بوو لە تاواندا‌و نقوم‌بوو لە لینەی سەرنەکەوتن‌و خەیاڵدا نەیتوانی لە ڕقو قین‌و شەڕانیەتی‌و خەیاڵە پووچەکانی خۆی ڕزگاری ببێ‌و .. دووبارە هەر لەسەر عینادی خۆی سووربوو‌و لە لێدانی تەبلی جەنگ بەردەوام بوو .. و ئەو قسەیە بێ بایەخانەی لێ دەدایەوە کە گوێ لێ‌یان بێزار بوو بوو . لەم ڕۆژانەدا دەستەی جادوگەرو شەڕخواز دووبارە بە شارو دێهاتەکانی ئێراندا دەخولێنەوە بۆ ئەوەی بە زۆرو بە ڕێبازی جادوگەری‌یەکی ئاشکرا ژمارەیەکی تازە لە گەمژەو دواکەوتوو‌و بێ دەسەڵاتان کۆ بکاتەوەو بەرەو قەبرستانەکانی مردن لە بەرەی عیراقی نەبەردا بیانێرێ ، هەروەها هاواری پووچ‌و داوای بۆشی لێ بەرز کردۆتەوە وەك نەریتی جادوگەرو تەلەکەبازان کە لە هەر سەرکێشی‌یەکی سەرنەگرتوودا دەبگرنە بەر .

هەر وەك لە ساڵی ڕابوردوودا پێم وتن . ئێمڕۆش بێ‌بان دەڵێم .. ئێمە وا لەگەڵ هات‌و هاوارەکانتاندا ڕەفتار دەکەین کە بەڵگەیەکی هەست پێ‌کردنی قووڵی ئێوەیە بە بەزین‌و نشوستی .. و هەروەك لە ساڵی ڕابوردوودا سەرکێشی‌یە پووچەکەتان هاڕدرا ، بازووە پۆڵاینەکانی عیراقیەکان چاوەڕێتانە بۆ ئەوەی ئەمجارەش بتانهاڕێ‌و کەللەسەرە پووچەکانتان نە لینەاوی بەزیندا بکەوزێنن‌و ئاوەکانی زۆنگ‌و هەموو بەرەکانی تر بکەنە قەبرەستانێکی تێکڕایی بۆ هێزە دەستدرێژیکەرەکانتان .. خۆ ئەگەر سەرکێشی‌یەکەی ساڵی ڕابوردووتان بە کارەساتێکی گەورە وەرچەرخابەوە .. وا سەرکێشی داهاتووتان کارەساتێکی گەورە تری لێ‌یەبدا دەبێ‌و ئەنجامی ترسناکی لە مەیدانی سەربازی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و دەرونیدا دەبێ .

ئەی ڕابیان

داواکردنمان بۆ ئاشتی هەمیشە لە مەوقیعی بە توانایی‌و لە مەوقیعی هەستکردن بە بەرپرسیاری بەرامبەر گەلەکەمان‌و بەرامبەر ناوچەکە هەڵقوڵاوە .. لەو ڕۆژەوە کە ڕژێمی ئێران دەستی بە خۆلێدانی عیراق‌و دەستدرێژی بۆ سەر سەربەخۆی‌و ئاسایشی کردوە ئەو ڕژێمەمان لە ئەنجامی خرابەکردن بەرامبەر عیراق‌و دەستدرێژی‌کردنە سەری وریا کردۆتەوەو داواکانی کە لە ڕقو قین‌و شەڕانیەتی‌و خەیاڵە پووچەکانی خۆی ڕزگاری ببێ‌و .. دووبارە هەر لەسەر عینادی خۆی سووربوو‌و لە لێدانی تەبلی جەنگ بەردەوام بوو .. و ئەو قسەیە بێ بایەخانەی لێ دەدایەوە کە گوێ لێ‌یان بێزار بوو بوو . لەم ڕۆژانەدا دەستەی جادوگەرو شەڕخواز دووبارە بە شارو دێهاتەکانی ئێراندا دەخولێنەوە بۆ ئەوەی بە زۆرو بە ڕێبازی جادوگەری‌یەکی ئاشکرا ژمارەیەکی تازە لە گەمژەو دواکەوتوو‌و بێ دەسەڵاتان کۆ بکاتەوەو بەرەو قەبرستانەکانی مردن لە بەرەی عیراقی نەبەردا بیانێرێ ، هەروەها هاواری پووچ‌و داوای بۆشی لێ بەرز کردۆتەوەو

سەرەکی فەرماندە صدام حسین وتاریکی نەتەوایەتی فراوان

بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی سوپامانەوە

جیهانی بە تەواوی .. ئەمە بەرهەمی ئەو ئازایەتیو توانادارییو ئارامگرتنەبە کە پیاوە دلێرەکانی عیراق لەم جەنگەدرێژو پیرۆزەدا دەریانبڕیوە کە بووەتە بایەخێکی بەرز نەك هەر لە مێژووی عیراقدا بەڵکو لە مێژووی نەتەوەداو لە نێوان رووداوە گەورەکانی جەرخی نوێدا ئەو بەرهەمی ئارامگرتنی ئافرەتانو پیاوانی عیراقە .. بەرهەمی ئەو بەخشنەبانە کە دوایینایەو ئەو درێغینەکردنەبان کە وەستانی نیەو ئەو لەسەر سوورڕبونە نووڵو هۆشمەندانەبان کە لە بەرەنگاربونی شەڕو دەستدرێژیو بەردەوام بونیان لەسەر بنیاتنانی ژیان لە هەموو مەیدانەکاندا هەبانە .

بەم هۆیانە سوپاس بۆ خوا توانیمان درێژە بە تێکۆشانمان بدەینو لە کاروانی بیناکاریدا بەردەوام بینو ئێمە لەو باوەڕە قووڵەدابین کە ئەو رێبازەی زۆرەوە ململانێی هێزە شەڕخوازو تاریکی خوازەکان دەکا .. بە ناوی خۆمو بە ناوی سەرکردایەتیبەوە سڵاوتان لێ بێو سڵاوی هەموو ئافرەتان وپیاوانی عیراقتان لە هەموو لایەکانی نیشتمانی خۆشەویست لێ بێ .

ئەی برایان

ئەی جەنگاوەرە ئازاکان .. هەروەك گەل لە مەیدانەکانی ئیش‌کردنو نەبەردیو بەخشندا نەخشەکانی دوژمنو نیازە شەڕانیبەکان سەرسام دەکا جەنگاوەرە ئازاکانیشمان لە مەیدانی زۆرانبازی سەربازیدا سەرسامیان کردونو بە کردەوەی بەرچاو بۆیان ساغ دەکەنەوە کە درێژەدان بە ماوەی جەنگ لە لاوازیو لە ناوچونو بەزین بەو لاوە هیچی تر بە دەستدێژیکەرە شەڕخوازەکان ناگەیەنێو ئەمەش سەبارەت بە هێزە چەکدارە ئازاکانمان بێت بەخوا مانای بەهێزی‌یەکی زیاترو بە بەتوانایی‌یەکی زیاترو سەرکەوتنێکی زیاترە .

لە تاج المارەدا سوپای عیراق دەری‌خست کە هێزێکە دوژمن ناتوانێ زەفەری پێ بەرێ هەر چەندێی توانای ئادەمیزادو سەربازی بۆ کۆ بکاتەوە .. دوای ئەو مەلحەمە گەورەیەو ئەو بەزینو مایە پووچیەی تێیدا بەسەری هات ، دوژمن پەنای بردە بەر شێوەی پەلاماردانی بچووك بچووكو مام‌ناوەند لەگەل درێژەپێدانی کارەکە بۆ ماوەیەکی درێژ لە جیاتی پەلاماردانی بەرفراوانو ئەم شێوەیەشی بە شێوەیەکی تایبەتی لە سەرەی ژوورووی مەیدانەکانی جەنگەو بە شێوەیەکی گشتی لە مەیدانەکانی تری جەنگدا بەجێ هێنا .. دوژمن وای خەیال کردبوو کە کە بەم شێوازەی دەتوانێ توانا سەربازی‌یەکانی عیراق کزی پێ بێنێو دەتوانێ ئەمە بەجێ بێنێ کە لە پەلامارە تێکشکاوەکانی پێشوویدا بۆی بەجێ نەهاتووە .. بەڵام ئەمجارەش دووبارە بە دەست پێشکەری کردنی عیراقی‌یەکان بە بەربەرجدانەوەی ئەم شێوازەی سەرسام کرا ، بەربەرجدانەوەیان خێراو بنەبڕو دەست پێشکەرانە بوو .. عیراقی‌یەکان بە توانادارییان بە هەڵکوتانە سەری یەك بە دوای یەكو گورج‌و گوڵ لە پاڵ مایە پووچ‌کردنی تەقەڵاکانی دوژمنو دواپێچانی شەڕەکان بە سوودی خۆیان دوژمنیان سەرسام کردو ئەمە دوژمنی خستە شێواویو فەشەل بوونو بەرامبەر بەوە سەرکەوتنێکی سوپایی‌و مەعنەوی نوێی بۆ هێزە ئازاکانمان بەدی‌هێنا .

کاتێ لە رۆڵی ئیمانداره عیراقی‌یەکان لە زۆرانبازی ئازایانەدا ئەدوێێ پێوستە بەشانازییەکی بەرچاوەوە لە هێزە پاڵەوانەکەی ئاسمانمان هەڵۆ دلێرە قارەمانەکانمان بدوێین .. ساڵی ١٩٨٥ بەڕاستی ئەو ساڵە بوو کە پیاوانی هێزی ئاسمانی عیراقی لە حالەتێکی دەرکەوتوودا تێدا دەرکەوت .. لە ساڵی رابوردوودا فڕۆکەکانی عیراق بە بەردەوامیو سوورڕبونێکی بێ‌پایانەوە تەواوی ئاسمانی ئێرانیان داپۆشیبوو دەستەشەڕانیو دەستدرێژیکەرەکەیان لە تاران‌و شارەکانی تردا تێکەپاند کە ئەوان لە ژێر گورزی هەڵۆکانی عیراقدان کە دەتوانن راوبان بنێن‌و لە هەر شوێن‌و لە هەر جێ‌یەك بن ئابلوقەیان بدەن .

لە ساڵی ١٩٨٥دا ئاسمانی دوورگەی خەرج بووە باریگای هەڵۆکانی عیراقو بە وردی‌یەکی زۆرەوە بەسەر دوورگەکەدا دەکشان‌و زیانی گەورە گەورەیان لێ داو هێزو توانای دوژمنیان لە نەوت ناردن کە بۆ باریدەدانی ئامرازی جەنگ‌و دەستدرێژی‌کردن بەکاری دەهێنا کەم‌کردەوەو .. بەمە موفاجەئەیەکی بەدی‌هێنا کە شوێنەوارێکی گەورەی سەوقی هەبێ .. لە کاتێکدا کە دوژمن هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی گەلەکانی ئێرانی ئەدا بەوەی کە توانای دابینکردنی پێداویستەکانی دەستدرێژی‌کردنی هەیە ، هەڵۆکانی عیراق بە رۆڵێکی دەرکەوتووەوە بۆیان سەلماند کە ئەم نەخشەیەی هیچ زامنی‌یەکی بۆ نارەخسێنێ‌و هەروەها بۆیان دەرخست کە بە پێچەوانەی خەیالی ئەمەوە داهاتەکانی لە مەترسیدان‌و .. نەخشەی لە درێژەپێدانی جەنگ‌و توانا لاواز کردندا . خۆی لاواز دەکاو کارەساتی ئابووری بە پاڵ کارەساتەکانی تری مەیدانەکانی کە بە سەردادێنێ .. خوا .. دەست بە باڵی هەڵۆکانی عیراقەوە بگرێ .

بەڕاستی ئەو مەجەکە درێژو بە توانایەی عیراقن کە بێ‌ی یاری سەری دەستدرێژیکەرە شەڕخوازەکان دەکوترێتەوەو ئاسمان‌و خاکیشی بێت لە شەڕو غەدرکردنیان دەبارێزێ .

سەرەڕۆی داهاتویان دەبێتە کارەساتێکی گەورە

ئێوە ئەی پیاوە دلێرەکان لە هەموو مەیدانەکانی جەنگدا لە جەژنانداد سڵاوی رێزو خۆشەویستیتان لە دڵێکەوە بۆ تازە دەکەمەوە کە هەموو نموونەیەکی چاکە خوازی پیاوانی ئەتەوەکەمان لە ئێوەدا بەدی دەکا ، لەوانەی کە کردومانە نموونەیەکو لە تێکۆشانمانو لە دژوارترین دۆخ‌و باری ژیان‌و جەنگدا چاویان لێ دەکرێ لە راستیدا سەرکەوتنی بەکجارتیان ئەی پیاوان نزیکەو مێژوو بە سەرسوورمانێکی تایبەتیەوە یادی ئارامگرتن‌و لە خۆبوردن‌و توانادارییتان دەکاتەوەو ئەوەکان یادی باڵەوانێتی‌و قوربانیەکانتان دەکەنەوەو کردەوە مەزنەکانتان‌و پیرۆزیەتی سەرکەوتنەکانتان بەسەر دوژمندا نیشانەیەکن عیراقی‌یەکان بە پیاوو ئافرەتەوە سەربەرزی پێوە ئەکەن‌و عەرەبە شەرافەتمەندو بە وێژدانەکانیش لەم جیهانەدا شانازی پێوە دەکەن .. هەروەك وان بە ئازایەتی‌و دلێری‌یەکی هەڵکەوتووەوە شەڕتان کردو شارەزایی‌یەکتان دەرخست کە بەرهەمی بڕوابوون‌و ئارامگرتن‌و داهێنانەو بڕواتان بە مافتان‌و بڕوباوەڕی گەلەکەتان‌و ئەتەوەکەتان تا ئەو رادەیە بوو کە تێیدا بوونە نموونەیەك چاوی تێ بڕدرێ، ئێوە بەوەی پێشکەشتان‌کردوە لە گەلەکەتان‌و لە سەرکردایەتیەوە شایستەی خۆش‌وویستێکی هەمیشەیی‌و رێزگرتنێکی بەرخەن .. خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ‌و لە هەموو خراپەیەك بتپارێزێ .

بە پاڵ ستایش‌کردنی هێزە چەکدارەکان‌و رێزراگەیاندنێکی زۆر بۆی هەروەها رێزیش بۆ پاڵپشتی ئەمێنێ هێزە چەکدارەکان ، سوپای میللی‌و تێکۆشەرانی حزب‌و جەماوەرەکانی گەل کە شان بە شانی یەك بۆ بەرگری‌کردن لە عیراقی مەزن جەنگاون .

بەم بۆنەیەوە پێویستە ستایشی هەڵوێستەکانی ئەو پیاوانە بکەین کە بڕوایان بە بڕوباوەڕی گەلەکەیان هەیەو ئەوانەی شەرەفی نیشتمانی‌و سەربازی خۆیان دەپارێزن‌و بە ئەبەردی‌یەکی گەشەدارەوە لە قەفەسەکانی ئەسیریدا لە ئێران لە بەردەمی هەوڵ‌و تەقەلا بێ نرخەکانی ئارەزوو بەبەرکردنداو لە بەردەمی ئازاردان‌و سزادانی وەحشیانەدا بەرگری لە شەرەفی نیشتمانی‌یان دەکەن ... ئەو وێنە قارەمانیەتیانەی لەسەر ئەوان‌و لەسەر ئەبەردیەتی گەشەداریان پێمان گەیشتووە شانازی‌و سەربەرزیمان بەرامبەر هەڵوێستەکانیان تێدا تازە دەکاتەوەو هەڵوێستی لەوان چووی هاوڕێ‌و براکانیان لە بەندیخانەکانی زۆرداراندا پێش شۆڕش بیر دەخاتەوە ، لە هەموو حالەتێکدا هەڵوێستی ئەبەردانەی بەڕواو ئەو باڵەوانیەتیەی پیاوانی عیراق لە ناو ئەفەسەکانی ئەسیریدا لە ئێراندا تێیدا وەستاون نیشانەی پیرۆزی‌و شانازی خۆیان‌و خێزانەکانیان دەبێ کاتێ بشت بە خوا بۆ ئاهەنگێران بە سەرکەوتن هەموان یەکتر دەگرنەوە .

ئەی برایان .. ئەی ئەو ئالا بەرزانەی لە هەموو شوێنێکدا دەشەکێنەوە کاتێ بە ناوی ئێوەو بە یاریدەی خوا بە توانایی‌و ئامادەییمان بۆ هاریی کەللەسەرە شەڕانی‌یە گومانلێکراوەکانی ئێران دووبات دەکەبنەوە ، ئەگەر هانو دەستیان لە دوژمنکاری‌و لووت بەرزی خۆیان هەڵنەگرت ، دەبێ لە پاڵ ئەوەشداو بە هەمان عەزمەوە ئەوە دووبات بکەبنەوە کە ئەوەی ئێمە هەوڵی بۆ ئەدەین بەدێهێنانی ئاشتی‌و پێکهێنانی پەیوەندی دراوسێیەتی‌و دەستدرێژی نەکردن‌و دەست نەخستنە کاروباری ناوخۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر یەکێ لە گەلی عیراق‌و لە گەلانی ئێران لەسەرخاکی خۆیان هەر کەس گەورەی خۆی‌و سەربەست لە هەڵبژاردنی رێبازدا بژین . بە توانایی پەرەسەندووی عیراقی مەزنمان زیاتر عەزممان لەسەر ئەو رێبازەدا بە بەردا دەکا کە رێبازی مرۆڤایەتی یەکە چاوی بڕیوەتە بیناکردن‌و ئارامیەتی‌و ئازادی‌و هاوکاری لە جیهانی ئیمرۆدا .

بەم بۆنەیەوە سڵاو لە هەموو ئەو عەرەبە بەشەرەفانە دەکەین کە بە هۆکانی تری بەرگەگرتن‌و رووبەڕووبونی دەستدرێژی بەشداری‌یان لە بارمەتیدانماندا کردووە ، چ ئەو کەسەی راستەوخۆ هاوبەشی شەرەفی هەڵگرتنی ئالای قادسیەی دووەمی کردین ، یا ئەو کەسەی بەکار بۆ سوودکردن‌و هۆ ماددی‌یە جیاجیاکان یارمەتی داوین ، یاخود ئەو کەسەی بە دڵێکی بە ئیمانەوە رووی کردۆتە خوای پەروەردگارو دوعای خۆراگرتن‌و سەرکەوتنی بۆ کردوین .. یا ئەو کەسەی وشەیەکی پیرۆزی وتوەو یاخود کارێکی پیرۆزی بەجێ هێناوە ..

هەروەها سڵاو لە هەموو ئەو دەوڵەتو بزوتنەوەو رێکخراوو پارت‌و شەخسیەتە دۆستانە دەکەین کە لە هەڵوێستی ئێمەی ئاشتی عادیلانەو شەرافەتمەند خواز گەیشتون‌و بە دەست پێشکەری‌یە تایبەتیەکانیان یاخود لە کۆڕە دەوڵەتی‌یەکاندا لایەنی بانگەوازی ئاشتی‌یان گرتووە .

ئێوەش ئەی شەهیدە نەمرەکان ، ئەی ئەوانەی خاکی عیراق‌و شەرەفی ئافرەت‌و پیرۆزی بیروباوەڕەکانیتان پاراستو لە پلەی بڕوا بوون بە بیروباوەڕەکان‌و قوربانی بێ ردێغیداو هەڵوێستی پرشنگدارتان رو بە رووی داگیرکەرە دەستدرێژیکەرەکان پێش ئیمانداره‌کان کەوتن .. ئێوە بەخوا گلێنەی چاون‌و لەدڵی هەموواندان‌و ئێوە لە هەموو سەعاتەکانی شەوو رۆژماندا لەگەڵماندان‌و .. لەگەڵماندان کە ئێمە دەڕوانینە مژدەی ئەو سەرکەوتنە جەسیبوەی کە ئێوە شەبەقیتان لە ئاسۆی عیراقی خۆشەویستدا دروست کرد ..

ئێوە ئەی نەمرەکان لەگەڵماندان‌و رووی نیشتمانمانتان پێ کردووە لە خۆشەویستی‌و چاکەخوازی‌و گەشبینی ، لە ئێوەوە مانای قوربانی فێر دەبین‌و لە باڵەوانیەتی‌یە بێ هاوتاکانتان عەزم‌و ئیرادە وەربگرین .. با کاروانی سەربەرزی‌و سەرکەوتن درێژە بێ بدەین ، با چاوتان گەشاوە بێ ئەی نەمرەکان وا مژدەی سەرکەوتنێکی یەکجاری ئاسۆی پڕ کردووەو ئەو خاکەی ئێوە بە خوێنی خۆتان داشتوتانە هەر خۆشەویستو پارێزراو دەبێ‌و ئەو ئالایەی خۆتان بۆ فیداکرد هەر پارێزراو دەبێ‌و لە هەر لایەکی نیشتمانە بە نرخەکەتاندا درەختێکی بەردار دەڕوێ‌و لەسەر هەر پەلەیەکی ئالای پیرۆزی‌و سەربەرزی هەڵدەدرێ .. ئێوە سەربەرزی ئێمەو نموونەی رۆڵەکەنمانو جێی شانازی ئافرەتانمان‌و مایەی پیرۆزی پیاوانمان .

ئەوەکان بەسەربەرزیەوە یادی ئەو وەستانە شەرافەتمەندو لە خۆبوردنە دەکەنەوە کە راوەستاون‌و کە بێ‌ی شانازی‌یەکانی باپیرانتان‌و نموونە بەرزەکانی سەربەرزی ئەوانتان لە فیداکاری‌و قوربانیدان‌و بەرگری‌کردن لە ئالاو بیروباوەڕەکان زیندوو کردۆتەوە .. با گیانتان بە بەهەشت شاد بێ‌و ئێوە وا لە خۆشەویستی‌و رەزامەندی خوادان‌و خوای خۆشەویست‌و پەروەردگار لێتان خۆش بێ ..

خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ ئەی عیراقی‌یە جوامێرەکان لە بەخشش‌و ئازایەتیتان‌و خوا بتپارێزێ‌و چاوەدێرتان بکاو ئێوە بەخوا هەر سەرکەوتوون .

سڵاو رەحمەت‌و بەرەکەتی خواتان لێ بێ .

Institut kurde de Paris

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی بەخشینی میدالیای ئازایەتی بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و کومەڵێک لە هەڵوێستەکانمان

سەرەکی فەرماندە موهیب روکن صدام حسین سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ئەوەی دووپات‌کردەوە کە جەنگی درێژخایەن هەمیشە پێویستی بە تازەکردنەوەی ئەو شێوەو ڕێبازانەیە کە بەکازدەهێنرێن تیایا چونکە ڕاهاتن وا لە دوژمن دەکا کە بتوانێ هۆیەکانی خۆپاراستن هەڵبژێرێ بەجۆرێکی وا کە کاری شێوە ئاسایی‌یەکان پووچەڵ بکا .

لە کاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی لەلایەن جەنابیەوە بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و بەرگری‌ی ئاسمانی و دەستەیەك لەهەڵۆ پالەوانەکانمان لەبەیانی‌ی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوودا فەرمووی تازەکردنەوە هەموو جارێ دوژمن دەخاتە بەر حالەتێکی تازەودو بۆ ئەوەی فێری بێ ماوەیەکی پێویستە .

هەروەها سەرەکی فەرماندە وتی لەو شتانەی کە هێزی ئاسمانیتانی پێ جیادەکرێتەوە ئەوەیە کە بەردەوام تازەکردنی تیایە لە شێوەو ئەوەیش کە لە پشت هەموو ئەو ئەنجامانەوەیە کە هێناونیە

هێزی ئاسمانی عیراق نوێنەری ویستی گەل و ویستی هێزە چەکدارەکانی عیراقە

دی باوەڕی تەواوە بە سەرکەوتن چونکە خوامان لەگەڵ چونکە لەسەر هەقین .

ئەمەیش دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرماندەیە :

هەموو ساڵێکتان خۆش .. پیرۆزبایی بەبۆنەی ساڵی زایینی‌و جەژنی سوپاوە کە ڕێکەوتی ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمە .

بیرمان‌کردەوە لەوەی لە ساڵی تازەدا لەسەرەتاوە کێ سەربەرزبکەین‌و ئێوە دەزانن لە هەموو سنفەکان پیاوانمان هەیەو هەموو پیاوێ بە شەرەفەوە ئەرکی سەرشانی بێنێتە دی وەك هەموو جەنگاوەرێکی تر پاداشی دەدرێتێ لە سنفەکانی تردا بە هەمان ڕوالەت بەڵام وئەمان با لایەك وەرگرین کە هەموو لایەك شایەتی ئەوەی بۆ بدەن کە هەڵبژاردنەکە باش بووەو لە سەرەتای ساڵی تازەدا سەربەرزی بکەین‌و سەیرمان‌کرد ئەگەر دەستبکەین بە سەربەرزکردنی هێزی ئاسمانی هیچ کەس بەمە ناڕازی نابێ لە هێزە چەکدارەکانی عێراقدا چونکە هێزی ئاسمانی دەورێکی ڕوون‌و ئاشکرای هەبووە لە ساڵی ١٩٨٥دا لە تاجی شەڕەکاناو دەورێکی ڕوون‌و ئاشکرای هەبووە لەو شەڕە باڵەوانی‌یانەدا کە سوپای عێراقیمان‌و ئێکڕای هێزە چەکدارەکان کردووبانە لە شەڕەکانی ناوچەی زوروداو لەنێوان ئەم دوو شەڕەداو پێش ئەمەو پاش ئەمەیش ساڵی ١٩٨٥ بە هەموو ئەوەوە کە ئێی دوایین کارێکی وای کردووە لە هەندێ ڕۆژنامەنووس‌و سیاسی کە ساڵی ١٩٨٥ بە ساڵی هێزی ئاسمانی‌ی عێراق دانێین .

لەمەدا هێزی ئاسمانی‌ی عێراق نوێنەری ویستی گەل‌و ویستی هێزە چەکدارەکانی عێراقە بە گشتی لە هەموو سەنگەرێك‌و لە هەموو سنفەکان چونکە هێزی ئاسمانی بێ‌ئەوەی هەست بە وردی بەرزی ڕاستەقینەی جەنگاوەرەکان بکا لە سەنگەرەکانی پێشەوەداو بەرگری‌ی بەرزیان بتوانێ وردی بەرزی خۆی بپارێزی بەو شێوەیەی کە پێویستەو ئەم بواردا دەبێ بە شێوەیەکی تایبەتی سوپاس‌و ستایشی فەرماندەی هێزی ئاسمانی‌و دەستە ڕوکنەکەی بکەم چونکە بڕیاری ئازا هەمیشە ڕاوێژکردنی ئارای دەوێ‌و بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری ئازا پێویستی بەوەیە کە قوربانیدان لە کەمترین ڕادەدا بێ بەگوێرەی پێودانی ئادەمیزادانەو هونەری‌یانەی ڕاست بە هەڵبژاردنی کاتی ڕاستیشەوە بۆ ڕەفتارکردن‌و شێوەکەی ..

دەستەی ڕوکنی هێزی ئاسمانی‌ی عێراق لەم بڵەیەدا بوو لە حیسابات‌و پێودانیاو لە ڕاوێژدانی ئازایانەباو هەروەها فەرماندەی هێزی ئاسمانی‌ی عێراقیش بەم‌جۆرە بوو .

ئیش‌کردن لە هێزە چەکدارەکانا وەکو ئیشکردن لە ژیانا کەس ناتوانێ هەمیشە ئەنجامی ئیشەکان دابین‌بکا پێش جێبەجێکردنیان ..

بەڵام دەتوانین بەپێی زانیاری‌ی مەوزووعی حیسابی ئەنجامی کردەوە بکەین‌و هەڵی‌سەنگێنین پێش ئەوەی کە بکرێ‌و کردەوەی سوپایی‌یانە وەکو ژیان پێویستی بە ئازایی هەیەو لێرەدا مەبەستم بە ئازایی‌ی ئاسایی نیە لە کردەوەو ڕەفتاری کەسانەدا یا ئازایەتی سەرەتایی .. ئازایی بەپێی بۆچوونمان لە قادسیەدا ئازایەتی‌ی بیروباوەڕەو جەنگاوەر بیروباوەڕی چۆن‌بێ ئازایەتی‌یەکەی ئەوەندە دێتەدی ئەگەر لە ناو سنفی پیادەدا بێ یا سنفی زرێ‌پۆش یانەندازیاری‌یا ئالی یاموخابەرە یا ئەندازیاری یا تۆپچیەتی کە ئابێ باسیمان لەبیر بچێ . شەڕی درێژخایەن هەمیشە پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە لە شێوەو هۆدا چونکە ڕاهاتن وا لە دوژمنت دەکا کە بتوانێ ئەو هۆیانەی خۆپاراستن هەڵبژێرێ کە کاری هۆ ئاسایی‌یەکانت پووچەڵ بکاتەوەو .. تازەکردن هەمیشە دوژمن ئەخاتە بەر حالەتێکی تارەو .. بۆ ئەوەی فێری بێ دەبێ بۆ ئەم مەبەستە کاتێکی حیسابکراو تێپەڕبێ‌و لەناو ئەو شتانەی کە هێزی ئاسمانیتان جیادەکاتەوە ئەو تازەکردنەوە بەردەوامەیە کە لە شێوەدا هەیەو لەسەرووی ئەو هۆیانەیش کە ئەم ئەنجامانەی پێ هاتوونەتە دی باوەڕی تەواوە بە سەرکەوتن .. چونکە خوامان لەگەڵەو ئێمەیش لەسەر هەقین .. ئەو مرۆڤەی کە باوەڕی هەیەو ئەو پیاوانەی کە ئەنجامەوایەتی‌یان دەکەن ئەگەر باوەڕیان بەوە بوو کە لەسەر هەقن هیچ هێزێك نیە لەسەر زەویدا بتوانی ڕێی هێنانەدی سەرکەوتنیان لێ بگرێ ..

جێگای سوپای عێراق بە هەموو سنفەو هێزەکانیەوە لە دەریاوانەکانەوە تا فرۆکەوانی‌ی سوپا تا سنفەکانی تر کە باسمانکردن هەموویان جێگایەکی تایبەتی‌یان هەیە لە دەروونی عێراقی‌یەکاناو هەموو پیاوەکانیان براو کوڕی عێراقی‌یەکانن بەڵام هێزی ئاسمانی بووە بە دۆستی عێراقی‌یەکان‌و ئێوە هەست بەمە دەکەن لەناو پێوەندی‌ی کوڕەکانتانەوە بە کوڕی دراوسێکانتانەوەو بەهۆی پێوەندیتانەوە بە کۆمەڵگاوە .

ئەم دۆستایەتی‌یە بپارێزن برایانم چونکە دۆستایەتی‌ی لە جوانی‌ی جل‌وبەرگەکانتانەوە پەیدا نەبوو هەرچەندە جوانیشن بەڵام حالەتێکی بڕیاردراوە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی تێکڕای ڕەوشتتان .. عێراقی‌یەکان لەناو شەڕەکانا دوو هەوالی سەرەکی دەبیسن .. دەنگوباسی چراکانی خاکی قەدەغەو دەنگوباسی هەڵۆکانی ئاسمان بە شێوەیەکی هەمیشەیی .. فلان کۆمەڵ هێرشێکیان بردو — حیجاباتو دەوریانەکان‌و لە فلان شوێنا فلان شتیان کرد .. هێزە ئاسمانی‌یە پالەوانەکەمان هێرشیان بردە سەر فلان نیشانەو هەڵۆکان بە سەرکەوتن‌و سەربەرزی گەڕانەوە.. ساڵی ١٩٨٦یش بە یارمەتی‌ی خوا هی ئێوە دەبێ‌و ئەو حالەتەیش کە ئێوەی تیادان سنفەکانی هێزە چەکدارەکان جیاواز نین تیایا لەو جێگایەدا کە قسەمان لێ‌یەوەکردو کە ساڵی ١٩٨٥ بڕیاری لەسەر دا .. کە وابوو ئینشەڵلا هەمیشە وەك ئێستا دەتانبینین بە سەربەرزی‌و گەوردیی زیاترەوە خواتان لەگەڵ .

هەروەها بەرێز موهیب روکن صدام حسین سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ئێوارەی ڕۆژی شەممە مەدالیای ئازایەتی بەخشی بە دەستەیەکی تر لە هەڵۆ پالەوانەکانمان بۆ هەڵسەنگاندنی ئازایەتی‌ی بێسنووریان لە پاراستنی شەرەفی نەتەوەو کەرامەتی دژی دوژمنی ئێرانی .

سەردکی فەرماندە وتی زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ سەربەرزکران یەکی مولازم ئەووەلیان هەیەو ئەمە ڕوالەتتان لە سەرەتای شەڕەوە بەڵام ئەم ڕوالەتانەتان بە تەواوی جێگیرکرد لەم دوو ساڵەی دوایەداو نوێنەری سنفەکانی هێزە چەکدارەکان بوون بۆ دوورترین خال لە ئێراندا .

ئەنجا بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دەسنیشان کرد کە ئەوانەی لە ئێرانن جۆرە دەجالێکی وان کە بۆ بەکەم جار لە چەرخی تازەدا پەیدادەبن‌و بەلکو لە سەدەها ساڵیشەوە .

جەنابی فەرمووی ئەم دەجالانە بۆ ماوەیەکی زۆری شەڕ خەلکیان وا هەلدەخەلەتاند کە ئەوان سەرکەوتوون بەڵام کە دەستیان کرد بە لێدانی شارەکانی عێراق‌و هەڵۆکانیان بینی لە هەموو شوێنێ ئەوەیان زانی کە سنفەکانی ترو هێزەکانی تر لە تێکڕای هێزە چەکدارەکانا چی دەکەن کە وابوو هەڵۆکان هەر نوێنەری خۆیان نەبوون‌و بەس بەلکو نوێنەری هێزە چەکدارەکانیش بوون لە هەموو نیشانەیەکدا کە وەستێنیان‌و بەسەر هەموو زەوی‌یەکەوە کە بە ئاسمانیا سووڕابنەوە .

ئەنجا بەرێز سەرەکی فەرماندە ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەوانەی دۆستی مناڵانی عێراقبن پێوەندی‌یەکی زیندوویان دەبێ بە گەلەوەو پێوەندی‌یەکی زیندوویان دەبێ بە خواوەندی ئاسمان‌و زەوی‌یەوە چونکە ئەو بڕیارەی مناڵان دەیدەن لە ڕاستی زیاتر مەبەستێکی تریان نیە لەبەر ئەوە دۆستایەتیتان بپارێزن لەگەڵ مناڵانی عێراقدا .

لە کۆتایی وتارەکەیا سەرەکی فەرماندە وتی ئەوەی برادەری مناڵانی عێراق بێ ئیتر چی‌دەوێ وەك دەڵێن کەوابوو دۆستایەتی‌یەکەتان بپارێزن لەگەڵ مناڵانی عێراقدا .

شایانی باسە فەریق ئەووەل روکن عەدنان خیرالله جێنشینی فەرماندەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان وەزیری بەرگری‌و بەرێز احمد حسین سەرۆکی دیوانی سەرکردایەتی‌و فەریق ئەووەل روکن عبدالجبار شنشل وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سوپایی‌و ئەندامانی سەرکردایەتی‌ی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ئامادەی مەدالیا بەخشینەکە بوون .

Institut kurde de Paris

«هاوکاری» وچەپکە گوڵێ لێ پرسراوان

لە دایکبوونی رۆژنامەی « هاوکاری »و بەردەوام بوونی تا ئەمڕۆ . بە تیشکێکی هەرە رووناکی رۆژنامە نووسی‌ی کوردی دائەندرێت کە رۆژ بە رۆژ هەنگاوی گەورە ئەنێت لە خزمەتی بزووتنەوەی رۆشنبیری‌و راگەیاندنی کوردی ، بەو شێوەیە کە زۆرترین خامەی کوردی لە خۆی کۆکردۆتەوە بە درێژایی تەمەنی رۆژنامەی - هاوکاری - بووە بە قوتابخانەیەك بۆ پێ‌کەیاندنی دەستی هونەری لە دنیای رۆژنامە نووسی‌یدا .. « هاوکاری » ئەمڕۆ ، خۆی لە بەردەم مێزی لێ‌پرسراوانیشدا ئەبینێ . هەروەکو لەبەر باخەڵی رۆشنبیرو نووسەرو خوێنەراندا جێی خۆی کردۆتەوە ...

بۆ یادی دەرچوونی یەکەم مۆمی تەمەنی « هاوکاری » ئەم بەرێزانە قسەیان کرد .

● بەرێز سەرەکی یاسادانان مامۆستا ئەحمەد عبدالقادر ئەفشبەندی ووتی :

لە کاتێکا یادی رۆژنامەی - هاوکاری - دەکەینەوە . کە سوپای دلێرمان بەردەوامە لە تۆمارکردنی دەیان سەرکەوتن ... ئا لەو کاتەدا کە ئەتەوەکەمان بەتێکڕا بەرگری لە پاراستنی ئەم خاکە دەکات . لە پاڵ ئەوەدا ، ووشەی جەنگاوەر دەوری خۆی لە بیناکاری‌و شارستانیەتدا دەبینێ ..

« هاوکاری » یەکێکە لە دیارترین ئەو هۆیە راگەیاندنە بەهێزانەی کە دەنگی ووشەی نیشتمانی‌ی گەیاندووەو بووە بە ئینبەرێکی هەرە راستەقینە بۆ ئەدەب‌و رۆشنبیری کوردی‌و لە هەمان کاتدا باری ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانەی دەربڕیوە کە لە هەموو لایەنەکانی ژیانماندا هاتۆتە دی و بووە بە تاقی‌کردنەوەیەکی سەرکەوتوو .

● بەرێز یحی‌جاف سەرەکی ئەنجومەنی راپەڕاندن ووتی :

رۆژنامەی - هاوکاری - بە دەربڕی گیانی برایەتی کوردو عەرەب دائەندرێ کە ماوەی چەند ساڵێکە بەردەوامە لە دەرچوون ... ئەمەش خۆی لە خۆیدا موژدەی ئەوەمان ئەداتێ کە « هاوکاری » لە پاڵ هەموو دەستە خوشکەکانی تری لە رێبازی خزمەت ناکەوێ ...

بوونی رۆژنامەیەکی کوردی مانای ئەوە بایەخدانە گەورەیە ئەنوێنێ کە دراوەتە کەلەپوورو رۆشنبیری کوردی کە لە ئەنجامی ئەو بایەخدانە رۆژ بە رۆژ دەگەشێتەوە ... لە یادی دەرچوونی « هاوکاری » دا چەپکە گوڵ بۆ هەموو کارگێڕانەی کە لە کەلێدا هیلاك دەبن‌و دەیکەنە دباری بۆ خوێنەرانی کورد ...

● بەرێز ئەمینداری کاروباری ناوخۆ مامۆستا سیروان جاف ووتی :

رۆژنامەی « هاوکاری » یەکێکە لەو رۆژنامە زیندووانەی کە خاوەنی رێبازی خۆی‌و بیرو باوەڕی پێشکەوتووانەیە کە لابەرەکانی خۆی والا کردووە بۆ خزمەتی بزووتنەوەی ئەدەب‌و کەلەپوورو زمانی کوردی‌و خستنە رووی داواکاری هاوولاتیان ...

زۆر خۆشحاڵم کە بە بۆنەی یادی لە دایك بوونیەوە . پیرۆزبایی لە بەرێز سەرنووسەرو سەراپای کارگێڕو رۆژنامەنووسانی ئەم دەزگایە بکەم کە بێ ووچان بەردەوامن لە خزمەتی خوێنەرانی کورد ...

● بەرێز پارێزگاری هەولێر مامۆستا ابراهیم زەنگەنە ووتی :

رۆژنامەی « هاوکاری » کە تاقە رۆژنامەیەکی کوردییە . پەیامی خزمەتی کەورەی گرتۆتە ئەستۆ ، وەك من ژمارەکانیم بەسەر کردۆتەوە ، هەمیشە لاپەڕەی تەرخانە بۆ دەربڕینی هەموو لایەنێکی پێشکەوتن لە رووی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رامیاری‌و رۆشنبیری‌و تاد .. ئەمەش جگە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەران‌و داواکاری هاوولاتیان کە ئێمە هەر خۆمان چەند جارێك وەڵامی ئەو داواکاریانەمان داوەتەوە ..

لە رۆژی لە دایك بوونی رۆژنامە خنجیلانەکەتان . دەبان چەپکە گوڵ بۆ کاربەدەستانی‌و هەموو خۆشەویستی‌یەك بۆ خوێنەرو کارگێڕانی‌و هیوادارین کە هەمیشە بەردەوام بێ ...

شێرزاد . لقی هەولێر

● بەرێز سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان :

« هاوکاری » تاقی‌کردنەوەیەکی گەورەی رۆژنامە نووسی‌ی کوردییە

● بەرێز سەرەکی ئەنجومەنی راپەڕاندن :

« هاوکاری » دەربڕی گیانی برایەتی‌یە

●بەرێز ئەمینداری ناوخۆ :

پیرۆزبێ ووشەی رەنگینی کوردی

● بەرێز پارێزگاری هەولێر :

هەموو خۆشەویستی‌یەك بۆ کارگێڕانی هاوکاری

لە مێژووی رۆژنامە نووسی کوردیدا دەیەها رۆژنامەمان بڵاوکراوەتەوە ، وەك (کوردستان ، ژین ، ژیان ، زبان ، هەولێر ، خەبات ، برایی هتد ...) هەریەکە لەم رۆژنامە کوردی‌یانە تارادەیەك خزمەتی رۆشنبیری‌یان کردووە بەڵام هیچ کامێکیان بەرێك‌و پێکی‌و تێرو تەسەلی تاسەر هۆی مەیدان نەیان‌توانیوە بڕۆن .

شۆڕشی هەڤدەی تەمموزی ساڵی هەزارو نۆسەدو شەست‌و هەشت لە رۆژی دەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩دا مافی رۆشنبیری بۆ گەلی کورد ئاشکرا کرد ، لە رووناکی ئەم مافەدا چەند دەستکەوتێکی گرنگمان وەرگرت وەك ئەوەی قەزای (دهۆك) کرایە پارێزگاو بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری کورد دامەزراو بریاردرا زانکۆیەك لە کوردستان کرایەوەو بەکێتی‌ی نووسەرانی کورد هاتە کایەوەو رۆژنامەی (هاوکاری) دەرچوو .

یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە رۆژی نۆی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ لە لایەن وەزارەتی راگەیاندنەوە دەرچوو . تا ژمارە (١٢)ی ئەم رۆژنامەیە مامۆستا (منذر عرێم) سەرنووسەر بوو بەڵام لە ژمارە سیانزدەوە ئیتر ناوی کەسی لەسەر نەنوسرا بەڵام لە راستیدا مامۆستا (حیلمی عەلی شەریف) سەرپەرشتیاری کشتی رۆژنامەکە بوو نزیکەی چوار ساڵ واتە تا ساڵی ١٩٧٤ ئەم ئەرکەی بە پوختی بەجێ هێناو ئیتر لەو ساڵەوە کشایەوە .

هاوکاری رۆژنامەیەکی هەفتانەی رۆشنبیری کشتی‌یە لە یەکەم ژمارەیەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان ئەم دروشمەی پاراستوە هەموو بابەتێکی ئەدەبی بە شیعرو چیرۆك‌و رەخنەو لێکۆڵینەوەو شانۆ ئەگرێتە خۆی جگە لەمەش دەربارەی بابەتی منداڵ . ئافرەت . هونەر . زمان . مێژوو . زانست . کەلەپوور . فۆلکلۆر سەدەها باسی تبادایە . هاوکاری بە هۆی بەیامێرە چالاکی‌یەکانیەوە لە کوردستاندا توانیوێتی بچێتە ناو جەرگەی جەماوەرەو ئێشو ئازارو خواست‌و هیوایان دەربڕی لەگەڵ لێ‌پرسراوەکانی ناوچەی کوردستان سەدەها گفتوگۆی سازکردووەو ریبورتاجی لەسەر چەندەها پرۆژەو دەرگا نوسیوە . بەهۆی لایەڕەکانی رۆژنامەی هاوکاری‌یەوە لە هەفتاکان‌و هەشتاکاندا دەیەها نووسەرو ئەدیب ناویان دەرکردووەو خۆیان ناساندووەو بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە . هاوکاری وەك قوتابخانەیەك رێ‌پیشاندەرو مامۆستای دەیەها نووسەری کوردبووەو ژمارەکانی لە هەموو کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە . ئەوەل جار لە هەزار ژمارەوە دەستی پێکردووە تا دوا رۆژەکانی ئەو دەساڵە ژمارەکانی گەشتنە شەش حەوت هەزار . ئەمە لە خۆیدا لە مێژووی رۆژنامە نوسی کوردی حاڵێکی گرنگە .

لە پێنج ساڵی یەکەمی رۆژنامەی هاوکاریدا (٢٤٨) ژمارەی لێ دەرچووەو ئەم نووسەرانە کاریان تیادا کردووە | ئەنوەر مەحمود ، خوالێ خۆشبو بورهان قانع جەلالی میرزا کەریم ، برایم عەزیز حاجۆن ، حەمید عەزیز ، صلاح شوان ، عبدالله عەباس ، محمد ئەمین پێنجوێنی، عەلی ئەقشبەندی، مەحمود عبدالله زامدار ، نوری حەیران ، محمد عثمان زادە] پەیامنێرانی هاوکاریش لە سلێمانی (فهمی قەرەداغی)و لە هەولێر (ممتاز حەیدەری)و لە کەرکوك (هیوا شوان)و لە موصل‌و دهۆك (صدیق عەلی ئامێدی) بوون .

لە پێنج ساڵی یەکەمدا دووهەزارو پێنجسەدو شەست کەرەستە لە سەرجەمی ژمارەکانی هاوکاریدا بڵاوکراونەتەوە لە هەمووی زۆرتر شیعری کوردی بووە کە (٥٦٢) پارچە شیعری تیادا بووەو دووەم بابەتی چاوپێ‌کەوتن‌و ریبورتاجە کە (٢٨٠) بابەتی تیابووەو سێ یەم مێژووە کە (٢٤٤) بابەتە مێژووی تیادا بڵاو کراوەتەوە . هەرلەو پێنج ساڵەدا (٤٥٩) نووسەری کورد بەشداریان کردووە لەم نووسەرانە (١٩٨)یان تەنها لە یەك ژمارەو (٥٨)یان لە دوو ژمارەو (٤٥)یشیان لە سێ ژمارە کەرەستەیان بڵاوکردووە ئەم جۆرە نووسەرانە وەك میوان وەهان ، بەرامبەر ئەو ژمارانە (١٦) نووسەر هەریەکێکیان لەنێوان (١٦ تا ٩٩) کەرەستەیان بڵاو کردۆتەوە . واڵەخواردوە لیستەی ئەو نووسەرانە بڵاو ئەکەینەوە کە لە نێوان (٢٣ - ٩٩) کەرەستەیان بڵاوکردۆتەوە :

١ - مەحمود زامدار لە ٩٩ ژمارەدا واتە (٩٩) بابەتە نووسین .
٢ - مستەفا ئەریمان لە ٨٦ ژمارەدا
٣ - خوالێ‌خۆشبو بورهان قانع لە ٧٦ ژمارەدا
٤ - دکتۆر ئەوزاد صالح لە ٦٦ ژمارەدا
٥ - خوالێ‌خۆشبو صادق بهاءالدین ئامێدی لە ٥٧ ژمارەدا
٦ - عەزیز گەردی - لە ٥٣ ژمارەدا
٧ - خوالێ‌خۆشبو محمد توفیق وەردی - لە ٤٣ ژمارەدا
٨ - ممتاز حەیدەری - لە ٤٢ ژمارەدا
٩ - کەمال میراودەلی - لە ٤١ ژمارەدا
١٠- عەلی ئەقشبەندی - لە ٣٨ ژمارەدا .
١١- عبدالرحمن مزوری - لە ٣٥ ژمارەدا
١٢- عبدالله سەراج - لە ٣٣ ژمارەدا
١٣- عبدالله عەباس - لە ٣٣ ژمارەدا
١٤- خەلیل جندی - لە ٣٣ ژمارەدا
١٥- کوردستان موکریانی - لە ٢٨ ژمارەدا
١٦- عبدالله بەرزنجی - لە ٢٦ ژمارەدا
١٧- خوالێ‌خۆشبو مەجید ئەدیم - لە ٢٥ ژمارەدا
١٨- شیرین عەباس - لە ٢٥ ژمارەدا
١٩- محمدی مەلا کەریم لە ٢٤ ژمارەدا
٢٠- ئەحمەد رێبوار - لە ٢٣ ژمارەدا

لە پێنج ساڵەی دووەمی رۆژنامەی هاوکاری (١٩٧٥ - ١٩٧٩) (٢٥٨) ژمارەی هەفتەیی لێ‌دەرچووە ، لەم پێنج ساڵەدا پێنج نووسەر سەرنووسیاری رۆژنامەکە بوون وەك .

لە ساڵی ١٩٧٥ مامۆستا محمدی حاجی طاهر لە ژمارە (٣٢٨)ی ساڵی ١٩٧٦وە عثمان محمد فائق خوالێ خۆشبو

لە ژمارە (٣٧٥)ی ساڵی ١٩٧٧ وە مامۆستا محمد ئەمین ئەحمەد

لە ژمارە (٤٤٨)ی ساڵی ١٩٧٨وە مامۆستا سعاد ئەدیب

لە ژمارە (٤٩٧) ی ساڵی ١٩٧٩ وە مامۆستا ئیسماعیل رەسول

هەروەها کەم تا زۆر ئەم نووسەرانە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا لە رۆژنامەی هاوکاریدا کاریان کردووە (ئەکرەم مەحمود سەمین ، ئەمین شوان ، خوالێ‌خۆشبو بورهان قانع . بەشارەت فاتح حسێن عارف حەمید عەزیز . عبدالله بەرزنجی . عبدالله عەباس ، خوالێ‌خۆشبو محرم محمد ئەمین کاکەی فەللاح ، محمد زادە . خوالێ‌خۆشبو مەجید ئەدیم ، مەحمود زامدار . نوری حەیران) ئەم نووسەرانەش پەیامنێری ئەم چەند ساڵەی رۆژنامەکە بوون ، لە سلێمانی (حمە سەعید حمەکەریم‌و فریا عبدالله) لە هەڵەبجە (جەباری حاجی کەریم) لە هەولێر (شێرزاد عبدالرحمن) لە دهۆك (صدیق عەلی) .

لەم پێنج ساڵەدا لەسەر لایەڕەکانی هاوکاری سێ‌هەزارو چوارسەدو بیست‌و سێ بابەتە نووسین تیادا کردووە [ئەنوەر مەحمود ، خوالێ خۆشبو بورهان قانع جەلالی میرزا کەریم ، برایم عەزیز حاجۆن ، حەمید عەزیز ، صلاح شوان ، عبدالله عەباس ، محمد ئەمین پێنجوێنی، عەلی ئەقشبەندی، مەحمود عبدالله زامدار ، نوری حەیران ، محمد عثمان زادە] پەیامنێرانی هاوکاریش لە سلێمانی (فهمی قەرەداغی)و لە هەولێر (ممتاز حەیدەری)و لە کەرکوك (هیوا شوان)و لە موصل‌و دهۆك (صدیق عەلی ئامێدی) بوون .

لە پێنج ساڵی یەکەمدا دووهەزارو پێنجسەدو شەست کەرەستە لە سەرجەمی ژمارەکانی هاوکاریدا بڵاوکراونەتەوە لە هەمووی زۆرتر شیعری کوردی بووە کە (٥٦٢) پارچە شیعری تیادا بووەو دووەم بابەتی چاوپێ‌کەوتن‌و ریبورتاجە کە (٢٨٠) بابەتی تیابووەو سێ یەم مێژووە کە (٢٤٤) بابەتە مێژووی تیادا بڵاو کراوەتەوە . هەرلەو پێنج ساڵەدا (٤٥٩) نووسەری کورد بەشداریان کردووە لەم نووسەرانە (١٩٨)یان تەنها لە یەك ژمارەو (٥٨)یان لە دوو ژمارەو (٤٥)یشیان لە سێ ژمارە کەرەستەیان بڵاوکردووە ئەم جۆرە نووسەرانە وەك میوان وەهان ، بەرامبەر ئەو ژمارانە (١٦) نووسەر هەریەکێکیان لەنێوان (١٦ تا ٩٩) کەرەستەیان بڵاو کردۆتەوە . واڵەخواردوە لیستەی ئەو نووسەرانە بڵاو ئەکەینەوە کە لە نێوان (٢٣ - ٩٩) کەرەستەیان بڵاوکردۆتەوە :

١ - مەحمود زامدار لە ٩٩ ژمارەدا واتە (٩٩) بابەتە نووسین .
٢ - مستەفا ئەریمان لە ٨٦ ژمارەدا
٣ - خوالێ‌خۆشبو بورهان قانع لە ٧٦ ژمارەدا
٤ - دکتۆر ئەوزاد صالح لە ٦٦ ژمارەدا
٥ - خوالێ‌خۆشبو صادق بهاءالدین ئامێدی لە ٥٧ ژمارەدا
٦ - عەزیز گەردی - لە ٥٣ ژمارەدا
٧ - خوالێ‌خۆشبو محمد توفیق وەردی - لە ٤٣ ژمارەدا
٨ - ممتاز حەیدەری - لە ٤٢ ژمارەدا
٩ - کەمال میراودەلی - لە ٤١ ژمارەدا
١٠- عەلی ئەقشبەندی - لە ٣٨ ژمارەدا .
١١- عبدالرحمن مزوری - لە ٣٥ ژمارەدا
١٢- عبدالله سەراج - لە ٣٣ ژمارەدا
١٣- عبدالله عەباس - لە ٣٣ ژمارەدا
١٤- خەلیل جندی - لە ٣٣ ژمارەدا
١٥- کوردستان موکریانی - لە ٢٨ ژمارەدا
١٦- عبدالله بەرزنجی - لە ٢٦ ژمارەدا
١٧- خوالێ‌خۆشبو مەجید ئەدیم - لە ٢٥ ژمارەدا
١٨- شیرین عەباس - لە ٢٥ ژمارەدا
١٩- محمدی مەلا کەریم لە ٢٤ ژمارەدا
٢٠- ئەحمەد رێبوار - لە ٢٣ ژمارەدا

لە پێنج ساڵەی دووەمی رۆژنامەی هاوکاری (١٩٧٥ - ١٩٧٩) (٢٥٨) ژمارەی هەفتەیی لێ‌دەرچووە ، لەم پێنج ساڵەدا پێنج نووسەر سەرنووسیاری رۆژنامەکە بوون وەك .

لە ساڵی ١٩٧٥ مامۆستا محمدی حاجی طاهر

لە ژمارە (٣٢٨)ی ساڵی ١٩٧٦وە عثمان محمد فائق خوالێ خۆشبو

لە ژمارە (٣٧٥)ی ساڵی ١٩٧٧ وە مامۆستا محمد ئەمین ئەحمەد

لە ژمارە (٤٤٨)ی ساڵی ١٩٧٨وە مامۆستا سعاد ئەدیب

لە ژمارە (٤٩٧) ی ساڵی ١٩٧٩ وە مامۆستا ئیسماعیل رەسول

هەروەها کەم تا زۆر ئەم نووسەرانە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا لە رۆژنامەی هاوکاریدا کاریان کردووە (ئەکرەم مەحمود سەمین ، ئەمین شوان ، خوالێ‌خۆشبو بورهان قانع . بەشارەت فاتح حسێن عارف حەمید عەزیز . عبدالله بەرزنجی . عبدالله عەباس ، خوالێ‌خۆشبو محرم محمد ئەمین کاکەی فەللاح ، محمد زادە . خوالێ‌خۆشبو مەجید ئەدیم ، مەحمود زامدار . نوری حەیران) ئەم نووسەرانەش پەیامنێری ئەم چەند ساڵەی رۆژنامەکە بوون ، لە سلێمانی (حمە سەعید حمەکەریم‌و فریا عبدالله) لە هەڵەبجە (جەباری حاجی کەریم) لە هەولێر (شێرزاد عبدالرحمن) لە دهۆك (صدیق عەلی) .

لەم پێنج ساڵەدا لەسەر لایەڕەکانی هاوکاری سێ‌هەزارو چوارسەدو بیست‌و سێ بابەتە نووسین بڵاوکراوەتەوە لەم ژمارانە (٤٧٢)یان ریبورتاج‌و چاوپێ‌کەوتن بوون و (٤٤٨) یشیان شیعری کوردی‌و (٢٤٠)یان بیرەوەری‌و یادو (١٥٠) یان بریتی‌بوون لە رەخنەی ئەدەبی .

لەم پێنج ساڵەشدا (٦٦٠) نووسەر بەشداریان تیادا کردووە (٢٧٥)یان سەرو بابەتیان هەبووەو (٩٣)یان یەك‌و دوو نووسین‌و (٩٢)یشیان لە سێ ژمارەدا سێ بابەتیان بڵاوکردۆتەوە ، ئەمانیش وەك ئەوانی پێشو میوانی ئازیزی رۆژنامەکە بوون . بەرامبەر ئەو نووسەرانە (٢٥) نووسەر نە نێوان بیست‌و تا ٧٨ بابەتیان لە ژمارەکانی ئەم پێنج ساڵەدا بڵاوکردۆتەوە ، وا لە خوارەوە ناوی هەندێکیان ئەنووسین :

١ - حمە سەعید حمە کەریم لە ٧٨ ژمارەدا
٢ - مەحمود زامدار لە ٧٧ ژمارەدا
٣ - حسێن عارف لە ٥٢ ژمارەدا
٤ - خوالێ‌خۆشبو عثمان محمد فائق لە ٥١ ژمارەدا
٥ - فریا عبدالله لە ٤٩ ژمارەدا
٦ - مصطفی ئەریمان لە ٤٥ ژمارەدا
٧ - صلاح شوان لە ٤٥ ژمارەدا
٨ - عبدالله عەباس لە ٤٣ ژمارەدا

بروانە ل ١١

گەشتێك

بە ناو ژمارەکانی دە ساڵی رۆژنامەی هاوکاری

مصطفی ئەریمان

Institut kurde de Paris

چەند سەرکردەیەکی سوپایی بۆ « هاوکاری » ئەدوێن

- لیوا روکن .. رشـــاش چیاد الاماره .. فەرماندەی هێزەکانی بەدر ..
- لیوا روکن.. ضیاء الدین جمال.. فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم ..
- عەقیـــد روکن .. محمود حمادی عامر .. فەرماندەی هێزەکانی شەیبانی ..
- عەمید روکن .. هێزی تایبەت .. علی حمدی مصطفی .. فەرماندەی هێزەکانی تەلحە ..
- عەمیـد روکن .. عامـــر محمود کاظـم .. فەرماندەی هێزەکانی « ٤١ » ..

● لیوا روکن.. رشاش چیاد .. فەرماندەی هێزەکانی بەدر ـ ی قارەمان ئەڵێ ..

■ یادی دامەزراندنی سوپای سەرکەوتوومان بتر باڵمان پێوە دەنێو هانمان دەدا بەرەو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانمان .. لە یەکێتی و سەربەخۆیی و سۆشیالیزمیدا .. هەرواش دیسان هەستو سوور بوونی سەربازە عیراقیەکـــان بەرز دەکـاتـەوە بۆ جەنگین دژ و بەرەنگار بوونی هەر دەستدرێژیێکی دوژمنکاری و تاوانباری و بەدیار هێنـــانو پەیرەوی کردنی ووتەکانی فەرماندەی عیراقی نوێ .. لەژێر سێبەری شۆڕشە پیرۆزەکەیدا شۆڕشی (١٧ ـ ٣٠) تەموزی پیرۆزدا ..

● لیوا روکن ، لـەبـارەی گرنگترین ئـەو جەنگانە کـــە فەرماندەی هێزەکـــانی بەدر پێی هەستاون .. ئەڵێ ..

■ هێزە قارەمانەکەمان لە چەندەها جەنگدا بەشداری کردوە ، بەڵام گرنگترین جەنگەکانی جەنگی سیدەکان بووە کە ئەو پەڕی قارەمانیتی عیراقیەکانی تواندوە کە کەژ و کێوو هەردەکانی ئەو ناوچەیانە بڕیوە و هێزەکانی دوژمنی تاوانباریان تیادا سەرنگون کردوە ... دوژمن لە ماوەیێکی مێژەوە نەخشـەو پالانی خۆی دانابو بۆ مەبەستی داگیرکردنی ئـەو ناوچەیە .. ئامانجیشی ئەوە بوو گەیشتن بەو ناوچە و داگیرکردنی دێهاتو شارە عیراقیەکان ئەوەش بە گوێرەی ئەو نەخشەو شێوەیە کە ناپاکان رێگایان بۆ دانابوو لەبو بەجێهێنانی خەوەنەکـانیـــان .. بەڵام هۆشیاری و هۆشمەندی فەرماندەی گشتی و ئاگادار بوونی لـە جموجۆڵی ئێرانی دوژمنو هاتوو چووەکانی و ئامادەکردنی هێزەکانی ئێرانی .. لێرەدا حساباتێکی گرنگو وورد لە بارەی ئەو ئامادە بوونەی دوژمنە .. ئەوەبو کە هەموو جموجۆڵەکانی دوژمن گۆڕ کرا و تێکو پێکدرا پێشی ئەوەی کـــە بکاتە مەبەستو خەوەنە پوچەڵـــەکـــانی .. ئەو جەنگەیش لە مانگی تەموزی « ١٩٨٥ »دا کرا .. کە بەراستی شێوەیێکی هێـرشیو بـەرگـری بوو بە دلێری جەنگاوەرانی عیراقو بەهرەی بەرزی لە بەکارهێنانی چەکی نوێی سوپای ی ..

زۆر جار دوژمن هـــەوڵی ئەوەی دەدا بـۆ گەراندنەوەی بستێ .. یان یەکێ لەو « راقمان »ە بەڵام بەدرێژایی ئەوماوەیە هیچی دەســـتگیر نەبوو .. بەڵکو لە زیانێکی گەورەی تر لێکەوتبێ لەگەڵ بەجێهێشـــتنی کەرەســـەی جەنگو تەقەمەنیەکانیان لە کوتایی دوانەکەیدا . ووتی :

بەناوی خۆمو لە باتی سەربازانو ئەفســەرانی تیپی « ٣٣ »ی ـ قارەمان .. پیرۆزبایی دەکـــەم لە سەرکردایەتی سیاسی .. لەسەرویدا ســـەرەك پێشەوا .. فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانمان ، بەبۆنەی ئاهەنگەکـــانی « ٦ »ی ـ کانوونەوە .. جەژنی سوپای عیراق .. هەرواش بەڵێن ئەدەین بەسەرەك پێشەوا کە هەمیشە سەربازێکی بە وەفاو ئامادە بین لە پێناوی بەرگری کردن لە نیشـــتمانی پیرۆزمان هەتا گەیشـــتن بە ئامانجەکانمانو سەرکەوتنمان بەسەر دوژمندا .. لە ژێـــر ئـالای یەکێتیو سەربەخۆیی و سۆشیالستیدا ..

● لیوا روکن ضـــیاء الدین جمال .. فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم .. ووتی ..

■ لە کاتێکی زوودا فەرماندەی گشـــتی هێزە چەکدارەکانمان مەبەستی فارســـی دوژمنی کردە دی .. کە بەرەو ناوچەی دورترین سنوری ـ عیراقی ـ ئێرانی ـ خۆی دەکوتێت لـە زووروی نیشتماندا .. هەروا توانی دەست نیشانی چەندی قەوارەی ئـەو مەبەستانە بکات هەرچەندیش دوور بوو .. بەگوێرەی کاتو شوێنەکانیان .. لەســـەر ئەم ئەساسەدا چەند دراسەتو لێکۆڵینەوە کرا کـە پێویستە کە لە ئەنجاما بـــە بریاری فەرماندەی گشتی کۆتایی پێدرا .. ئەوەش پێکهێنانی فەیلەقێك لەم کەرتەدا و ئەرکی بەرپرسیاری سەرکردە کردنی جەنگەکان بکات .

بێگومان بریاری سەرکردایەتی کـە شێوەیێکی بەرزو بێهاوتای و دبارداوەی هەبوو لە تواناداریێکی بەرز لـــە تێبینیو دوور بینین لە یەکەم هۆیـــە سەرەکیەکانی سەرکەوتنەکانمان بووە لەم کەرتەدا .. چونکە هەموو توانایێکی کاریگەریو پێویست ئامادە کرد بۆ بەرەنگار بوونی دوژمنو تێکدانی .. ئـەو هەستانو ئامادەبوونێکی کاریگەری بوو لە رێکخستندا چ لە ئاستی فەرماندەیی گشتی .. چ لە ئاستی راپەراندنەوەو لە ئاستیو سەرکردایەتی فەیلەقو فەرماندەکانی تیپەکان کە لەژێر بەرپرسیاری لێپرسراویدایە لەم کەرتەدا ..

ئەمە لە راستیدا .. ئەم جۆرە ئامادە بوونـــە ئاکاوبێکی چەڵەکاندنی دا بـــە دوژمن .. چونکـــە دوژمن لەکاتێ دەیەویست خەوەنە پووچەڵەکـــانی بەجێ بێنی لەسەر بناغەیێکی پووچەڵـــدا بوو .. ئەوە بوو بە هەڵەیێکی گەورەدا کەوت .. بەزوترین کات هەڵوەشا و هێزەکانی تێکو پێك درا لە ژێـــر هێزی بازووی جەنگاوەرەکانی عیراقدا کە هەمیشە سەر بەرزن بەبەرزیو بڵندی لوتکەی شـــاخەکانی عیراقی خۆشەویستمان .

بەم شـــێوەیـــە جەنگ دەستی پێکرد لـــە سیدەکان ـ لە مانگی تەموزی « ١٩٨٥ »دا ـ هەروا لە جەنگی « ٩ »ی ـ ئەیلولی (١٩٨٥) کە لەمێژەوە دوژمن نەخشەکەی دانابوو .. بەڵام سوپای عیراق سوپای فەرماندەی گشتی .. هەڤاڵ صـــدام حسین .. لە ماوەیێکی کەمدا کـــە لە دە (١٠) رۆژی نەخاباند هێزەکانی دوژمن شێوەی خۆڵەمێش چوو بەبایا ..

توانای جەنگاوەرانی سوپای عیراقی لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا کە بەرەو شەش ساڵەی دەروێن لە پەرەسەندنی خۆی دوا نەکەوتووە بەڵکو پتر لـە پەرەسەندایە .. لە روو و ئاســـتی چەندیو چۆنیەتییەوە ، بەپێچەوانەی سوپاکانی تری کە لـــە ســـەرەتای جەنگدا بـــە هێزییەوە دەجەنگیو پەرەسەندوە . بەڵام لە ماوەی رۆژانو ساڵاندا ، لە کوتایی هاتنی جەنگدا لە نەویترین هێزیدا دەبێت . ئەوەش رووداوەکانی سوپای ی دوپاتی کردۆتەوە لەم ئاستو دەرفەتەدا ..

هەروا فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم ووتی :

ئەو خاڵ سەرەکیە کە دوژمن مەرجی لەســـەر کردبوو بۆ بەجێ هێنانی خەوەنەکانی .. درێژەدانە بەجەنگ ، کە لەو بڕوایەدایە گەلی عیراق لە ئەنجاما شەکەتو تووشی ماندوو بوون دەبێو توانای جەنگی نامێنێ لە ئەنجامی ئەو درێژەدانە ، هەرواش دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئەو پەیوەندایێیە قووڵە کـە لـە نێوانی سەرکردایەتی ســـیاسی .. لەسەرویاندا سەرەکی بەرێز صدام حسین .. و رۆڵەکانی گەلی عیراقی مەزندایە کە لە پاشان دەگەرێتە بۆ ســـەر شۆڕش ..

دەربارەی ئامادە بوونی فەیلەقی پێنجەم لـە بەرگری کردنی عیراقی مەزنمان .. ئەڵێ ..

گەر بێتو سەیری لایەنی مەعنەویاتو نەفسی جەنگاوەرانی فەیلەقی پێنجەم بکەین .. بەئەفسەرانو سەربازان ئەبینین کـــە لـــە پێشی جەنگەوە ئەو پاشەکەوەتەی هەیە کە هێزە ســـوپاییەکانی عیراق هەیتیو لە نێو زنجیرەیێکی مەزنو درێژدا هاتۆتـــە کایەوە لە سەرکەوتنە یەك لە دویەکەکانیدا .. لەنێو ئەو بڕوا بەرزەی بە فەرمانده مێژوویێکەی کە لـــە خۆی خۆیی بەرێز سەرەکەوەیە .. ســـەرەك فەرمانده صـــدام حســـینو ئیمانە قووڵەوەیە بەدادوەری جەنگی بەرگری نیشتمانیەکەی کە ئەمرۆ دژی دوژمن دەیکا ..

لـــە کۆتاییدا بەرێـــز فەرمـــانـــدەی فەیلەقی پێنجەم ـ لیوا ـ ضیاء الدین جمال ووتی :

بەم بۆنە پیرۆزەوە ، بەناوی خۆمو هەمـــوو هێزەکانی فەیلەقی پێنجەم جوانترین پیرۆز بایی بەرز دەکەمەوە بۆ فەرماندەی قارەمان ســـەرەك صدام حسین .. رۆژی یادی دامەزراندنی سوپای دلێرمان ..

● عەمید روکن .. محمود حمادی عامر .. فەرماندەی هێزەکانی « الشیبانی » ئەڵێ ..

■ هێزەکەمان لەو جەنگانـــەدا بەشدار بووە کە لەو ماوەیەدا بووە .. لەوانەش جەنگەکـــانی « گردەمەند » و « کردەگور » و ناوچەی رابات .. کە بەدلێرییەوە دەجەنگاو بەتوانایێکی بەرزەوە کە لە ئەنجاما زیانێکی گەورەی بە دوژمن گەیـــاندووە . بەسەر و ماڵو کەرەسەو چەکو تەقەمەنیەوەو گۆڕ کردنی خەوەنە پوچەڵەکانی دوژمن .

هەروا .. هێزەکەمـــان توانی « راقم »ی ـ « ١٩٧٤ »ی ـ گرنگو ستراتیژی بکات کە چەندەها جار دوژمن هەوڵی دەدا . بۆ سێجار .. لە پێناوی داگیر کردنی .. بەڵام لە زیانێکی گەورە زیادە تـر هیچیان پێ نەدەکرا .. هەتاگەیشتە رادەی ئەوەی . وەك لەنامەکانیاندا هاتووە ناوی « وەك خۆیان ناویان ناوە » .. « گردی شەهیدان » .

■ عمید روکن لە دوان و باســـــەکەیدا دیسان ئەڵێ :

جەنگی سەرەکی و بەشەرەفی کـە لـە لایەن بەرێزان ئەندامانی سەرکردایێتی گشـــتی هێـزە چەکدارەکانمانەوە ناونراوە .. بە ناوی « المعرکـة التطبیقیة » جەنگی تیپ بووە روژی « ٦ » ئەیلولی « ١٩٨٥ » کە دوژمن هەموو پێداویستەکانی جەنگی بۆ ئامادەو تەرخان کردبوو .. لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو چەشنە ئامادە بوونە کاردەکاتە ســـەر هەندی مەلبەندو بارەگاکانی هێزەکانو دەتوانێ چـــەنـــد شوێنێکی گرنگ بەو شێوەیە دەســـتگیری بێتو لە پاشان رێگە ببرین لەو کەرتانـــە کـــە هێزەکانمان تیایدان .

نەخشەی هێزەکانی « الشـــیبانی » بەپێی ئامۆژگاریو رێنماییەکانی سەرکردایێتی گشتی هێزە چەکدارەکان .. کە لە ماوەی دوو سەعات کەمتردا گەیشتە گۆڕەپانی جەنگ .. لەگـــەڵ ئامادە بوونی بەرێز فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم لەکاتی خویدا .. جەنگ دەستی پێکرد . بەپێی نەخشەو بە وورد و گشتی .. هەموو رێنماییەکانو نەخشـــــە دانراوە پێشووەکان پەیرەوی کرا لە بەرێوەبردنی جـــەنگی بەرگریدا ..

بە پێی ئەوەی سەرکردایێتی بیری لێدەکردەوە . لە هەندی رووداوەو گورانکاری بەپێی پەرەسەندنی هەڵوێست .. هەموو شـــتێك راپەراندرا .. بە دلێریو سوور بوونی جەنگاوەرە قارەمانەکانمان .. لە ئەفسەرانو سەربازان کـــە بریتی بوون لـــە هێزەکان « قاســـم .. غانم .. عبدالمحســـن .. موفق.. زیاد .. و صباح » لەگەڵ بەشدار بوونێکی کاریگەری هێزی ئەرشـەد « راشد » کـــە دورێکی بەرزی هەبوو لە کوتایی دان بەو جەنگە لە روژی « ٩ » ئەیلول پاش ئەوەی هێزەکانمان زیانێکی گەورەی لە دوژمن بدەن .. بە سەروماڵو چەکو کەرەسەی جەنگیان .. بەشێوەیێك هەتا ماون لـــە بیریـــان نەچێتەوە .. لە کۆتاییدا ووتی ..

بەبۆنەی ئەم رێکەوتە نەمرە .. بەناوی خۆمو لەباتی هەڤاڵەکانم لە فەرماندەیی هێزەکـــانی « الشیبانی » سەلاوێکی پر رێزو وەفاداریو پەیمانو بەڵێن .. بەڵێنی مەردانـــە بـــەرز دەکـــەمـــەوە بۆ سەرکردایێتی سیاسیو سوپای ی .. لە سەرویاندا ســـوارچاکمان .. مهیب روکن صدام حسین بەڵێن دەدینە بەرێزی کە هەمیشە سەربازێکی ئامادە بینو ئەو سەربازە بەوەفابە بین لە بەجێ هێنانی ئەرکی نیشـــتمانیمان لـــە چوارچێوەی رێنمایەکانی سەرکردایێتی هۆشمەندماندا ..

● عەمید روکن « قوات خاصـــــة » علی حەمدی مصطفی ـ فەرماندەی هێزی « طلحـــە » ئـەڵێ ..

■ سەرەرای ئەوەی کە هێزەکەمان ماوەیێکی زۆر نییە کـــە پێکهێنراوە .. بـــەڵام بوونی خۆی دوبانو دابین کردوەو ئامادەیە لە بۆ بەرەنگار بوونی دوژمنو گەورەترین زیـــانیـــان لێبدەین .. ئێمە لەوبڕوایەداین .. بەڵکو چاوەروانیان دەکەین کـــە هێرش بێنن . ئەوکاتە ئەزانن و بەچاوی خۆیـــان دەبینن کە بە چ کۆسپیکەوە دەکەون و دەرچوونیـــان بۆ نیە لەژێر لێدانی هێزەکانی « طلحة » کـــە ئەو پەری هێز کوشندەیان بەدەستەوەیە لە چەکی نوێ کە شباوی بەکارهێنانە لە قورســـترین بارودۆخی سروشتێکی گراندا . کە چۆن بە قارەمانێتی تێکو پێکیان دەدەین .

هـــەروا ووتی ..

جەنگاوەرانی فەیلەقی پێنجەم .. دەرسێکی ئەو تۆبیان داوەتە دوژمن لە کەرتەکانی جەنگدا لـــە ماوەی مانگی ئەیلولدا هەتا هەتایە لـــە بیریـــان نەچێتەوە .. دوژمن ویستی کە بەختی خۆیان لەم ناوچەیەدا تاقی بکەنەوە .. بە هاوکاری کردنیان لە لایەن ناپاکانو شارەزایانی ئەم ناوچەیە .. بەڵام .. ئامانجو خەوەنە پووچەڵەکانیان وەك پووچـــەڵ بوو شێوەی پووشی ووشکی هاوین بـــە بـــادا چوو و سوتا و ئالای عیراق بە بەرزی شەکایەوە لەســـەر هەموو لووتکەو شـــاخەکاندا .. کـــە وێنەی سەرکەوتنەکانمانی بەرز دەکردەوە ، کە روویەکە لە رووی خۆیێتی سەرەك فەرمانده .. صدام حسینو رێنماییە پرسوودەکانی کە رێگەیێکی راستەوخۆیـــە بەرەو سەرکەوتنێکی هەمیشەیی .

هەروا ووتی ..

پێشـــــی ئەم جەنگە لەم ناوچەیەدا بەچەند رۆژێك .. بەرێز وەزیری بەرگـــری .. جێگری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانمان تەشـــریفی هینایە ناوچەکەمان .. کە رێز و سەلاوی ســـەرەك پێشەوای گەیاندینێ .. بـــۆ هەموو جەنگاوەران ، بە ئەفـــەرانو سەربازانو ئەوپەری بڕوا و ئیمانی سەرکردایێتی بەسەرکەوتن لەم جەنگەدا .

لە رۆژی « ٩ » ئەیلولدا ـ دوژمن هەســـتا بەدەستدرێژ کردن بۆ سەر کەرتەکـــانی هێـــزی « الشیبانی » لە چوار لای سەرەکییەوە یەکێ لـــە هێزەکانی زرێیبوو مەبەستیدوژمن بەپێی نەخشەکەی گەیشتن بوو بەو جێگایانە کە گرنگو بەدەســـتی ئێمەوەبە .. لەم ماوەیەدا ســـەرکردایەتیمان توانی چەند کەرتو پەلێك پێك بێنێ بۆ یارمەتی دانی هێزە چەکدارەکانمان کە فێری جەنگی شاخاوین .. ئەوە بوو لـــە ماوەیێکی زۆر کـــەمو کورتـــدا لووتکەکان « رواقم » داگیر بکەن سەرەرای چەندی ساردیو ناخۆشی رێگاو بانە شاخاوێکان لە کوتاییدا عەمیـــد روکن « قوات خاصه » علی حەمدی .. ووتی ..

بەناوی هێزی « طلحه » پـــەیمان دەدەینـــە سەرەك پێشەوای خۆشەویستمان هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین کە هەمیشە ئامادەبین بۆ لەتو پـــەت کردنی دوژمن .. لەگەڵ بەرز کردنەوەی جوانترین پیرۆز بایی بۆ بەرێزی بەبۆنەی یادی جەژنی سوپای دلێرمان .

● عەمیـــد روکن عامر محمود کاظـم .. فەرماندەی هێزەکانی « ٤١ » لە دوباتەکەیدا ئەڵێ :

■ پێکهێنانی هێزەکـــەی بەردێکی ترە لـــە بەردی بناغەکـــانی هێـــزە چەکدارەکانمان کـــە سەرکردایێتی دابمەزراندوەو رێکی خســـتووە ..

هەروا ئەڵێ ..

جەنگاوەرانی ئەم تیپە بەشداریێکی گـــەورەیان کردوە لە جەنگی رەواماندا ئەو کاتـــە کـــە رێزی رێکخراوەکانی تری سوپادا بوون .. ئەوەی جێگەی شـــانازییە .. جەنگاوەرەکانمان لە روحو ئیمانی سەرەکەوە توانادارییان پر بۆنەوە .. لەسەرکردایێتی سیاسیو سوپاییەوە .. لە نەخشەو ئامادەکردنێکی جوانو بەردەوام کە لەئەنجاما بووە هێزێکی کاریگەر لـــە بەرپـــەچ دانەوەی دەستدرێژییەکانی دوژمنو تاوانباران ، لە تاقمی رژێمی بێمێشکی خومینی ..

جەنگاوەرانمان .. جەنگاوەرانی عیـــراقی هەمیشـــــە بەبەردەوامی دوپاتی مانەوەی وزەو تواناکانی دەکاتو دەمێنێتەوە لـــە چوارچێـــوەی ئیمانێکی توند تیژی لە سەرکەوتنا ..

لە کۆتاییدا ووتی ..

بەبۆنەی ئەم رۆژە نـــەمرەوە .. رۆژی یادی دامەزراندنی سوپای دلێرمان جوانترین ســـەلاو و بەرێزی بەناوی خۆمو هێزی « ٤١ » بەرز دەکەمەوە بۆ سەرەك پێشەوا .. فەرماندەی ســـەرکەوتو و سەرکەوتنەکانمان ..

هەزار ســـلاو لەگیانی پاکی لە « هەموومان شکومەندتر » شەهیدانی قادسیەی صدام کە گیانی پاکی خۆیان بەخت کردوە لە پێناوی پاراســـتنی نیشتمانو شەرەفمەندی گەلو نەتەوە .

■ هاوکاری ■

Institut kurde de Paris

بەڕێز پارێزگاری سلێمانی لە یادی دامەزراندنی سوپای دلێرمان دا . . . بۆهاوکاری ئەدوێ

بیرەوەریو یادی ٦٥ هەمین ساڵەی دامەزراندنی سوپای عیراقی دلێرو ئازاو دێرینمان ، ئەو یادە مێژوییەی کە تاهو چێژێکی تایبەتی هەیە ، لە دڵو دەروونماندا ، واتەو مانای گەورەش دەبەخشێ بە درێژایی مێژووی پر لە شانازی ، بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی کە عیراقیە ئازاکان جوانترین داستانی پاڵەوانێتی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوی بەرزی عیراقیان تۆمار کردوە.

کاتێ یادی دامەزراندنی ئەم سوپا مەزنە ئەکەینەوە ، کە ڕۆژ بە ڕۆژ سەربازە پاڵەوانەکانی لە بەرەکانی جەنگی پیرۆزو ڕەواماندا سەرکەوتن بەدەست ئەهێنن، بۆ دوژمنی نەزان‌و نەشارەزای ئەسەلێنن کە ئەم سوپایە بەو مێژوو داستانە پر لە شانازییەی خۆیەوە ناسراوە، هەرگیز لەبەردەمی هیچ هێزێکی دوژمندا چۆکی دانەداوە ، ئەوەتا جەنگی ڕەوای قادسیەی صدامی پیرۆز داستانێکی گەورەترە لەسەر لاپەڕەکانی لەو مێژوویە تۆمار ئەکرێ ، ئەو داستانەی کە پاڵەوان‌و تێکۆشەر هەڤاڵی سەرکردە صدام حسین «خوابیبارێزێ» سەرکردەی سەرکەوتنەکانی ئەکات ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەربازە قارەمانەکانی لە زەوی‌و دەریاو ئاسمان مژدەی سەرکەوتنی نوێ ئەدەن بەگەلی عیراقمان ، ئێمە وانەی سەرکەوتن‌و پارێزگاری‌و پاراستنی نیشتمان لەسەرەکی مەزنماتەوە فێربووین ، چونکە سەرکردەی تێکۆشەر لە هەموو هەلسان‌و دانیشتنێکیا لەگشت چاوبێکەوتنێکیا لەبەرەکانی جەنگ لەهەموو شوێنێ ، کە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە ئازایە ئەبینێ ، لەکاتێکا لەبەرەکانی جەنگ لەگەل سەربازەکاندا ئەژی ، هەموو ووتە پیرۆزەکانی ئەبێت بەنیشانەی ئازایی‌و لەناو دڵی هەموو یەکێکماندایە .

ئەو شۆڕە سوارەی کە دەوری باڵای هەیە لەو سەرکەوتنە پر لەشانازیەی سوپامان بەدەستی ئەهێنێ ، ئێمە کە لەسەر پەیڕەوی ئەو پیاوە ئازاو دلێرە ئەڕۆین ، هەرگیز ڕێگا نادەین دوژمنی ڕەگمز پەرستی تاوانبار بێ‌ی گلاویان بخەنە سەرخاکی ئازیزمان ، هەر لەسەر لوتکەی بلندترین چیاوە پارێزگاری ئەکەین تا هۆرەکان‌و گشت بستێکی ئەم خاکە پیرۆزە ، بەڵێنمان داوە بەسەرکردەو تێکۆشەر هەڤاڵ صدام حسین «خوا بیپارێزێ» کە ئالای عیراقمان بەسەر بلندی لەسەر هەموو ماڵێکی ئەم عیراقە بشنێتەوە ،خوێنی شەهیدانی تەنگی ڕەوامان جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆز جوانترین بەلگەیە بۆ ئەم بەرگری‌و وەرە بەرزیەی ڕۆڵە ئازاکانمان . لەکاتێکا سەرەکی فەرمانەدە خۆی بەشداری جەنگاوەران ئەکاو ڕێنمایی‌و ڕێکای سەرکەوتن دەست نیشان ئەکا ، ئێمە هەر بەو بڕوا بەهێزەی ئەوەوە هەروەکو لەبەئەم ڕۆژی جەنگەوە دیارە چۆن سوپای بەزیوی ئەو خوێن ڕێژو هیچ نەزانانە چۆن بەسەر شۆڕی بەرەو مولگاکانیان هەلدین ، بەهیچ شێوەیەك ناتوانن بەرگەی ئیرادەی بەهێزو بڕوای گەلی عیراقمان بگرن . ئێمەش وەك سەربازێکی جەنگاوەر لەیادی دامەزراندنی سوپای عیراقمان جوانترین سلاو پیرۆزبایی لە خۆمان‌و سەرەکی فەرمانەدە هەفالی تێکۆشەر صدام حسین «خوا بیپارێزێ»و گشت سەربازو جەنگاوەران ئەکەین، پشت بەبەزدانی گەورە ئەم ساڵ ئەبێتە کۆتایی سەرکەوتنی هەتاهەتایمان بەسەر دوژمنی داخ لەدڵدا ، هەر سەرکەوتوو بێت سوپای دلێرمان ، هەزار سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆز ، پیرۆزبێت یادی ٦٥ هەمینی دامەزراندنی سوپای ئەبەردمان .

جعفر عبدالکریم بەرزنجی
پارێزگاری پارێزگای سلێمانی

لە جەژنی سوپادا

بەڕێز ڕازگری ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان دەربارەی یادی جەژنی سوپا ووتی :-

● بەڕێز جمال جلال‌ڕازگری ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان‌دەربارەی یادی جەژنی سوپا ووتی :-

لە کاتێکا کە گەلەکەمان بە تێکڕا یادی جەژنی سوارچاکان ، جەژنی سوپاو جەنگاوەری سەر بەرزی عیراق دەکاتەوە ، مێژووی قارەمانیەتی ئەم سوپایە دێتەوە یاد کە بە شێوەیەکی مەردانەو بێوێنە ڕوو بە ڕووی هەموو گێژە لووکەیەکی زەرد بۆتەوە .. لە جەنگی چارەنووسماندا کە عیراقیە شەرەفمەندەکان ماوەی شەش ساڵە دەیکێڕن ،زیاتر لە داستانێکی فیداکاری‌و قوربانی‌دان خۆی دەنوێنێ ...

کەلی کوردمان کە لەم جەنگەدا قوربانی بەردەوامی داوە ، بەتایبەتی لە سیدەکان و بێتجوین‌و بەرەکانی کوشتاردا ، زۆر بە خۆشەویستی‌و گەورەیی یادی ڕۆژی سوپا دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا . وەفاو نمەك داری خۆی بۆ سەرکردەی گەل صدام حسین دووپات دەکاتەوە کە سەربازی ڕاستگۆو بەوەفابن لەڕێی سەرکەوتندا ..هیوادارینین کە هەموو ساڵێك . لە ژێر سێبەری ئەو سەرکەوتنە مەزنانەوە یادی جەژنی دلێران بکەینەوە کە بەعەشق‌و سەربلندی لە سەنگەردا وەستاون‌و هەموو پیلانێکی جادوگەران .

دەپووکێننەوە وعیراق دەکەنە کۆرستان بۆ دوژمنانی بنیات نان‌و گەشە سەندن‌و ڕووناکی .

بەبۆنەی یادی پیرۆزی دامەزراندنی سوپای دلێر و سەرکەوتووی عیراق ..

٦٥ ساڵ

لە سەرکەوتن و پیرۆزی پەرەسەندن و سەربەرزیدا

● شفیق محمود جاف ●

لە هەموو ساڵێکدا .. لە بەرواری ڕۆژی شەشی کانوونی دووهەمدا ، مۆمێکی نوێ پێدەکەین « دادەگیرسێنین » لە ڕێبازی کاروانی سوپای سەرکەوتووماندا ، سوپای گەل‌و نەتەوە .. ئەم سوپایە کە لەو ڕۆژەدا .. لە ساڵی « ١٩٢١ » یەکەمین بنکەی سەرەتای پێکهێنرا و دامەزرا ...

ئەم سوپایە کە لە ڕۆڵە خوێن گەرم‌و پر هەستەکانی نیشتمان پەروەری هاتە کۆڕی گۆڕەپانی پاراستنی گەل‌و نیشتمان‌و نەتەوە ، کە بە هیچ شێوەیێك هەڵوێستێکی لادان لە بەرژەوەندیەکانی گەل‌و نەتەوەو نیشتمان دژی تۆمار نەکراوە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوییدا .. یان هەر چەشن‌و شێوەی هەڵوێستی بێ‌هێزی‌و بێ توانای ... بەڵکو لاپەڕەکانی مێژوو بەشانازییەوە هەڵوێستە بەرزو جوانەکانی بەدیری زێڕین تۆمار کردوە ، وەك لە فەرموودەکەی سەرەك پێشەوادا ـ هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین ـ هاتووە « مێژووی سوپاکەمان پاك‌و خاوێن‌و سپێکی درەوشاوەیە .. هیچ جۆرە هەڵوێستێکی لادان‌و نارێکی لەسەر تۆمار نەکراوە .. ئەوەش کە جێگەی شانازی پێوە کردنێکی بەرزە » .

مێژووی سوپای دلێرمان لە یەکەم سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا دەگاتە شۆڕشی « ١٧ ـ ٣٠ » تەمموزی پیرۆزی ساڵی « ١٩٦٨ » پر و تەژی بووە لە بەشدار بوونێکی ڕاستەوخۆی‌ی لە ئەرکی پاراستنی نیشتماندا ، ئەوەش کە دوباتی شناسنامەی خۆی کردوەو دەیکات لە نێو یەك بوون‌و یەك گرتوویدا لەگەل گەل‌و ئامانج‌و بەرچاوەکانی نەتەوە .. ئەوەش کە دەست نیشانێکی نموونەییە لە چەندی سەربەرزی‌و توانادارى سوپاکەمان لە ناو سوپاکانی تێکڕای دەوڵەتانی ناوچەدا ..

لە ئاوڕ دانەوەیێك بەرەو ڕابردووی سەرەتای پێکهێنان‌و دامەزراندنی ئەم سوپایە کە جێگەی شانازیمانەو ئەمرە لە دڵ‌و هەناو و دەروونی گەلی عیراق‌و نەتەوەدا ، تەنانەت لە فەوجێکی پیادەو کەتیبەیێکی سوارە پێکهاتووە لەگەل هێزێکی بچووك لە توپی شاخاوی‌و دوو پەلی گواستنەوە .. کە تێکڕا و سەرجەمی ژمارەیان نێزێکی « ٢ » هەزار سەرباز بوون‌و لەگەل « ١٠٠ » ئەفسەردا ، ئەم هێزە سوپاییەش بەپێی خواستەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێران ، نیشتمان پەروەران دامەزرا و هاتەکایەوە پاش شۆڕشی « ٣٠ » حوزەیرانی « ١٩٢٠ » لە « ثورة العشرین » .

بێگومان .. مەبەسی داگیر کەر « ئمبریالیزمی ئینگلیزی » لە پێکهێنان و دامەزراندنی ئەم سوپایە ، بۆ لێدانی بزوتنەوەکانی نیشتمانی بووە و پاراستنی هێمنی‌و ئاسایشی‌و بەرژەوەندیەکانی .. بەڵام هەستی ئەم سوپایە کە بە خۆی یەکێکە لە ناوچەرگەی ئەم گەلەوە پێکهاتووە ڕێگەی بە خۆی نەئەدا کە دەست تێکەڵاوی داگیر کەر بێ دژی بزوتنەوەکانی گەل ، بەڵکو شان بە شانی ئەو بزوتنەوانەدا وەستا .. بە هاوکاری‌و هاری‌کاری کردن لەگەل بزوتنەوەکاندا ، دژی داگیرکەر ..

● پەرەسەندنی سوپا ..

لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٤ ـ ١٩٢٦ سوپای دلێری عیراق ڕووی بەرەو پەرەسەندن لە هەموو ئاستێکی سوپاییەوە « لەوکاتەدا » ئەوەش بە کردنەوەی قوتابخانەی سوپای‌ی‌و گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانە کە لەکاتی حوکمی عوسمانیەکاندا ئەفسەر بوون ـ بۆ ڕیزی سوپای عیراقی ..

● لە ئاستی سیاسییدا ..

بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە .. لە ماوەی ساڵانی « ١٩٣٤ ـ ١٩٤١ » پەرەسەندنێکی هەرە فراوان ڕوویدا ، بەتایبەت پاش ئەوەی کە عیراق گەیشتە قۆناغی سەربەستی بەشێوەیێکی ڕەسمی و چوونەوەی بەریزی کۆمەڵەی دەوڵەتان « عصبة الامم » .. بێگومان ئەم چەشنە گۆڕانکاریەو پەرەسەندنە سیاسییە ، لەلایەن ئینگلیزی داگیر کەرەوە بەنارەزایی‌و گومان لێکردن سەیر دەکرا کە نەگونجاوەیە لەگەل باری سیاسەتی نوییدا . بە تایبەت کە ژمارەی سەربازانی عیراق لە سوپای عیراقدا گەیشتە نزیکەی « ٤٥ » هەزار سەرباز .. ئەوەبوو کە داگیر کەر مەترسیێکی پەیدا کرد لەو چەشنە پەرەسەندانە کە ڕوویداوە لە عیراقدا ، کە لە ئەنجاما ئینگلیزی داگیر کەر هەستا بە داواکاری خستنەوەی عیراق بەژێر چاودێری خۆی‌و نەهێشتن‌و قەدەغە کردنی بەچەك کردنی سوپای عیراق بە چەکی نوێ‌و گومان کردنی لە ئەفسەرەلاو و خوێن نیشتمان پەروەران ، لەگەل ئەم هەموو گەمارۆ دانەیدا .. نەخشەی ڕزگاریخوازی نیشتمان‌و هەستی نیشتمان پەروەری لە ناو سوپای عیراقدا ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرەی دەسەند ..

ئەوەبوو لە ساڵی «١٩٤١»دا گەل‌و سوپای عیراق هەستان بە بزوتنەوەکەیان بەلێدانی بنکە سوپاییەکانی ئینگلیز لە عیراقدا ... بەڵام داگیر کەر توانی ئەو بزوتنەوە هەڵوەشێنی‌و تێکی بدات‌و گرتنی ئەفسەرەکانی سەرەکی بزوتنەوەکەو لە سێ دارە دانیان بەدەستی حوکمی پاشایتی لە عیراق ـ پاش دووبارە گەڕانەوەیان لە دەرەوە .

تیشکی ڕۆشنایی‌و بڵێسەی گەرمی ئەو بزوتنەوەیە هەمیشە لە دڵ‌و دەروونی سوپای نیشتمان پەروەر و هێزە نیشتمان پەروەرەکاندا دەجوڵایەوەو چاوەڕوانی هەڵو کاتی شیاوی دەکرد کە بە یەکجاری سەرنگونی ئمبریالیزمی ئینگلیزی بکات لەسەر ئەم خاکەدا .. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٥٨)دا لە (١٤) گەلاوێژدا بە شۆڕشە مەزنەکەی هەستا .. بەڵام ئەم شۆڕشە لە ئەنجاما بەدەستی کوسموبولیەکانەوە گیر هات‌و دووبارە گەڕانەوەی زوڵم‌و زۆری‌و دەربەدەری‌و لە سێ دارە دانی نیشتمان پەروەران‌و ڕاو نانی تێکۆشەران‌و خەباتگێرانی هێزە پارتە نیشتمانیەکان .. لە سەرووباندا تێکۆشەران‌و هەڤاڵانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست کە دەورێکی باڵایان هەبوو لە ئامادە کردنی جەماوەران بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشەو پشتگیری کردنی .. بەتایبەت لە ناو ڕێکخراوەکانی سوپاییدا ..

کە هەڤاڵ تێکۆشەر .. سەرەك کۆمار صدام حسین یەکێ لەو هەڤاڵانە بوو کە دەربەدەری نیشتمان بوو و داوا کراو بوو لەلایەن ڕژێمی قاسمی‌و کاربەدەستان لەو ڕژێمەدا ..

سوپای دلێرمان کە هەمیشە بەرژەوەندیەکانی نیشتمان‌و گەل‌و نەتەوەی لە پێش چاودایەو بەسەری هەموو بەرژەوەندەکاندا دەدا ، لەو هەستەوە ـ هەستا بە شۆڕشە مەزنەکەی .. لە (٨) مانگی شوباتی (١٩٦٣) بەڵام ئەو بووکی شۆڕشانە هێندەی نەخایاند بەدەستی کۆنەپەرستانەوە لە خێرانی عارفی .. « عبدالسلام عارف » خنکاندرا .. و دووبارە گەڕانەوەی زوڵم‌و زۆری‌و چینایەتی‌و دەرەبەگایەتی ..

لە ڕۆژی (١٧ ـ ٣٠) تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ گەورەترین ڕووداوێك ڕوویدا لە ناوچەدا .. ئەوەش سەرکەوتنی شۆڕشی گەل‌و سوپای عیراق لە مەزنترین شۆڕشەکەیدا و گۆڕ کردنی هەمە چەشنە زوڵم‌و زۆری‌و کۆتایی دان بە چینایەتی‌و دەرەبەگایەتی‌و گەراندنەوەی ماف ڕەوایی عیراق لە سامانە نیشتمانیەکانیدا .. لە ژێر ئالای پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بە پێشڕەوی‌و سەرکردەیی سەرەك فەرمانده رابەری ڕێبازی کاروانی پێشکەوتوومان هەڤاڵ صدام حسین لەژێر ئالا و دروشمی یەکێتی‌و سەربەخۆی‌ی‌و سۆشیالیزمیدا ..

ئەوەی کە جێگای شانازی‌و شانازی پێوە کردنە .. لەو ڕۆژەوە کە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست .. بەسەرەکایتی سەرکردەی دلێرمان تاقە شاسواری گەل‌و نەتەوە .. کاربەدەستی حوکمرانی عیراق دەکات لەماوەی ئەم چەند ساڵەکەمەدا لە تەمەنی شۆڕشدا .. سوپای دلێرمان هەنگاوێکی فراوانی ناوە لە هەموو ئاستەکانی پەرەسەندندا .. بەتایبەت لە ئاستی چەکدارییەوە کە هەمو چەشنە چەکی نوێ‌ی بۆ ئامادە کراوە .. ئاسمانی .. دەریای .. ووشکاوی .. کە لە ناو سوپاکانی دەوڵەتانی ناوچەکەدا .. بەڵکو لە ناو سوپاکانی جیهاندا بەنجەی نموونەی‌ی بۆ ڕادەکێشرێ .. لە دلێری‌و مەشق‌و فێبوونی لەسەر بەکارهێنانی هەمە چەشنە چەکەکان بە ئاسانی ، ئەوەشی دوباتکردۆتەوە لە سەرکۆرەپانەکانی جەنگدا .. ئەم جەنگە کە لە لایەن ڕژێمی ئێرانی خومینی تاوانبارو دام‌و دەزگا چەپەلەکەیەوە بەسەرماندا سەپاوە کە لە لایەن ئمبریالیزمی ئەمریکی‌و زایۆنیزم‌و چەند ڕژێمێکی گومان لێکراوی عەرەبییەوە پشتگیری کراوە ؛ لە پێناوی ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی گەلی عیراق لە هەموو ئاستەکانی ژیانا « ئابووری ... کۆمەلایەتی ... ئەندرستی ... ڕۆشنبیری ... سوپای‌ی ... زانیاری » .

سوپای دلێرمان لە هەموو کاتێك‌و شوێنێکدا .. لە هەموو گۆڕەپانێکی پێویستدا ئامادە بووەو خۆی ئاندوە لە بەجێ هێنانی ئەرکی نیشتمان‌و ئەتەوەیدا و کە نموونەیێکە لە داستانێکی بێهاوتای‌ی لە سەرەتای شۆڕشی مابینی (١٩٤١)وە هەتا دەگاتە بەکەمین جەنگی لە خاکی داگیرکراودا (فەلەستین) ساڵی « ١٩٤٨ »و شۆڕشی (١٤) گەلاوێژی (١٩٥٨)و شۆڕشی (٨) شوباتی (١٩٦٣)و جەنگی حوزەیرانی (١٩٦٧)و شۆڕشی (١٧ ـ ٣٠) تەمموزی (١٩٦٨)و جەنگی تەشرینی ساڵی (١٩٧٣) .

بڕوانە ل ١١

Institut kurde de Paris

شەش پرسیاری گرنگ لە بەردەم بەریز بەرێوەبەری ژمێریاری سەربازی گشتی‌دا . . .

ڕۆژنامەی « الیرموك » لەژمارەیەکیدا ، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ بەریز لیوا روکن عبدالحمید الجلیلی بەرێوەبەری ژمێریاری سەربازی گشتی لەوەزارەتی بەرگری سازکرد ، لەبەر ئەوەی پرسیارەکان پەیوەندی هەیە بەکاروباری گشتی سەربازییەوە دەربارەی مووچەو سلفەی عقاری‌و هەندێ لایەنی‌تر .

بەرێزی بەشێوەیەکی کورت‌و ڕەوان وەڵامی داونەتەوە ، بە چاکمان زانی لێرەدا بەزمانی کوردی بڵاوی بکەینەوە .. تا جەنگاوەرە کوردەکانیش کەڵکی لێوەرگرن .

● ئایا ئەو جەنگاوەرانەی بەهۆی بریندار بوونیان لەجەنگی قادسیەی صەدامی پیرۆزدا خانەنشین ئەکرێن ، هەر وەکو برا سەربازەکانیان کە ئێستا لە خزمەتکردندان بۆیان هەیە سلفەی ژن‌هێنان وەرگرن ؟ بۆچی بەرێوەبەرایەتی موچە بڕیاری لەسەر نەداوە ، هۆی ئەمە چی‌یە ئەو جەنگاوەرانە رووبکەنە کوێ لەکاتێکا ئەو دراوەتە دەست خزینەکانی پارێزگاکان ، ئایا ئەوندەی ئەو سلفەیەیان ئەدرێتێ کەسەربازە هاوەڵەکانیان وەری‌ئەگرن ؟

ـ سلفەی ژن‌هێنان بەو سەربازە جەنگاوەرانە ئەدرێت چ ئەفسەر چ سەرباز ئایا تطوعی‌کردبی یاخود لەخزمەتی سەربازیدا بێت مکلفبێت یان ئبحتباط لە بەرواری ١٩٨٤/١/٢٩وە . بڕیارەکەش وایە ئەو جەنگاوەرانەی لەو براوەو پاش ئەوە ژنی هێناوە بەڵگەنامەی پێیەو لەخزمەتی سەربازی بەردەوامە بۆی هەیە کەڵك لەو سلفەیە وەربگرێ . ئەگەر جەنگاوەرێك دوای ئەوەی خانەنشین کراوە ژنی هێناوە بۆی نیە سلفە وەربگرێ ، چونکە سلفە نادرێ بەسەربازی خانەنشین .

● هەندێ لەجەنگاوەران پرسیاری ئەوە ئەکەن ؛ ئەگەر هاتوو جەنگاوەرێك بەهۆی ڕێزلێنانەوە بگوێزرێتەوە بۆ هەندێ کارگێڕایەتی یان بەرێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی بەرگری پێش گوێزانەوە « صنفی » هەبوە وەك هێزی تایبەت ، ئایا ئەتوانێ مخصصاتی ئەو صنفە وەربگرێ ؟

ـ مادە ٣/٦٥ لەیاسای مخصصاتی خزمەتکردنی سەربازی ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٨٠ی دەسکاری‌کراو، تیایدا هاتوە مخصصاتی بڵەو نیشانەو پیشە لەو کەسانە ئەسێندرێتەوە کاتێ لەپیشەکەی خویاندا کارناکەن ، یان پێی هەڵناستن . ئەگەر جەنگاوەرێك لەهێزی تایبەت‌دابوو ، گوێزرایەوە بۆ شوێنێکی‌ترو بەکاری‌خۆی هەڵنەستا بەتەواوی ، ئەو مووچەی پیشەکەی وەرناگرێت ، تەنها ئەوکەسانە وەری ئەگرن کە لە جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆزدا بریندار بوون .

● سەرئەکەین ڕادەی مخصصاتی خێزان « ژن‌و منداڵ » بۆ مطوعەکان ڕێژەیەکی نەگۆڕی وەرگرتوە. کە فەرمانبەران بەو شێوەیەنیە ئێوە چۆن تەماشای ئەمە ئەکەن .

ـ لە سەربازیدا مطوع بەرێژەی ٥٪ی موچەکەی مخصصاتی خێزان وەرئەگرێ ، بەو مەرجەی لە ٣٠٪ی موچەکەی زیاتر نەبێت بۆ ئەو ژن‌و منداڵانەی هەیەتی . هەروەها بۆی‌هەیە ئەو یاسایە هەڵبژێرێت کەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی بڕیاری ٦٥٢ لە ١٩٨١/٥/١٨ بڕیاری لەسەرداوە هەروەکو فەرمانبەرانی مەدەنی . بەڵام ئەوانەی لە ١٩٨٥/٦/٢٤و دوای ئەوە تطوعیان کردوە ، هەر وەکو فەرمانبەران مخصصاتی متدال وەرئەگرن .

● لەکاتێکا لەوموچەی جەنگاوەران ئەبڕێت « استقطاعات » بە ڕادەی ٥٠٪ یان پتر . ئایا ناتوانرێت ئەم ڕادەیە کەم بکرێتەوە ؟

ـ لەڕاستیدا ناتوانرێت ڕادەی ئەو بڕینە کەم بکرێتەوە ، ئەگەر هاتوو ئەو جەنگاوەرەی بڕینی « استقطاعتی » لە (٥٠٪)ش پتربێت هەر ئەبێت لەموچەکەی ببڕێت ، چونکە ئەو بڕینانە ئەگەرێتەوە بۆ لایەنی‌تری جیاواز .

● ئەگەر شەهیدی دووژنی هەبوو منداڵیشی لێ‌بان‌هەبوون ، ئەو موچەیەی کە بۆ خانەنشینی بۆیان ئەبڕێتەوە ، چۆن بەسەر ژنەکان‌و دایك‌و باوکی شەهیدا دابەش ئەکرێت ؟

ـ موچەی خانەنشینی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینیەوە دابەش ئەکرێت بەپێی « قسام شرعی »و ئەو ڕێژە یاسیانەی کە بڕیاری لەسەر دراوە ، ئەوەش تایبەتی هەیە بەو بەرێوەبەرایەتیەوە .

● ئایا بەشێوەیەکی گشتی سلفەی عەقار بەسەرباز ئەدرێت ؟

لەکاتێکا بانقی رافدین ڕادەی ١٥٠ لەسەدی ئەو پارانەی لای کۆئەبێتەوە لەئێوانی شەش مانگدا ئەیدا بەقەرزی عەقاری ، ڕێکخستنی کاروبارتان لەم لایەنەوە بۆ سەربازەکان چۆنە ؟

ـ قەرزی عەقاری ئێستا بە وون‌بوو ، دیل ، هەڵگرانی نیشانەی ئازایی ، وسامی رافدین‌و شۆڕش ئەدرێت . ئەم قەرزە کەئەدرێت بەوانە پەیوەندی بەو پارەو ڕادەیە نیە کەلە بانقی رافدین کۆئەکرێتەوە .

ب ـ هەڵۆ ئامادەی کردوە ..

ڕۆژی ٦ی کانوونی دوو

دامەزراندنی سوپا

سەرگول تەیمور



ـ پێش (٦٥) ساڵ بووکاتێ یەکەم ڕوەك نێژراو گەورە بوو ڕەگ‌و ڕیشەی‌لە ناخی گەلی عیراقیدا داکوتاو بوو بە پارچەیەك لەم‌گەلە ئەمە بوو سوپای عیراق کە بەئازایەتی لە ڕووی‌دوژمناندا ڕاوەستاو ئازایەتی هەموو جیهانی سەر سوڕ‌ـماوکردو سەربەستی بۆ میللەتی عیراق لە سەر‌ـکەوتنەکانیدا لە قادسیەی صدامدا دابین کرد ، بۆهەمیشە عیراقی‌یەکان وەك دارخورماکانی سەربەرزبن‌وبزەی سەر لێوی منداڵانیان ببێتە تیشکی ڕۆشنایی‌وناواتی دوا ڕۆژ .

شەش ساڵ جەنگ دژی دوژمنی شەڕ فرۆشی چاو چنوك پشت بەخوا هەر سەرکەوتوو بوین‌و هەر سەرکەوتووش دەبین ئەمەش نیشانەیەکی ڕۆشنە لە مێژوی تازەی وڵاتەکەماندا. ئەم سەرکەوتنە هەمیشەیی‌یانەی سوپاکەمان لە بەرچاوی سەرکردایەتی شورش‌و حزب بوو بۆیە لە لێپرسراوانی داواکرد کە مێژووی ڕۆشنی ئەم سوبایە بنووسنەوە ، دەستیشکرا بەم نوسینەوەیەو سەرەتای لە ساڵی ١٩٢١ دەست پێدەکات تا ساڵی ١٩٦٨ واتە لەو کاتەوە عیراق چووتە (عصبە الامم) تا بەرباکردنی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموز .

بۆچی ڕۆژی ٦ کانونی دووەم بوویە ڕۆژی سوپا ؟

ـ وەزارەتی بەرگری نیشتیمانی لە ٢٥ـ١٠ـ١٩٢٠دا دامەزراو ، دوای دامەزراندنی حکومەتی نیشتیمانی کە عبدالرحمن النقیب سەرەك وەزیرانی بوو بنەڕەتی سوپای عیراقیش لە ٦ـ١ـ١٩٢١ دانرا ئەمەش جیاوازی دامەزراندنی وەزارەتی بەرگری دامەزراندنی سوپای عیراق نیشانەدەدا هەرچەندە ماوەکەی نیوانیان کەم بوو . بەڵام بۆ بەتایبەتی ڕۆژی ٦ـ١ چونکە لەو ڕۆژەدا دە ئەفسەری عیراقی بوونە بنەڕەتی دامەزراندنی ئەم سوبایە (وەك لەژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٢١ی ڕۆژنامەی العراقی بەغدایی‌دا نووسراوە) بەم دە ئەفسەرەش دیوانی وەزارەتی بەرگری نیشتیمانی دامەزرا کە بریتی بوون لەم دە ناوە :

عقید عبدالحمید احمد ، مقدم عبدالرزاق کوڕی یاسین الخوجە . سەرەك یەکەم بکر صدقی کوری شوقی العسکری . سەرەك یەکەم توفیق وهبی کوری معروف، سەرەك یەکەم سعید حقی کوری محمد ، سەرەك یەکەم شاکر کوڕی عبدالوهاب . سەرەك محسن کوڕی علوش، ملازم دوو رشیدکوری خضیر .ملازم دوو عبدالحمید کوڕی محمد . ئینجا جێگا کۆنەکەی مندوبی سامی بەریتانی لە بەرامبەر سینەمای ڕۆکسی ئیستا بوو بە بارەگایان لەم چەند ئەفسەرەش دائیرەی ئەرکانی جەنگ‌و مدیریەتی تەسجیلی گشتی‌و دائیرەی بێتویستی‌و نووسینگە پێك هاتن تا ساڵی ١٩٤٦ ئاهەنگ بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە نەدەکێڕدا .

دوای ٦ کانونی ١٩٢١ چەکی سوپا گۆڕرا لە چەکی عوسمانی‌یەوە بۆ چەکی ئینگلیزی ئەمەش ئەبێ سەر لەنوی دەورەی تازە بکرێتەوە بۆ فێربوون .

لە ١ـ٦ـ١٩٢١ یاسای دەرگای (تطوع) کرایەوە کە ئەفسەرەکان زۆر سەربان سوپما لە بەشداری کردنی گەرمی ئەوخەلکە .

لە ١ـ١ـ١٩٣٦ یاسای خزمەتی (ئیجباری) هاتە کایەوە .

جەژنی سوپای جەژنی عیراقە

سمیرە محمد علی

٦ی کانوونی دووەم ، جەژنی سوپای عیراقە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عیراقی قارەمان ئەوە بۆ ٦٥ ساڵ دەچێت کە ئەم سوپا ئەبەردو بەجەرگە دامەزراوە لەم ڕۆژە پیرۆزە عیراقی‌یەکان مێژوویەکی ئەمریان بیردەکەوێتەوە کە پرە لە داستانی پاڵەوانیەتی‌و ئازایەتی‌و لاپەڕەی پرشنگدارو ڕووناکیان لە سەر هەردوو بواری نیشتیمانی‌و ئەتەوەیی تۆمار کردووە ، سوپای دلێرمان بەرهەڵستی لە دوژمنی گەل‌و ئەتەوەی عەرەبی کردووە بۆ بەرگری کردن لە شەرەفمەندی‌و سەربەرزی نیشتیمانە ئازیزەکەی‌و بیروباوەڕی گەلە فیداکارەکەی لە عیراقی صدام حسین‌دا ..

بەدرێژایی مێژوو و ڕۆژگاردا سوپای عیراق هەمیشە سوپای گەل بوودو داواکاری نیشتیمانی‌و ئەتەوەیی بووەو بەشداری لە هەموو شۆڕەشەکانی گەل کردووە دژی ڕژێمی کۆنەپەرستی‌و دیکتاتوریەت ، هەروەها دلێرانە بەشداری لە هەموو ئەو جەنگانەی کردووە کە وڵاتی عەرەب دژ بە دوژمنە تەماحکارەکان کردوویەتی ، بە ڕاستی بەرگری کەری سەربەخۆیی‌و سەربەرزی عیراق‌و سامانی عیراق‌و هەموو شتێکی پیرۆز بووە .. هەروەها وەکو بەستێکی پتەو بووە کەوا هەموو پیلان‌و کودەتایەکی دوژمنان هەیە بەرامبەری تێك شکاوەو تێك دەشکێت ..

سوپای عیراقی لە پێشڕەوی هەرچی سوپای عەرەب بووە کە بەرگری لە خاك‌و شەرەفمەندی‌و سەروەری نەتەوەیی کردووە بۆ شەشت‌و پێنجەمین جارەیە ئاهەنگ بەم بۆنە ئەمرو پیرۆزە دەگێرین لە کاتێکدا سوپای بەجەرگ‌و پاڵەوان دژی ڕژێمی فارسی ڕەگەز پەرست دەجەنگێت دژی دەجاڵەبێ مێشکەکانی قوم‌و تاران بەرگری لە نشتیمان‌و شۆڕش‌و گەل دەکات دژی دەست درێژکەرە ئێرانی‌یەکان کە وا هەمیشە خەیالیان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم خاکە پیرۆزە پیس بکەن . ئەیانەوێت گەلەکەمان مل کەچیان ببن‌و کرنۆشبان بۆ بەرن ، نازانن گەلی خۆڕاگرنووی عیراق هیچ هێزێك لە جیهاندا نایچەمێنێتەوەو مافی خۆی بە خوێن ئەپارێزێت . بۆ شەشەمین ساڵەیە ڕووداوەکان ئەودیان سەلماند دوژمنی ئێرانی بووشوستی دوای نووشوستی یان تووش بوو و زیانی سەروماڵیان پێ‌گەیشتوە ئەمەش ئەنجامی دەستکەوتی خۆیانەو لە کەللەڕەقی‌و بڕیاردانیان لەسەر بەردەوامی جەنگ نایەخواردوە ڕێگای شەڕ ویرانی‌یان گرتۆتە بەر . بەڵام قارەمانیەتی هێزە جەنگدارەکانمان‌و قوربانی دان‌و فیداکاریان بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی جەنگ . لە پاڵ ئەمانەشدا هۆیەکی سەرەکی هەیەو بە هۆیەکی یەك بەلادا چەر دەژمێردرێت ئەویش هەڵوێستی گەلەکەمانە کەلی عیراقی فیداکار لە جەنگی دادودریماندا ئەو هەموو بەخشش‌و قوربانی دانی بێ سنوورەی‌و ئەو دەست پێشخەرو داهێنانەی لە هەردوو بواری جەنگ‌و بیناکاریدا ئەمانە بوونە هۆی سەرکەوتنی عیراق‌و نووشوستی‌و شکستی بن بەبەی ڕژێمی گومان لێ کراوی دامار ...

جوگەرا جوێن ڕێزەکانی ئێران بێتوبە سەدەها جار بیربکەنەوە بێش لەوەی خۆیان بەدەست درێژی بەسەر عیراق تووش بکەن چونکە هەر دەست درێژیەك دەبێتە کارەساتێکی گەورەی خۆی وەرئەگرێت‌و سزادان‌و کاول‌بوون دەبێتە لێدرەو دەکات‌و هەموو دەزگاکانیان تێکدە شکێنێت .

ئەگەر بێتو ئێران بیر لەوە بکاتەوە دەست درێژی بەسەر عیراق بکات با ئەوە بزانێت کەوا هەروا بە ئاسانی بە سەری ناڕوا بەلکو پاداشتی گەورەی خۆی وەرئەگرێت‌وسزادان‌و کاول‌بوون دەبێتە مایەی دەستی بەسایەی هەڵو بەجەرگەکانمان کە بەشێکی گرنگی سوپای عیراقن ـ ئازایانە تاران‌و هەموو شارەکانی ئێرانیان هێنایە لەرزین ـ ئەمە شتێکی تازەنیە بەپێسەت ئێران‌و شتێکە ناشاردرێتەوە ـ بەڵام ئازایەتی تەواویان نیەدان بەوەدا بنێن کە بەرگەی دەستی عیراقی‌یەکان ناگرن ـ دەبینین پێیان خۆشە مردن‌و کاول بوون وێرانی هەموو ئێران بگرێتەوە چاکترە لەوەی لە هەڵەیەکی مێژوویی کردوویانە باشەکشە ببنەوە ، ئەویش هەڵەی دەست درێژی کردنە بەسەر عیراقی مەزن ..

عیراقی سەرکەوتوو زۆریان لێ دەکات دان بەبێ دەسەڵاتی‌و چارە ڕەشی‌یان بنێن‌و ڕێگەی ڕاستی‌و هەق بگرن‌و گەلانیان لەوە زیاتر دەربەدەر نەکەن‌و لە کاروانی پێشکەوتن‌و شارستانیەت دووریان نەخەنەوە ...

ئێمە کاتێك ئاهەنگ بەشایی جەنگاوەرە دلێرەکانمان دەگێرین پڕ بەدڵ خۆشیمان‌و باوەڕی پتەومان بە پاشە ڕۆژ دەبێت کە ئەو سەرکەوتنەی وەدەستمان خست لە ماوەی ئەم شەش ساڵە هەمیشە گەورەتر دەبێت‌و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەسپاوتر دەبێت .

سەرکەوتن‌و سەربەرزی بۆ سوپای مەزنمان .

سڵاوی خۆشەویستی بۆ سەرکردەی سوپاو گەلەکەمان ... سەرکردەی سەرکەوتن (صدام حسین) .

ئەمری .. بۆ شەهیدانی قادسیە کە لە هەموویان شکۆدارترن ...

ساڵی نوێ‌و سەرکەوتن

ڕۆژ بە ڕۆژو ساڵ بە ساڵ کاتێك ژیان تازە دەبێتەوە ، مرۆڤ ناوات بە زۆر شتەوە دەخوازێ ، بەڵام ڕاستی‌یەك هەیە کە قەت نکۆڵی لەگەل ناکرێ ، ڕۆژ بە ڕۆژ هەموو ساڵێك هەموو عیراقیەکان ناوات دەخوازن سەرکەوتنی نوێ تر لە بەرەکانی جەنگدا بێتە دی ، ساڵ بە ساڵ ناوات دەخوازن خوای گەورە دەست بە بانی سەرکردەی ڕابەرو سوپا دلێرەکەمانەوە بگرێت ...

کەچی لە ئێرانی خومەینی گەلان بە تێکڕا ناوات دەخوازن ئەو ڕژێمە کرێ گرتەی «خومەینی»و دارو دەستەکەی مەرکی خۆیان ببێنن ...

هەموو ساڵێك ، لە لای عیراقیە بە جەرگەکان ، سەرکەوتنی نوێ تر تۆمار دەکرێ ، چونکە بڕیاریان داوە لە سەرکەوتن سڵ نەکەنەوە. بڕیاریان داوە هەموو ساڵێك نەخشەی دەیان چیرۆکی پڕ پاڵەوانیەتی تۆمار بکەن ساڵەکانی تەمەن ڕەت دەبن ، ئەو نەزانە هەڵخەڵەتاوانە جگە لە سەر شۆڕی هیچی تر نادوورنەوە . جگە لە شکستی‌و دۆڕان لە هەموو کەرتەکانی کوشتار هیچی تر بە چاوی خۆیان نابینن .... چونکە دەیانەوێ خۆری وڵاتێك بگرن کە بە منداڵ‌و پیری‌و بە ئافرەت‌و پیاوی هەموویان چەك هەڵدەگرن‌و بەرگری لە پاراستنی ئەم عیراقە خۆشەویستە دەکەن‌و هەمیشە نایەڵن خۆری پیرۆزی دڵنیابوونی لێ ناوا بێت ... بە خوێنی ئالیان قوربانی دەدەن ... بۆ ئەوەی ووشەی سەرکەوتن لە ڕووی هەموو ژیاندا نەخشی‌کەن ...

هەموو ساڵێك مرۆڤی عیراقی بە جەرگ هیوای تازە دەبێتەوە ... بیناکاری لە عیراقدا بەرە دەستێ .. کەچی لە ئێرانی سێدارە ، ڕووخان‌و وێران بوون دەبێتە بەشیان ...

لە عیراق . ئاوەدانی بەرز دەبێتەوە لە ئێران لە جیاتی ئاوەدانی‌و هەموو هۆیەکی پێشکەوتن ، مرۆڤ بە پەتەوە دەکرێ .. .

ئەمسالیش کاتێك پێشوازی ساڵی نوێ دەکەین. هەموو جەنگاوەرێك ماچ دەکەین ... چونکە ڕۆژانی ساڵمان لێ دەکات بە موژدەی هەموو سەرکەوتنێك .....

کەوا بێ جەژنی سەرکەوتنتان شاد .

ـ هیواطە ـ

Institut kurde de Paris

لەجەژنی سوپای دلێردا

هاوولاتیانی هەولێر و سلێمانی قوربانی دانی خۆیان دووپات دەکەنەوە

لە کاتێکدا کە یادی جەژنی سوپای دلێرمان دەکەینەوە ، سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن لە بەرەکانی کوشتاردا تۆمار دەکرێ ، لەم جەژنە پیرۆزەشدا ، عیراقیەکان بە تێکڕا ئاهەنگی خۆشەویستی دەگێڕن ... یادی ئەو رۆژەی کە سوپا دامەزرا ... ئەو سوپایە بازوو پۆلایینە کە ماوەی شەش ساڵە سەرکەوتن دەنەخشێنێ لە هەولێرش ، وەك هەموو پارێزگاکانیتر ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەوە دەستی پێکردووە کە تیایدا کۆمەڵانی خەڵك قوربانی دانی خۆیان بۆ بەرگری لە خاکی خۆشەویست دووپات دەکەنەوە ... ئەمەش بەشێکی ئەو پیرۆزبایی لێ کردنەیە کە تیایدا وەفاداری گەل بۆ سەرەکی فەرمانده صدام حسین و سەرکردایەتی یە لێ هاتووەکەمان دووپات دەبێتەوە .

● **بەرێز فیصل پیرداود سەرەکی یەکێتی نەقابەکانی گرێکاران ووتی :**

لە رۆژی جەژنی سوپای ئازامان‌دا کە رۆژێکی مێژوویی عیراقە ؛ مانی خۆمانە کە ئاهەنگ بگێڕین بەیادی ئەو سوپایە بەرزەی کە بە باوەڕێکی زیندووی پۆلایین توانی لە مێژووی نوێدا چەندان داستانی نوێ تۆمار بکاتو مەردانە دەست درێژی کورتە بالاکانی قومو تاران بداتەوە کە دەیانەوێ پەلامار بدەنە عیراقی سەربلندو جەنگاوەران پەندێکی وایان دانێ کە بەدرێژی مێژوو بیریان نەچێتەوە .

● **بەرێز عمر میکائیل لێپرسراوی بەشی رۆشنبیریو راگەیاندنی یەکێتی ووتی :**

سوپای عیراق بە باوەڕو لێ هاتوویی ئاسراوە ، بە تایبەتی لەو جەنگەی کە رژێمی دووا کەوتووی ئێران سەپاندیە سەر وولاتە خۆشەویستەکەمان ، بەو شێوەیە کە بوونە نیشانەی خۆراگرتنو قوربانی‌دانو بە شێوەیەکی دلێرانە خاکو ئابرووی عیراقیان پاراستو ئێستاش بەهەمان وورەی مەردانە دەجەنگنو سەرکەوتن تۆمار دەکەن .

● **بەڵام هاوولاتی بەرێز حاجی حامد ووتی :**

مێژووی عیراق پڕە لە نموونەی فیداکاریو قوربانی‌دان ... بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەمموزی ئەمر کە عیراق کەوتە قۆناغێکی‌تر .. سوپای قارەمان باشترین وێنەیەکی ژیانی نوێمانە کە بە وورەیەکی هەرەبەرزی پیاوانە عیراقی ئازیزی پاراست ... بە خوێن وێنەی سەرکەوتنیان کێشا .. بۆیە کە یادی جەژنەکەیان دەکەینەوە ، لە گەڵی‌دا یادی سەرکەوتن دەکەینەوە ...

● **خاتوو ئەحلام غریب ووتی :**

بەشی ئافرەتیش لە جەنگی قادسیەی صدام‌دا هەبوو و بەوپەڕی شانازی لە تەك پیاودا وێستوویەتی دەوری خۆی ببینێ .. سوپاش لەم جەنگە پیرۆزەدا نموونەی راستەقینەبووە لە خۆبەختکردن .. بۆیە ئافرەتان لەم جەژنەدا بە شێوەیەکی تایبەتی ئاهەنگ دەگێڕن کە بەقەد ئەم رۆژە گەورەو پیرۆزێ ... چونکە سوپا هەموو ئەرکێکی مێژووبی راپەڕاندو جەژنەکەشی لە دلی هەموواندایە .

● **بەرێز عبدالخالق احمد ووتی :**

رۆژی ٦ی کانوون ، رۆژی ئەو سوارچاکە مەردانەیە کە عیراقی شکۆداریان لە چنگی هێرشە درندەیی‌یەکانی رژێمی دووا کەوتووی هەڵخەڵەتاوی ئێران پاراست ... سوپای ئازامان ، بەدرێژی مێژووی دروستبوونی بەشداری لە چەندان شۆڕشو راپەڕیندا کردووە ، کە لە هەمووشیاندا هەر سەرکەوتووە .. خۆ لە جەنگی قادسیەی ئەمردا ، بووە نیشانەی سەرکەوتن ؛ پیرۆزبێ یادی دلێران .

● **خاتوو پەیمان تاهر ووتی :**

دایکان . لەم جەنگە رەوایەدا چەندان کوڕو کەو کاریان پێش‌کەش بە جەنگو بە نیشتمان کردووە ... چونکە رۆڵەکانیان لە پێناوی هەقو مێژوو . لە پێناوی سەربلندی عیراق شەهیدبوون ، ئەمەش مانای ئەمری‌ی دەگەیەنێت ...

لە رۆژی سوپا ، گوڵ بۆیەخەی ئەو سوارچاکانە کە توانیان عیراق بکەنە گۆرستانی داگیرکەران ..

● **هاوولاتی خالد خۆشناو ووتی :**

هەموو عیراقیەك شانازی بە سوپایەك دەکات کە سنووری وولاتە خۆشەویستەکەمان بپارێزێ ... بۆ ماوەی شەش ساڵ بجەنگێ .. جەنگێك کە بۆ هەموو دنیای روون کردەوە کە هیچ هێزێك نیە بتوانێ دەست بۆ عیراقی ئازیز درێژ بکاتو جەنگێك کە بە سوپاو گەل هەموو نەخشەیەکی دوژمنکاری ئێرانی رەگەز پەرستی پووچەڵ کردەوە ...

● **شێرزاد عبدالرحمن ●**
ـ لقی هەولێر ـ

کاریتی

پیرۆزبایی

* لە رۆژی سوپادا وەفاداری گەل بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین *

بە ناوی نەقابەی ژمێریاران‌و وردبینانی لقی سلێمانی پێخۆشحالی خۆمان دەرئەبڕین . بە بۆنەی بیرەوەری ٦٥ هەمین ساڵەی دامەزراندنی سوپای مەزنمان پیرۆزبایی خۆمان پێش‌کەش بە سەرکردایەتی پارتو شۆڕش لە سەرو هەموویانەوە سەرەکی فەرماندە هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین ، «خوا بیپارێزێ» هەموو سەربازە جەنگاوەرە ئازاکانمان ئەوانەی بەخوێن پارێزگاری لە سنوری وولاتمان ئەکەن .

ئێمەش کە ژمێریاران‌و وردبینانی سلێمانین بەڵێنی وەفاداری‌و خۆشەویستی خۆمان دووپات ئەکەینەوە . کە هەمیشە سەربازێکی بە وەفابین لە پارێزگاری کردنی ئەم خاکە شیرینەمان . هەرگیز رێگای دوژمنی داخ لە دل نادەین بە هیچ شێوەیەك پێ بنێتە خاکمان سنورمانی بۆ ئەکەنیە کۆڕستان هەزار سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدامی پیرۆز سەربەرزی‌و شکۆمەندی بۆ سەربازە دلێرەکانی فارەمان هەڤال صدام حسین «خوا بیپارێزێ» .

وەهاب سعید فرج
نەقیبی ژمێریاران‌و وردبینان لقی سلێمانی

لە یادی دامەزراندنی سوپا دلێرەکەی سەکردەی بەوەفاو فەرماندەی تێکۆشەر هەڤال صدام حسین «خوا بیپارێزێ» گەرمترین پیرۆزبایی لەگشت گەلی عیراقمان ئەکەم بەم بۆنە سلاوی خۆمان پێش‌کەش بەگشت جەنگاوەران‌و سەربازە دلێرەکانمان ئەکەین لە بەرەکانی جەنگ . بەخشندە بی‌و پیرۆزی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدامی پیرۆز . سەرکەوتن بۆ سوپای ئازامان بەسەرۆکایەتی هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین «خوا بیپارێزێ» .

ماجد یاسر حسن
ئەندامی لێژنەی کاروباری سانەویەکان لێپرسراوی پەیمانتا لە سلێمانی

بە ناوی لێژنەی کاروباری پێشڕەوانی سلێمانی لە یادی (٦٥) شەصت‌و پێنج هەمین ساڵەی دامەزراندنی سوپای قارەمانمان سوپای قادسیەی صدام پیرۆزبایی گەرم پێش کەشی سەرەکی فەرمانده هەڤالی تێکۆشەر کاك صدام حسین «خوا بیپارێزێ» ئەکەین .

ئێمەی پێشڕەوانی سلێمانی لەکاتێکدا پیرۆزبایی خۆمان پێش‌کەش بەو جەنگاوەرە دلێرانە ئەکەین کە لەبەرەکانی جەنگ بە خوێن سنوری وولاتە خۆشەویستەکەمان ئەپارێزن . لە هەمان‌کاتدا بەڵێنی وەفاداری و دلسوزی بۆ جەنگاوەران‌و سەرەکی فەرمانده هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین «خوا بیپارێزێ» بەڵێن‌تازە نەکەینەوە . کەئێمەش سەربازێك‌بین بۆ ئەو رێگا پیرۆزە کە هەمیشە گەلی عیراقمان شانازی پێوە ئەکات . بەو سەرکەوتنە پڕ لە شانازیانەی ئەو سوپا دلێرە بەسەر فارسە رەگەز پەرستەکاندا رۆژ لەدوای رۆژ لەبەرەکانی جەنگ‌دا بەدەستی دەهێنێ .

دلێر بابا شێخ احمد
لێپرسراوی پێشڕەوانی سلێمانی

بەبۆنەی یادی بیرەوەری ٦٥ هەمین ساڵەی دامەزراندنی سوپای عیراقی مەزنمان پێخۆشحالم ، گەرمترین پیرۆزبایی لەناخی دڵمەوە پێش‌کەش بەسوپای ئازاو نەبەرد بکەم ، کە هەموو کات لەسەر کەوتندایە ، بەسەر دوژمنە فارسە رەگەز پەرستەکاندا بە رابەری‌و سەرکردایەتی سەرکەوتوو بەتوانا هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین «خوا بیپارێزێ» لێرەدا بەڵێنی وەفاداری نوێ ئەکەینەوە ، کەسوربین لەسەر سەرکەوتنی هەمیشەیی بەسەر ئەو هێزە بەزیوەی خومەینی بەزان‌و نەفامدا کە ئاگری شەڕ بەکیانی رۆڵەکانی ئێران خۆش ئەکا . هەربۆی یادی دامەزراندنی سوپای قارەمانمان .

فریال محمد رشید
ئەندامی لێژنەی کاروباری قوتابیان سەر بە یەکێتی نیشتمانی قوتابیان‌و لاوانی عیراق لقی سلێمانی

ئەو سوپا ئازایەی کە هەمیشە جێگای لە بەرزیدایە سوپای بەختەوەریی‌و سەرکەوتن‌و کەرامەت . مێژوی بالەوانیتی ئەم سوپا ئەبەردە لە هەموو هەڵوێستێکا دیارە لای دوست‌و دوژمن ، بکرە دوژمنان چاکی ئەناسن ، کەواتە بەسەر بەرزییەوە ئەڵێم پیرۆزت بێت یادی لە دایك بوونت . پیرۆزت بێت یادی ٦٥ هەمین ساڵەی تەمەنی پڕ لە قوربانی‌و سەرکەوتن .. ئێمەش بە ناوی جەماوەری قوتابیانەوە . بەڵێن نوێ ئەکەینەوە کە وەفادارین بەرامبەر نیشتمان و بیروباوەری سەرکردایەتی شۆڕش . لە بیرۆزی وشە بەنرخەکانی سەرەکی فەرمانده هەڤال صدام حسین «خوابیپارێزێ» ئەو راستیە وەربگرین دلسوزبین بۆ ئەم نیشتمانە ئازیزە .. لە کۆتایدا چەنکە گوڵی رازاوە ئەکەینە دیاری بۆ سەر گۆڕی ئەوانەی لە هەموومان بەخشندە ترن . شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆز .. پیرۆزبایی ئەم رۆژەش لە هەموو ئەو جەنگاوەرە بەشەرەفانە ئەکەین هەموو رۆڵەیەکی ئەم عیراقە . کە بە سەربەرزی‌وە بەشداری جەنگی رەوامانیان کردوە دژی دوژمنی فارسی رەگەز پەرست .

منذر عبودی سعید
جێگری سەرەکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان‌و لاوانی عیراق لقی سلێمانی

بەبۆنەی یادی (٦٥) ساڵەی دامەزراندنی سوپای عیراقی مەزن‌و سەرکەوتوومان خۆم بە بەختیار دەزانم کەبەناوی پێشمەرگانی پارێزگای سلێمانی . جوانترین پیرۆزبایی لەسەرەکی مەزنمان صدام حسین «خوابیپارێزێ» و سوپای قارەمانمان بکەین بەتایبەتی لەم کاتەدا سەربازە نەبەزەکانمان ، نەبەزانە دەست لە دوژمنی نەزان دەوەشێنن پیلانەکانیان پوچەڵ دەکەنەوە ، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن ، هەربەم بۆنەیەوە بەڵێن نوێ دەیەکەینەوە بۆ هەمای تێکۆشەر شۆڕە سواری قارەمان کاك صدام حسین کە گشت کات ئامادەین بۆ خۆ بەخت کردن لە پێناوی نیشتمانی خۆشەویستمان هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانمان سەرکەوتن بۆ سوپای نەبەردمان سەربەرزی بۆ عیراقی خۆشەویستمان .

عبدالوهاب اسماعیل سعید
ئەندامی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان‌و لاوانی عیراق ـ لقی سلێمانی ـ
لێپرسراوی رێکخراوی پێشەنگان

Institut Kurde de Paris

سەرکردەو... سوپاو... سەرکەوتن

● وریا سعدالله محمد ●

سەرکردەی گەل خەبات گێر صدام حسین دەڵێ :

« ئێمە نامانەوێ سوپای عیراق تەنیا بەرگری لە سنووری عیراق بکات ، بەڵکو دەمانەوێ سوپا ببێتە شێری دیار دژی دوژمنان » ..

شتێکی روون و ئاشکرایە کە یەکێك لەو هۆیانەی کە بووە بناغەی سەرکەوتنەکانمان لە جەنگی قادسیەی صدام دا سەرکردایەتی کردنی وریایانەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بووە ، کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی جەنگی ڕەوامانەوە بەو پەڕی دانایی و بەشێوەیەکی وورد وەکو رابەرێکی دلسۆز توانی وەکو ئەندازیارێکی سەربازی بە توانا رابەرایەتی جەنگ بکات ...

جگە لەوە ، سەرکردەی گەل بەوپەڕی توانا ئامۆژگاری و راسپاردەی بەجێی پێش کەش کرد ، ئامادەبوونی لە زۆربەی سەرکەوتنەکانماندا بووە هۆیەکی گەورە کە جەنگاوەری عیراق بە وورەیەکی بەرزەوە بچێتە بەرەکانی جەنگ ، چونکە سەرکردە صدام حسین خۆشی لە گەڵیاندا لە سەنگەر دابوو .

راسپاردەکانی سەرەکی فەرماندە نەك تەنیا لە رووی سەربازییەوە بوو ، بەڵکو هەمیشە لە نزیکەوە راستی ئەوەی بۆ روون کردنەوە کە عیراق لە پێناوی هەقدا شەڕ دەکاو لەسەر ئەو بنەڕەتە جەنگاوەری عیراق چەك هەڵدەگرێ بەو شێوەیە کە فەرمووی :

« ئەم سوپایە بە باوەڕو سوپای نامەیە .. لە هەموو ئەوانە جیا ئەکرێتەوە کە بێ نامەن ، لە هەموو ئەوانە جیا ئەکرێتەوە کە بێ ئۆقرەن .. لە رووی قوربانی دانو ئامادەبوون » .

سەرکردەی گەل بەکردەوە لە جەنگاوەری عیراقی کەپاند کە لەپێناوی چی دا شەڕ دەکات ...

چەسپاندنی ئەم بیروباوەڕەش وای لە جەنگاوەری عیراقی کرد بەگیانێکی نوێو بەرزترەوە شەڕ بکاتو نموونەی ئەم راستیەش لە تۆمارکردنی سەرکەوتنەکاندا رەنگ ئەداتەوە . سەرکردەی گەل ، هەمیشە داوای کردووە کە سوپا لە رووی رۆشنبیریەوە خۆی ئامادەبکاتو ئەم لایەنە زیندووی زۆر بە ووردی شێ کردۆتەوە ..

ئەمەش لەو تێ روانینەوە کە سوپای ئەمڕۆ سوپای دوێنێ نیەو پێویستی بە خۆ ئامادەکردن هەیە لە رووی مێشك و دەوڵەمەند بوونی ئاستی ڕۆشنبیری سەرکردە صدام حسین کاتێك لە سەنگەردا بەرامبەر بە دوژمن دەبینرێ ، ئەو راستیە دووپات دەبێتەوە کە سەرکردە پیاوی رۆژەو چەندە بە خۆشەویستی لەگەڵ جەنگاوەری عیراق بەشداره لە ژیانی بەرەی کوشتارو دروستکردنی مانای سەرکەوتن ...

جەژنی سوپا جەژنی سەرکەوتن

ـ هەامەت محمد ـ

هەموو ساڵێك ، لە سەرەتای ساڵ ، عیراقیە شەرەفمەندەکان لە دەروونەوە ئاهەنگ بە یادی ڕۆژی سوپاوە دەگێڕن ، ئەو سوپالێ هاتووەی کە ماوەی شەش ساڵ بەرگری لەخاکی پیرۆزی عیراق دەکات لە دەست خومەینیو دارو دەستە فین لە دڵەکەی کە خۆیان لە هەموو کردارێکی مرۆڤایەتی روت کردۆتەوە.

جەژنی سوپا . ئەمڕۆ . تەنیا هی سوپا نیە . بەڵکو هی کرێکارو جوتیارو قوتابیو هەموو کەرتەکانی کۆمەڵە . چونکە سوپای عیراق هی هەموو گەلە. بۆیە گەل مافی خۆیەتی شادیو کامەرانی خۆی بەم ڕۆژە ڕەنگینە دەربڕی کاتێك ئاهەنگی ڕۆژی سوپا دەگێڕین . ئەو مێروووە ڕی شانازیمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەم سوپایە بە درێژایی دامەزراندنیو بە تایبەتی لە ساڵانی جەنگی ڕەواماندا بینیویەتی کە بووە بە نیشانەی فیداکاریو قوربانی دان . سوپای عیراق بە دلێری ناسراوە . لایەڕەکانی مێژوو زۆر بە کەورەیی یادی ئەو داستانە گەورانە دەگاتەوە کە تۆماری کردوون ..

ئەو جەنگەی کە ئێران سەپاندیە سەر وولاتە خۆشەو نیستەکەمان ، بەتەواوی ڕوونی کردەوە کە سوپاکەمان چەندە بە ئازایانە روو بە رووی کبژەلووکەی زەردی ئێران بۆتەوە . هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی دەست بێکردنی جەنگو بەدرێژایی ئەم جەنگە . لێ هاتوویی و توانای ئەم سوپایە دەرکەوت . ج لە رووی باوەڕ هاتن بە ئامانجەکانی گەلو . چ بەنەخشەی تەواو لە جەنگدا ...

جەنگاوەری ئەمڕۆی عیراق بە باوەڕ شەڕ دەکا ، بۆیە لە هەموو هەنگاوێکدا سەرکەوتن تۆمار دەکات، سەرکردەی کاروانیش هاوڕێ صدام حسین هەمیشە لەتەك جەنگاوەری بەجەرگی عیراق لە دروستکردنی سەرکەوتندا نەخشەی ئەندازیاری سەربازی کێشاوە ..

ئەمسالیش کە یادی جەژنی سوپای هەموو گەل دەکەینەوە ، دووبارە وێنەی ئەو جەنگاوەوە گەورەیە دەبینن کە چۆن بە خوێن قوربانی دەدات ... بۆیە لە جەژنەکەیدا . هەموومان بەتێکڕا گوزارشی خۆشەویستی دەڵێین ، چونکە سوپا مەدالیای سەرکەوتنمانە ئاهەنگی جەژنی سوپای دلێر ، ئاهەنگی سەرکەوتنە بەسەر ئەو ڕژێمە بۆ گەیەی ڕۆژ بەڕۆژ سوپاکەی بەرەو شپرزەبوون دەچێتو ، ناتوانێت لە سەرچۆك بووەستێت ... چونکە عیراق هەموو کات لە هەڵوێستی هێزەوە ڕادەوەستێو بەر پەچی دلێرانە دەداتەوەو خەونی کورتە بالاکانی ئێران دەپووکێنتەوە .

نوێشکێك

لە مێژووی سوپای عێراق

● جمال احمد ●

دوای هەرەس هێنانی سوپای تورکی لە جەنگی جیهانی یەکەمو لە ڕۆژی ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ سوپای بەریتانیا شاری « موسل »ی داگیر کردو بەم شێوەیە دەسەڵاتی خۆی سەپاندە سەر هەموو خاکی عیراق دوای چوار ساڵ شەڕی بەردەوام : لەو کاتەشدا ئەو هێزەی لە عیراقدا هەبوو بریتی بوو لە « سوپای داگیرکردن » ... دوای شۆڕشی عیراق لە ساڵی ١٩٢٠ بریار درا بە دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی کە ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوەی دەبرد ..

بەمەرجێك پاشایەکی عەرەبی دابندرێ بۆ پێکەوەنانی میری .. ئەوەبو وەزارەتی نەقیبی یەکەم بەسەرەکایەتی « عبدالرحمن نقیب » دامەزرا ، ئەمەش لە ڕۆژی ٢٥ تشرینی یەکەم ١٩٢٠و « جەعفەر عەسکەری » بووە وەزیری بەرگری ئەم وەزارەتە .

ئینتر زۆربەی ئەفسەرانی عیراق گەڕانەوە وولات .. وەزارەت بریاریدا بە سوپایەکی عیراقی بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە نامەیەکی دیاری سەر بە خۆیی و بەم شێوەیە لە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١ سوپای عیراق دامەزراو لە یەکەم جاردا لە خانووی « عبدالقادر خفیری » نیشتەجێ بوون ...

دوای کۆنگرەی « قاهرە » کە وەزیرانی بەرگری تێیدا بەشداربوون ، بریار درا بە دامەزراندنی دەستەو دایرەکانی سوپای عیراقو دامەزراندنی ئەفسەران . لە ڕۆژی ١٢ی شوباتی ١٩٢١ عەقید « نوری سعید » بەوەکیلی گشتی هێزەکانی سوپایی دامەزرا ، کە هێشتا سەرەکی هێزە چەکدارەکان نەبوو دوای تەواو بوونی دەزگاکانی بارەگای گشتی ، بریار درا بە دانانی لێژنەی تایبەتی سەربازی کە بریتیبوو لە « ١٩ » لێژنە بۆ یەکەم جاریش دەست کرا بە رژێمی « تطوع »و لە قۆناغی یەکەمدا ٣٣٤ کەس جلی سەربازییان لە بەرکردو چەند ئەفسەرێك تەرخان کران بۆ بەڕێوەبردن .

ئەوجی یەکەم لە ٢٨ تموزی ١٩٢١ دامەزراو ناونرا بە « موسی کاظم » لە ژێر چاوەدێری دیوانی پاشایەتی . لە ٢٠ی ئابی ١٩٢١ کەتیبەی « خەیالە ». لە ئەنجامی زۆربوونو بەرەسەندنی کەرتەکانی سەربازی لە پایتەختی عیراق ، لە ڕۆژی ٢٦ تموزی ١٩٢١ دەزگای ڕێکخستنی سەربازی دامەزراو بارەگای بۆڕێك خرا . بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٢١ ژمارەی ئەفسەرانی عیراق بوو بە « ١١١ » ئەفسەر و ٢٥٠٥ سەرباز لە هەموو بەشەکاندا .

لە ٦ی ئازاری ١٩٢١ کەشتیەك گەیشتە بەسرە کە چەندان ئەفسەری عیراقی هێنایەوە کە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی سەد ئەفسەرو فەرمانبەر . لەو ماوەیەدا ، پێویست بو کە سوپای عیراق لەبەکتر جیا بکرێتەوە لە رووی کاروبارو شێوەی بەشەکانی ... لە نیسانی ١٩٢١ ئەنجومەنی وەزیران بریاریدا بە لابردنی ناز ناوی « پاشا »و « بەگ »و « ئەفەندی » ...

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧ ژمارەی سوپا گەیشتە « ٥٢٦ » ئەفسەرو « ٩١٦٨ » سەربازو « ٧٢٤ » کرێکارو لە ١٩٢٧ یەکەم جار پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەربازی پاشایەتی دەرچوو بە شێوەی ئەفسەری سەربازیو ژمارەیان « ٢٩ » لە خەلکی شارو « ٨ » کەس لە گوند .

لە ١٩٢٨ « ١٧ » قوتابی لە سوپا وەرگیران بۆ راهێنان لە کاروباری فرۆکەوانی ..

لە ١٩٣٣ بەشەکانی سوپا زۆرتربوونو فەوجی دوانزەهەم دروست بوو .. یەکەم بەشی ئەندازیاریش هەر لەو ساڵەدا هاتەکایەوە .. « مەلیك غازی » لە چەند بەشێکی راهێنانی بەشداربوو ..

ئینجا باسای بەرگری نیشتمانی بریاری لە سەر درا ..

لە ساڵی ١٩٣٩ قوتابخانەی ئامادەکردنی سەربازی دامەزرا .. کە دەرچوانی قوتابخانەی ناوەندی تیایدا وەرگیران .. بۆ ئەم مەبەستەش ڕژێمێکی تایبەتی بۆ قوتابخانەی سەربازی پاشایی پێکەوە نراو « کۆلیژی سەربازی » دامەزراو خوێندن تیایدا دوو ساڵ بوو . ڕۆژ بە ڕۆژو ساڵ بەساڵ ژمارەی سەربازی زۆر بوو ، بەشی نوێی تێدا کرایەوە ، خەلك زۆرتر بەرەو پیریەوە چوو ، بەو رادەیە کە پیشەی سەربازی بووە پیشەیەکی پیرۆزو خەلك بە تاسەوە دەچوونە ریزی ، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی تەموزی ئەمر کە شۆڕش بایەختێکی تەواوی دایە باری ژیانو گوزەرانی سەربازو هەموو هۆیەکی حەسانەوەی ژیانی بۆ مسۆگەرکردو دوای شۆڕش سوپا بوو بە سوپای باوەڕو بەرگری مێژوویی لە خاکی عیراقو بنیات نانو دەسکەوتەکانی شۆڕش کرد .

هەولێر : بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر .

● سەرچاوە :

الجيش الشعبي ـ الذكرى الستون ـ دائرة التوجيه السياسي ـ وزارة الدفاع .

سوپای عێراق

ـــ زینب حسین

لە شەشی کانوونی دووەمی ئەم ساڵەدا لە هەموو ساڵەکانی تردا . جەماوەری عیراق تێکڕا بە کوردو عەرەبو تورکمانو ئاسوریو هەموو نەتەوەکانی ئاهەنگی پیرۆز دەگێڕنەوە بە بۆنەی چەژنی دامەزراندنی سوپای عیراقی نەبەز .

سوپای عیراقو سەربازی عیراق جێگایەکی بەرزی هەیە لە ناو دڵی میللەتی کورد ، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم سوپایەو هەتاکو ئێستا .

گەلی عیراقیش هەموو ڕێزی خۆی بە سوپای عیراقو سەرۆکەکەی داوە . سەرەکی فەرماندە صدام حسین (خوابیپارێزیت) .

هەروەها ڕێزی بۆ ئەو ئەمرانەیە کە خوێنی خۆیان بەخشی بۆ فیدای گەڵو نیشتمانیان لە هەموو جەنگاکانی عیراقدا بە تایبەتی جەنگی ڕەوامان جەنگی قادسیەی صدامدا دژی فارسە رەگەز پەرستەکان .

لە مێژووی شەڕە لە کۆنی کۆنەوە پێش سەدەها ساڵ بەتایبەتی لە سەردەمی جاهلیەتو ئیسلامدا دەنگی ئافرەتن لەو سەردەمانەدا سەبارەت بەو شەڕانە یەرز بووەتەوە .

لە پێناوی ئەو جەنگانەدا چەند ئافرەتێك ناوبان لە لایەڕەی مێژووی شەڕ تۆمار کرا .

کە خۆبەختکردنی خۆی پێشان داوە بۆ دایکی نیشتمان .

هەروەها لە جەنگی جیهانی دووەمدا چەندەها ئافرەت دیلکران و دەربەدەر بوون .

پاش شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی ئەمر ـ چەند دەست ـکەوتێك بۆ ئافرەتان پێشکەش کرا بۆ ئەوەی بتوانێت بە هەموو هێزو توانایە شان بە شان لەگەڵ پیاوا شەڕ بکات .

هەر بۆ نموونە ئافرەتی ئەمڕۆ لە سوپای میللییەو چەکی لەسەر شانە هەروەها بربن پێچەو یارمەتی دەری برا عسکەرەکانە لە خەستاخەنەکانە .

لەم ماوەیەدا کە عیراق بەردەوامە لە شەڕی لەگەڵ خومەینی جادوگەر هەموو پیلانەکانو ئاواتەکانی کە دای نابوو هەموو بە فێڕۆ چوو هیچی دەست نەکەوتو هیچیشی دەست ناکەویت .

چونکە سوپاکەی بە بیرو ـ و باوەر شەڕ ناکات بە پێچەوانەی سوپای قارەمانی عیراق هەروەها سوپای ئێران شکاو بەرەو رووخاند دەروات .

سوپای عیراق لە کاتێ کە شەڕی لەگەڵ فارسە کانداکرد بەراستی گەیشتە پلەیەکی بەرز لە هێزو توانا بە جۆرێك وای لێ هات کە بێتە بەکەمین سوپا لە ناو ڕۆژهەڵاتدا .

ئەتوانین لەم شەڕدا ئەوە روون بکەینەوەو دووپاتی بکەین کە سوپاکەمان لەم شەڕدا فێری دەرسێکی بە نرخ بوو . لە جەنگی قادسیەی صدامدا ، کە هێزو توانای خۆی چەسپاندن هەزار سڵاو بۆ شەهیدانی قادسیەی صدام هەزار سڵاو بۆ ئەو سوپایە کە گیانو خوێنی تەرخان کردووە بۆ پاراستنی خاکو گەل هەزار سڵاوو سەربەرزی بۆ شۆرەشەکەمان شۆرشی ١٧ـ٣٠ تموز بـ سەرۆکایەتی سەرەکی بەرێز کاك صدام حسین (خوابیپارێزیت) .

Institut kurde de Paris

لکەرق رۆژلەنلاتامیسان

قارەمانیت هێزا «پاشای» ؛

سەرکەفتن یان شەهیدبوون

● وەصفی حسن ●

بێ گومان سوپایێمە سوپایەکێ قارەمانو مێرخاسەو شیا بو جیهانێ خویا بکەت کو ژ راستا سوپایەکێ ب هێزو شیانەو ل ساڵا شەشێ ژ شەرێ مە د ژێ رژێما خومەینی یا درندە فێ لەشکەری سەرکەفتن لدویف سەرکەفتنێ بجھ ئینا بو ملەتێ عیراقێو بو مە هەمیا خویایە کو ئەف لەشکەرە نهو ب هێزترە ژ ساڵا ئەولی ژ شەری .

ل جەکێ پێشکەفتی ژ ئەردێ کەرێن فەبلەقا جواری مە سەرەدانەك برە سەنگەرو خەندکێت هێزا (پاشا)ی ئەوا سەرەکێ قوماندار گوتین (التشکیل البطل) یانکو هێزا قارەمان ... ئو ب رێڤە بەری بکەهینە بارەگایێ هێزی مە زانی کو ئامرێ هێزا « پاشا »ی ژ هەڤالێت سەرەکی یە چنکو هەلگرێ (چوار) نیشانێت مێرخاسیێیە .

لپێشیێ مە داخازکر ژ شەرکەر (پاشا خلف ناصر) ئامرێ هێزا (پاشـــای)ی بومە باخفیت لسەر هندەك شەرو کریارێت هێزا خو :

■ هێزا مە ژ هێزێت قارەمانەو نافدێرە ل فەبلەقا جوارێو فێ هێزێ ژ روژا دامەزراندنا وێ ل نیسانا ساڵا (۱۹۸۲)ێ هەتا نهو گەلەك شەرو کریارێت سەرکەفتی دگەل هێزێت خومەینی بێت کری بکرە ژ چیاو دولو نهالاو دەشتو ئەهواراو لهەمی جها الحمد لله ئەم د سەرکەفتی بوینو مە دوژمنێ شکاندیو شەرمزار کریو ب خو را نەگەهشتیەو ژبەر فێ چەندێ دێ بینی گەلەکا ژ شەرکەرێت هێزا مە دور یا سێ نیشانێت مێرخاسیێ بێت هەین .

● ئاخفتن لسەر شەرا ب راستی ئاخفتنەکا پیروزو هەژی یە ، مە دڤێت بزانین کیش سەر لجەم تە گرنگترو هێزا ترە ؟

■ ب راستی هەمی ئەو شەرێت مە کری دژی هێزێت شەرمزارێت خومەینی د هەژی ئەو گەلەك جهێ خو یێ د دلێمنداو دلێ هەمی عیراقبادا لێ شەرێ ژ هەمیا گرنگترو ب تام تر شەرێ (شیب)ە ، هێزا لفی شەریدا ل ساڵا (۱۹۸۳) و لبەروکا بو هاتیە تەرخان کرن ب راستی شەرەکێ دژوارو درندەو قارەمانانە کر دژی هێزیت خومەینیو زوی تر ژ هەمی هێزیت دی هێزامە دوژمن دا پاشو ب رەڤا خورا نەگەهشتو مە ئەزدێ شیب کرە گورستان بو ڤەمایێت خومەینیو ب سەدا مە ژوانا گوشتنو مە ب سەدا ئێخسیر کرنو ژبلی فێ مە دەستێ خو دانا سەر هەژمارەکا مەزن ژ چەکێ هێزیت دوژمنی .. هوسانێ شەرکەرێت مە ژ قارەمانیت هێزا (پاشا)ی نەهێلا عەجەمێت نەفام ئێك بوهست ژ ئاخا عیراقێ یا پیروز بستینن ... ئو وەك مەگوتی مە گەلەك شەرێت کرین لێ ژ وانا بێت گرنك شەرێ شەڤا (۳) ئاداری ل ساڵا (۱۹۸٤)ێ ل کەرتێ روژهەلاتا بەسراو شەرێ (عوزیر) و شەرێ (مخفر غزیل) ل کەرتێ روژهەلاتا میسانو شەرێ دەڤەرا (پنجوین) ئەڤەو

ژبلی شەرێت بچویكو سڤك .

● تو چەند جارا هاتیە خەلاتکرن ژ لایێ سەرەکێ فەرماندەو خەلاتکرن لنك تە چی یە ؟

■ چار جارا ئەز بێ هاتیمە خەلاتکرن ژ لایێ سەرەکێ قوماندار (صدام حسین) ، دوو نیشانێت مێرخاسیێ ل شەرێ (شیب) و نیشانا سیێ ل شەرێ (مخفر غزیل) ل روژهەلاتا بەسراو نیشانا چارێ ل شوباتا (۱۹۸۳) ل شەرەکێ شیب ئەز بریندار بوم و من قەبول نەکر ب زفرمە پاشیێو ئەز مام بەردەوام دشەریدا هەتا مە دوژمنێ خو شکاندیو مە نەهێلای بسەر ئاخامە ڤە بهێن ... ئەڤجا خەلاتکرنا من ژ لایێ سەرەکێ قوماندار ڤە جهێ سەرفرازیا منەو ڤێ خەلاتکرنێ پتر بو من هێزو شیان پەیداکرن کو بەرەڤانیا ئاخا عیراقێ بکەم عیراقا نوی عیراقا سەرەك (صدام حسین) .

● پشتی مە ئزن ژ ئامرێ هێزی خواستی مە ڤەست کرە (توجیه سیاسی) ل هێزا (پاشا)ی و شەرکەر (حسین سالم عبدالجبار) لسەر دەورێ توجیهێ ئاخفتو گوت :

■ بێ گومان (توجیه سیاسی) لناڤ رێزیت لەشکەری دەورەکێ گرنگ دبینیتو ئەم لفێ هێزێ هەر پانزدە روژا کومبینا بەرهەڤ دکەین بو بەحسکرنا گیروگرفتاو چارەسەریا وان ، هەروەسا ئەم هەر دەھ روژا کوریت رامیاری دبەستین بو بەحسکرنا تاوانانیت خومەینێ دەجالێ چەرخێ بیستێ ، هەروەسا ئەم لهەمی هەلکەفتنیت نیشتیمانی ئاهەنگەها سازدکەینو پیشەنگەهیت

تەشکیلی ئەدکەین بو سەربازیت هێزێو هوسانێ هەمی دەما ئەم د ئامادەبنە بۆ هەمی کریارا هەتا سەرکەفتنا دویماهیێ بسەر خومەینی بێ دوژمنێ تاوانبار .

ئو دەمێ مە سەرەدان بریە خەندەکیت پێشیێ قارەمانیت هێزا (پاشا)ی گەلەك کەیفا خو ئینا بفێ سەرەدانێو ڤاخازکر کو ب رێکا روژنامە (هاوکاری) سلاڤیت خو بگەهێنە سەرەکێ قوماندار ...

ئەڤجا ئەڤ شەرکەرە (کاظم رسنو ستار جبارو عصام عبدالوهابو فوزی شرهانو خمیس محمد حسنو ریاض محمد و عبدالکریم راشدو صالح سعید سودانیو حازم خزعلو خضیر عباسو لیث محمود و عدنان عبدالرحمن و باسم صکبان و چکو عبدو و مشکور ناصو و الیاس خودیداو عبدالزهرە عناد ... هتد .. گەرمترین سلاڤیت خو دهنێرن بو سەرکردایەتیا پارتو شورەشێ بتایبەت سەرەکێ قوماندار (صدام حسین) و پەیمانێ نوی دکەنەڤە کو بمینن سەربازیت وەفادار بو پارستنا ئاخا عیراقێ یا پیروز .

هاوکاری لدەڤەرا بەرواری بالا دناڤ

شەرکەرێت فەوجا ۵۸ ی یاسڤك

سپێدەهیا روژا ۱۹۸٦/۱/۲ د ناڤ نهال و گەلیت پر بەفر دا و دناڤ چیایێت بلند دا د ناڤ هندەك چەپەرا دا لدەڤەرا برواری بالا مە چاڤ پێکەفتنەك لگەل جەنکاوەرەکێ پالەوان کر ..

ئەو جەنکاور هێزا چیایی دیوایی دوسکی (مستشار)ێ فەوجا ۵۸ یا سڤك و ئەندامێ چڤاتا نیشتیمانی .. مە ژێ خاست بو مە ئاخفتنەکێ لسەر فەوجێ بکەت و چەند پسیار مە ژێ کرن و بەرسڤامە دا .

● هێزا چیایی فەوجیت سڤك دەستکەفتە کە ژ دەستکەفتیت شورەشێ بو گەلێ کورد . تو چەوا د بینی فێ دەستکەفتی ؟

— ب راستی فەوجیت سڤك د ناڤ گەلێ کورد دا دەستکەفتە کە ژ دەستکەفتیت شورەشا ۱۷ ـ ۳۰ تیرمەها پێشکەفتن خاز و ئەڤێ دەستکەفتێ دەلیڤە دا بشکەکا مەزن ژ گەلێ کورد بو چەك هلکرتنێ ژ بو پاراستنا وەلاتی .

● ئەرێ فەوج گەهشتی یە چەندێ و کەنگی دەست پێ کریە .

— ب فەوجا مە دەست پێ کر روژا ۱۹۸۵/۸/۱ و ژ پێشیێ دا گەلەك وولاتیا و بتایبەتی ژ گەنجیت دەڤەرێ بەرێ خودایێ و دەست پێ کر ژ فەوجیت دی خو ڤە کوهاستن بو فەوجا ۵۸ و ب چەند روژەکیت پێشیێ ژمارا فەوجێ درست بو و بو نە (۱۰۰۰) شەرکەر و فێ گاڤێ ژمارا فەوجێ یا کە هشتیە (۲۵۰۰) شەرکەرا و (۱۵۰۰) شەرکەر د ئامادەنە دێ چەکی وەرگرن .

● هێزا چیایی تو چەوا شەرکەرێت فەوجێ د بینی بو پاراستنا وەلاتی ..

— ئەز و شەرکەرێت فەوجێ د ئامادەینە بو پاراستنا وەلاتی و هەر جهەکێ هەبیت بەس قوماندارێا مە یا سیاسی بێژیت ئەم د ئامادەینە چونکی هەر جهەکی هەبیت هەر پاراستنە ژ وەلاتی .

براستی ئەس و بتایبەتی دڤی دەمێ وەلاتێ مە تێدا د بوریت ئەز وەسادبینم و پێتڤیە کو هەر وولاتیەك دست بافێژتە چەکی و وەلاتێ خو بپراێزیت ژ هەر تەماعکارەکی .

پاشی مە چاڤ پێکەفتنەك کر لگەل نقیب محسن یحیی علی جێگرێ ئامرێ فەوجا ۵۸ یاسڤك و عاژی گوت :

براستی ئەم د بینین کو گەلێ کورد بجاڤەکێ رون بەرێ خو ددتە فەوجیت سڤك و جەك هلگرتنێ و ئەڤە دیار بینە کە ژ نیشتیمان پەروەریا گەنجیت کورد ژ بو پاراستنا وەلاتی و بو موکوم کرنا جهبهێ ناڤخویی . و دا راوەستانەکێ بدەنە کاریت خراب کرنێ یێت کو کرێگرتی و خوفروش بو بیانیا پێ رادبن و فەوجیت سڤك تشتەکێ پێشکەفتی بو د دەڤەرێ دا و بو پشتەڤانیەك بو پاراستنا وەلاتی دژی رژێما نەفاما ئیرانی و ئەڤە هەمی هاتیە کرن بچاڤ دێریا قوماندارێا پارت و شورەشێ و بتایبەتی سەرەکێ تێکوشەر صدام حسینی خودێ بهێلیت .

و فەوجیت سڤك پشتەڤانەکێ موکومە و دەورەکێ مەزن یێ هەی بو جهکرتنا وان وەحدیت د چنە جهبهەی و لڤبرێ یا دیارە کو پێ چێبونا فەوجیت سڤك ژ بو پاراستنا جهبهێ ناڤخویی و

شەرکەرێت وی د ئامادەنە بو خۆ گۆری کرنێ بو عیراقا خو یا مەزن بسەروکاتیا سەرەکێ هێزا صدام حسینی .

پاشی ن.ع نوری سلمان حسین سەربازەکە ژ

فەوجا ۵۸ یا سڤك و ئەڤ گوتنە لسەر فەوجیت سڤك کر و گوت .

هندی فەوجیت سڤکە پێنگاڤە کە ژ بێنگاڤیت پێش کەفتی یێت جڤاتا قوماندارێا پارتو شورەشێ بو پێ رابونا وان بو موکوم کرنا جهبهێ ناڤخویی و پشتەڤانیەکا بهێزە بۆ لەشکەرێ عیراقێ یێ قارەمان و ئەم دناڤ فەوجیت سڤکدا ئێك دەستین ژ مستەشاری و ئامری و شەرکەرا و سەربازا هەمی ئێکن ژ بو پاراستنا وەلاتی وبهێزا ڤان جەنگاوەرا دێ وەلات هەردەم سەربلندبت وئالا وێ دێ یا بەرزبتو ڤان روژا ئەم بیرهاتنا (٦٥) ژ پێك ئینانا لەشکەرێ مەیێ قارەمان پیروزباهیا قوماندارێا پارتو شورەشێ دکەینو بسەروکاتیا سەرەکێ بەرکەفتی صدام حسینی وبیروزباهیا هەمی سەربازیت پالەوان دکەین ئەویت کو ئەڤە بترە ژ (۵) ساڵا دراوەستاینە لبەرسنگێ دوژمنیو دربیت بهێز لێددەت و ئاخامە دپارێزن .

و لدیماهیی هێزا چیایی دیوایی دوسکی (مستشار)ێ فەوجا (۵۸) یا سڤك کارتەکا پیروزباهیێ بنافێ خو وشەرکەرێت فەوجێ برێکا روژنامە هاوکاری بلندکر بو سەرەکێ قوماندار صدام حسینی و ئەڤە دەڤا وێیە .

بنافێ خوو بنافێ شەرکەرێت فەوجێ ئەم پیروزباهیا قوماندارێا پارت و شورەشێ دکەین ب بیرهاتنا (٦) کانونێ جەژنا قارەمانا جەژنا وان کەسیت کو ئەڤە نێزیکێ شەش ساڵا یە وەکی شێرا لبەر سنگێ رژیما خومەینی راوەستاینە و ئەم لجهێ خو ئەهدێ نوی دکەین بو سەرەکێ تێکوشەر کو هەردەم دئامادەبینو بهاترین تشت ئەرزانکەین ژ بو سەرکەفتنا عیراقا خویا مەزن وژبو پاراستنا دەستکەفتیت شورەشا ۱۷ ـ ۳۰ تیرمەها پیروز و هیڤیامە هەر سەرکەفتنە بۆ گەلێ عیراقێ .

جسیم دوسکی ـ لقی دهوکێ

Institut Kurde de Paris

لە بادی شانزدەهەمین ساڵەی دەرچوونی (هاوکاری)دا .

ئەستێرەی ووشەی کوردی

● ڕۆژنامەی (هاوکاری)، تەنیا ئەستێرەی پرشنگداری هەفتانەی ووشەی کوردی‌یە. لە ئاسمانی ڕۆشنبیری‌و کەلچەری کوردی‌دا وورشەی دێت‌و دەدرەوشێتەوەو . تەنیا ئامێزێکی دڵسۆزە . دوگمەی سینەی خۆی بۆ هەموو بێنووسە دڵسۆزە بەئمەکەکانی کوردزمانی ئەتەوەکەمان ئرازاندووەو ، تەنیا دایکێکی بەرچاو فراوان و سنگ فراوانە ، باوەشی خۆی بۆ هەموو ڕۆڵەکانی ئەتەوەکەمان کردووەتەوەو ، بە یەك چاوی یەکسانی‌و بێ جوداوازی‌ئ‌کردن ، دەست‌و یەنجەی سۆز بەسەر ئزی ووتارو هۆنراوەو بیروڕاو ڕەخنەو لێکۆڵینەوەکانیان‌دا دەهێنێت‌و ، ئاهەرینی خامە بیدارە ساڵ‌ئەکردووەکان دەکات !

● ڕۆژنامەی (هاوکاری)، وا شانزدە ساڵی تەمەنی خۆی بە هەموو نووسەرێك ڕاگەیاندو . ئەوەتا مۆمی هەندە ساڵەی خۆی داگیرساند ، بە هەمان هێزو ووزەو هەڕەتی لاوێتی‌ی خۆیەوە ، بە بشتگیری‌ی هەموو بێنووسێکی کوردزمان لە کوردستانی ئازیزمان‌دا ،بەرە بە ڕێڕەوی بەردەوامی خۆی دەدات‌و ، هەردەم لایەڕە ڕازاوەکانی خۆی بە گەردانەی زێڕینی بیری نووسەرە کوردەکان‌و ، بە ڕستەی خاوێنی کوردی‌ی بێنووسە دڵسۆزەکان دەڕازێنێتەوەو کاروانی ووشەی ڕەسەن بەرەو پێشتر دەبات .

● دیسانەوە ماوەیەکی دوورو درێژە ، بە جەستە لە (هاوکاری)یەوە دوورم ،بەڵام بە بیرو بە گیان (ڕۆح) لێ‌یەوە نزیکم ، لە دووری‌و لە نزیکی دا بیر لە ڕوخساری پرشنگدارو قەدی بڕ بێتی ئەم دڵڕفێنەم دەکەمەوە ، کاتی هەڵهاتنی ئەستێرەی دەزانم ، چاوی بۆ هەڵدەخەم ،لەناو چەندین ئەستێرەدا هەڵی‌دەبژێرم‌و جوان جوان دەیناسم ، بە سنگەوەی دەگرم‌و ، چاوی بیسری بێ‌دەڕێژم .

● وا هەندەهەمین مۆمی خۆیی داگیرساند ، هەڕەتی لاوی‌ی خۆی ڕاگەیاند ، دیسانەوە ، ئاواتە هەرە دێرینەکەمان سەرهەڵدەداتەوە ، ئەو ئاواتەی لە دڵی بەسۆزمان‌دا چەکەرەی کردووەو جووڕەڕەی شین‌کردووە ، کەی بێت ئەك هەفتەی دووجار بەڵکوو هەموو ڕۆژێك جارێك ،چاوی بیرمان بە ڕستەی جوانی (هاوکاری) بڕێژین‌و لە ئامێزی بگرین .

بەم بۆنەوەیەش هیوای تەمەن‌درێژی بۆ (هاوکاری) دەخوازین‌و دەستی ڕێزو ستایش لە دەستەی نووسەرانی (هاوکاری)و ئەو کەسانە دەنێین ، کە بە ڕێك‌و پێکی (هاوکاری)مان ، هەموو هەفتەیەك ، بۆ بڵاودەکەنەوە.

موکەرەمەرەشید تاڵەبانی

کارتی پیرۆزبایی

لە ئاسۆی چەند ساڵەی جاوەڕوانی‌دا . خۆرێکی بڕتەو هەڵهات ، ڕۆژێکی نوێ ،وەرزێکی نوێ‌و بەهاری ستانێك بە سەر وادەی سەهۆل بەندانا .

خەون سەوز بوو ، لە دامێنەوە تا چاو بڕکاو دل حەزکاو خوا بێ‌ی خۆش بێ بوە جیهانێ لەگوڵاڵە سوورەی ئاوی چاو بەرو ئاسمانێ بەختیوەتی نێرگزی چاوکەش بەڕێ لە دایك بوون بوە جلودی ڕەوتی جوانی بارانی پیت‌و هات‌و ئەڕ لە بری وەرزی وشك‌و بێ بەیی لە هەر دڵزێکی ئەم بارانە نادارە کە ژاوەیەکی فریشتەی خوای جوانی‌و خۆشەویستی‌و سەرفرازی تیادا بوو ڕۆژان هات‌و ساڵان بووە ساڵەها گوڕی هەرزەیی تافە تافەی کەیبە سەر قووچەی ئاسمانی باڵا. خەرمان لە دوی خەرمان بە دەوری وشەی بێ گەردو ڕوناکی کوردیانەدا دەنەخشاو ڕازاوەتر دەبوو .لەم جەژن‌و بیرەوەریەدا ، کام گوڵە ئاڵە، کامە زۆر کەشە ، بە ماچی تامەزرۆوە لە سەر پەرچەم‌و بەرۆکی تۆی دەستگیرانی دەدەم «هاوکاری» گیان ، نێرگزە جارێکیش پێشکەشی ئەوانە دەکەم کە بۆی دەرەنجێنن‌و ئاشق بە وشەکانین .

ئەحمەد سالار

چەپکە گوڵ

بۆ هاوکاری

هاوکاری .. ڕۆژنامەو ..دەنگ .. لەم ڕۆژانەدا بیرەوەری لە دایك بوونی‌خۆی دەکاتەوە لە نێوان باریکی گەشاوەی پاشەڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی.. بیرەوەری خۆی نوێ‌دەکاتەوەو گوڵێکی نوێ دەڕوێ .. لە کاروانی ڕۆژنامە نووسی‌ی کوردی هەنگاوی تر دەنێت .

لە جەژنی ـهاوکاری‌ـدا.مرۆڤ ئەوەی دەبخوازێ .. تاقە هیوای سەرکەوتنەتی.لە کاتێکا کە تەمەنی هاوکاری لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا،بڕیوە لە بەخشش‌و بوارێکی فراوان بووە لە گەباندنی‌ڕووداوەکانی ئەمڕۆ خزمەتی باری ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی‌ی کوردی .. بەتایبەتی لە ڕووی تزمارو هەڵبژاردنی بابەتە هەمە چەشنەکانی ئێتر سڵاو لە جەژنی هاوکاری‌و .. کارگێرانی ، لە پێناو سەرکەوتنی نوێ لە دروست بوونی ڕۆژنامەی کوردی پێشکەوتوو .

شتێکی ئاسایی‌یە کە لە براەدەرێکی کۆنم بدوێم بە بۆنەی جەژنی لە دایك بوونی (٦) ساڵەیەوە .

بەڕاستی ڕۆژنامەی هاوکاری براەدەرێکی شیرینمە چونکە گەڵێ یادگاری بیرۆزم لەگەڵدا هەیە ، لە زۆربەی بۆنە هونەریی و ڕۆشنبیریی یەکاندا بوونی خۆی سەلماندوە ، کەڵێ خەبەری خۆشی بێ‌گەیاندووین بۆیە بڕ بە دل پیرۆزبایی لە دەهستەی بەڕێوەبەری ئەکەم، هیوای تەمەن درێژی بۆ ڕۆژنامەکە ئەخوازم . خۆش یار بێ لە هەفتانەوە ئەبێتە ڕۆژانەی تا تینوێتی‌سان بشکێنێ لەم چەرخە خێرا یەدا بەسەرکردنەوەی ڕادەی ڕەواجی هاوکاری‌و بەسەرکردنەوەی لە لایەن خوێنەرانەوە ، ڕوو بە ڕوو لەگەڵ خاوەن دیارترین ڕوو کتێبخانەی هەولێر بەیەك گەیشتین ... .

هونەرمەند دارا حەمە سەعید



،سەرباری کەمی‌ی کادیری ڕۆژنامەگەری ، ئەوەی ئێمە بۆ «هاوکاری» خۆشەویست دەیخوازین ، تەنیا بەردەوام بوون‌و هەنگاونانەتی بەو شێوەیە کە لە کاروانی پێشکەوتنی دنیای ڕۆژنامەنووسی شتی تازەتر بدانە دەستەوە . ..

سڵاو لە هەموو نووسەرو ڕۆژنامەنووسێکی هاوکاری کە زۆر بە خۆشەویستی کاردەکەن بۆ ئەوەی جوانترین ژمارە بگاتە دەست خوێنەران ...

● کەمال محمد امین بەیامێزی ڕادیۆی بەغداو ڕۆژنامەی «عیراق» لە هەولێر :

بادی لە دایك بوونی ڕۆژنامە تاقانە کوردیبەکەی «هاوکاری» ، تام‌و بۆیەکی تایبەتی خۆی هەیە ، بە تایبەتی لای کارگێرو خوێنەرانی‌دا .. کە «هاوکاری» دەخەنە بەر باخەل .

«هاوکاری» درێغی نەکردووە لە بەجێ گەباندنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن‌و ڕۆژنامە نووسی‌ی

هاوکاری‌و خوێنەران

بۆ بەسەرکردنەوەی ڕادەی ڕەواجی هاوکاری‌و بەسەرکردنەوەی لە لایەن خوێنەرانەوە ، ڕوو بە ڕوو لەگەڵ خاوەن دیارترین ڕوو کتێبخانەی هەولێر بەیەك گەیشتین ... .

کاك جمعە احمد خاوەن کتێبخانەی هەژار وتی :

ڕاستی یەکەی ڕەواجی هاوکاری ڕۆژ بە ڕۆژ لە زۆر بوندایە ، ئەم ڕاستی‌یەش لەوەدا دەردەکەوێ کە خوێنەران بە تاسەوە داوای دەکەن ...

بە کشتی خوێنەران لە هاوکاری دەپرسن‌و گەلێك خۆزگە لای خاوەن کتێبخانە کان دەردەبڕن ... لەوانەش لە ڕووی زۆر بوونی لایەڕەکانی کە هەنگاوێکی نوێ یە..

● بەڵام کاك مصلح اسماعیل خاوەنی کتێبخانەی «سۆلاف» دەڵێ :

ئەگەر بێت‌و بە ڕاووردی دوێنێ‌و ئەمڕۆ بکەین ، بە تەواوی دەردەکەوێ کە ڕەواجی هاوکاری ئەمڕۆ چاکترە لە دوێنێ .. بۆیە هەست بەوەدەکەین کە خوێنەران بە یەڕۆشەوە پێشوازی لێ دەکەن ...

ئەوەی لە هاوکاری دەخوازین کە هاوکاری کە کاربە دەستانی زیاتر لە لایەڕەکاندا بایەخ بە ئەدەب‌و ڕاستی‌و وەرزش بدەن .. خاڵێکی کەشی هاوکاری ئەوەیە کە لەم ماوەیەدا لەکاتی خۆی دادەگات ... بە بۆنەی لە دایك بوونیشی چەپکە گوڵە شلێرەی خۆشەویستی .

ش ـ لقی هەولێر

١٦ هەوم

لە تەمەنی خۆشەویستی

لە سەرەتای هەموو ساڵێکی تەمەنمان ، ساڵی نوێ ، مۆژدەیەکی نوێ تر لەگەڵ خۆی‌دا هەڵدەگرێت کە یادی لە دایك بوونی «هاوکاری»ی هیواو «هاوکاری» نیشك‌و خۆشەویستی و قوتابخانەیە ..

لە مندالیەوە ، ئێمەی ڕۆژ هەڵاتی ، فێر ئەبووین یادی لە دایك بوونی خۆمان بکەینەوە ،بەڵام یادی «هاوکاری» هێندە گەرمە ، هێندە پڕ مانایە ، زیاتر لە حاڵەتێك ، زیاتر لە موچڕکەیەکی خۆشەویستی دەبەخشێ ..

● بەڕاستی .. ڕۆژێکی هەروا ئاسایی نیە .. چۆن ئاسایی بێ .. ئەگەر تاقانەبێ ... .گەر کچۆڵەیەکی هێندە ئێك سووك بێت ، هەموو کەس کۆزانی بە باڵای ڕەنگینی‌دا بڵێن .. چۆن ئاسایی بێ .. ئەگەر مۆژدەبێ .. ئەگەر نیشك‌بێ .

● ١٦ ساڵ ... ١٦ حاڵەتی نوێ ...

ئەو «١٦» ساڵە ئەگەر لای هەمووان مانایەك بەبخشێ.. لای ڕۆژنامە نووسانی ئەم کۆڵە هەرە گەشە زیاتر لە مانایەك دەبەخشێ ...

● ئەوانەی مۆمی تەمەنیان داگیرسان ... مۆژدەیان لێ‌بێ ... شەونخونی‌و ئازاربان بە خۆرایی ئەچوو.. مۆژدەیان لێ بێ .. هاوکاری گەورەبو ... هاوکاری بووە ڕووناکی .

هاوکاری ئەمڕۆ ، دەچێتە کێڵگەو کارگەو قوتابخانە .. لە بەردەم مێزی ئەمەونەو .. لە بەر باخەل .. لە جانتای کچە ئێسك سووکەکان دەبینرێت‌و دەژیت ..

● لە هەر شوێنێ کە باسی هاوکاری دێ... بە نوارشت‌و خۆشەویستی یادی دەکرێتەوە ... ١٦ ساڵ تەمەنی کەوان بە دوای هیلاکی بیشەی ڕۆژنامە نووسی‌ی کارێکی ئاسان نیە ...

● ئەو بۆ چەند ساڵێك دەچێت ، مێنش ، بەکێکم لە خێزانی ئەم ڕۆژنامە بڕ تافی‌کردنەوە ، کە زۆر شتی فێرکردم ، لە هەموویان گەورەتر ، لە زەنی ووشەی ڕووناك ... ساتەکانی کارکردن‌و شەونخونی ئەوانەی ڕۆژو شەو لە چاپخانە بەدبار قورنوشم‌و پیت چنین مانای هیلاکی تازانن لە پێنی ڕەش. ووشەی گەش دروست دەکەن ...

● ئێستاش ، ڕۆژانی ساڵانی حەفتا بیرناچێتەوە ، کە لەو بەرێژنەی باران‌و قرچەی گەرما ، چاوەڕوانی هاتنی ئەو دڵدارە ئازیزە بووین .. شەوانە لە ژوور سەرین دامان ئەناو دلمان بێ کەرم دەکردەوە ..

● ١٦ ساڵەی تەمەنی هاوکاری‌و .. مەودای ژوانی خۆشەویستی ڕۆژنامەو دنیای ڕۆژنامەو ژانی ڕۆژنامەو .. دەیان یادگاری تاڵو شیرین. هەموو ئەوانە ناسك بوون.. چونکە پەیوەندی وبزدان‌و پەیوەندی شتە هەرە جوانەکانە ..

● با لە یادی هاوکاری.. دەستی ئەوانە بگوشین کە «هاوکاری»یان دروست کردو گەیاندیانە ئەو ڕۆژە ڕووناکە.

دەیان ماچی خۆشەویستی بۆ ئەوانەی بەعەشق لەگەڵ هاوکاری دەژین ... بەعەشق بۆی دەنووسن ... ڕۆژی ڕووناکی هاوکاری بەشێتکی وبزدانی خۆیان دەزانن .

شێرزاد عبدالرحمن

